# مرۆڤ و پەیامداری

نووسینی:
قانع خورشید

2008 زاینی    1429 کۆچی

ناوی كتێب: مرۆڤ و پەیامداری

نووسینی: قانع خورشید

ژمارەی سپاردن: (684) ساڵی (2008)

شوێنی چاپ: چاپخانەی چوارچرا

نۆرەی چاپ: یەكەم

ساڵی چاپ: 2008

نەخشەسازی بەرگ: فازل قەرەداغی

نەخشەسازی ناوەوە: ئیدریس سیوەیلی

له بڵاوكراوەكانی: پرۆژەی (تیشك)، زنجیرە (36)

ناونیشانی پرۆژە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت : www.tishkbooks.com

ئیمەیلی پرۆژە: info@tishkbooks.com

tishkbooks@yahoo.com

مافی لەچاپدانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ پرۆژەی تیشك

(سبحان) ئەو خودایە کە عەقڵی پەیامبەران
دەرکی نیانە غەیری بەبەردەرکیا گەڕان
(سبحان) ئەو خودایە کە داناتری زەمان
دێوانەیە و لە مەعریفەتی کونهیا نەزان
(سبحان) ئەو خودایە کە کەڕوبیانی عەرش
وەك ناسی قوڕبەسەر بە نەناسینی موبتەلان
**مثقالّەزەڕە** چۆنە لەبەر دەستی قودرەتی
هەر وابزانە وایە کورەی مولّکی (کن فکان)
عیلمی بەحەببەیێ کە بە سەدقەرنی کە دەبێ
وەك علمی وایە بە قوبەی شەمسی **ضیافشان**
تەقریری چی بدەم، کە زوبانن بە کول زەبون!
تەحریری چی بکەم، خە**ط** ومە**ط** یەك قەڵەم **خەطان**
شەمێکی بادی صوبحدەمی **لوطفیە**: بەهار،
**ذەڕێکی** گەرد و بادی شەوی قەهریە خەزان،
دووری لەو، ئاگرێکە بە جەننەت دەکا جەحیم
ڕەوحیێ لە قوربییایە، بە دۆزەخ دەکا جینان
دووری ئەگەر بەڵایە، نزیکیشە ئیبتیلا
دوورن لە حەسرەتان و نزیکن لە حیرەتان
هەرکەس بە بارەگاهی جەلال ئاشناترە،
زیاتر قسەی لە وەحشەت و دەهشەت دەدا نیشان
گریەی بە کولێ، بە دلێ، لە خەرافاتی خۆخەجلێ
ناڵەی دڵی شەوان و هەناسەی سەحەرگەهان
هەر ئەو هەناسەیە کە بدا فێنکی بە دلێ
بەو تاقە ناڵەیە کە بگا گەرمییێ بە گیان

**(مەحوی)**

ئەم پەرتوکە لەدلا شیرینەم پێشکەشە بە:

* ئەو مرۆڤەی لە ناخی تۆی ئادەمیزاددا نوستووەو حەزی بە هەستانەوەیە...

* هاوڕێم (ماجید خەلیل) لەهەرکوێیە: خورماڵ.. سلێمانی.. تاران.. مۆسکۆ!

## بەناوی خودای میهرەبان

### پێشەکیی

سوپاس بۆ ئەو، کە بوونی ئەو مانا بە بوونی ئێمە ئەدا، بێ وجودی ئەو هەموو شتێك رەنگی خۆی ئەدۆڕێنێ و زەنگی نەمان لێئەدا و دەنگی نائومێدیی بەرز ئەکاتەوە.

درووود بۆ ئەو مرۆڤە کاملەی گەشتە کەمالێ مومکین بۆ دروستکراوەکان، سلاو بۆ ئەو کەسەی ساتێك لەمرۆڤبوون نەکەوت.. چرکەیەك مرۆڤەکەی ناوناخی نەخەوت.. هیچ کات چۆکی دانەدا، تا گەشتەوە لای دۆستی بالا، مەشخەڵی دەستی کز نەبوو، چرای روناکی دانەنا، بۆ چاوتروکاندنێکیش لە بێدارکردنەوەی ئادەمیزادەکانی دەوروبەری کۆڵی نەدا.. مرۆڤێك کە بە راستی پەیامدار بوو و فێری کردین پەیامی هەموو مرۆڤێك چییە؟

هیچێکم نییە کە بیڵێم، جگە لەوەی ئەم نووسینەی بەردەستت شەرحی حاڵێکەو هیچی تر.. حاڵی چرکەساتێکی عیرفانییەو منێك کە دڵۆپێك لە دەریای ناسینی حەقم بەرکەوتووە قۆستومەتەوە و لێرەدا بە ئەمانەتەوە دامناوە و بەس..

دەنا ئەم نووسینە پێشەکییەکی ناوێ، چونکی خۆی پێشەکی داستانێکی دوورو درێژو بێ کۆتایە: (داستانی ژیان)! (مرۆڤ و پەیامداری) بابەتێکی ئینسانییە، باس لە رووحی مرۆڤ ئەکاو شتێکی بالایەو باسێکی قووڵە، لەگەڵ ناخی هەریەکێك لە ئێوەدا قسە ئەکا، لەگەڵ خۆیشمدا ئەدوێ..

مرۆڤ چییەو مەبەستمان لە مرۆڤ کێیە؟ ئایا هەر ئادەمیزادێك کە لەسەر دوو پێ بڕواو دوو گوێچکەی هەبێ و قسە بکا و بدوێ: مرۆڤە ؟! یان مرۆڤ بوونەوەرێکی جیایە لە ئادەمیزاد؟

خوایە! بەخێری قبووڵ بفەرمووی.

**قانع خورشید**

**صمود**

14/5/1428ك۔ 31/5/2007ز

# 1

مرۆڤ و ئادەمیزاد دوو شتی جیاوازن، ئینسان و بەشەر جیان لەیەك! بەنی ئادەم، یان ئادەمی جیاوازن لەتەك ئینساندا، عەللامە راغبی ئەسفەهانی ئەڵێ: "لە قورئاندا وشەی بەشەر تایبەت كراوە بۆ مرۆڤ لە هەموو ئەو شوێنانەی لەش و دیوی رووەوەی ویستراتبێ، وەك: ﴿وَهُوَ الذي خَلَقَ مِن الماءِ بَشَراً﴾ ﴿الفرقان/ 54﴾. هەروەها: ﴿إنِّي خالِقٌ بَشَراً مِن طينٍ﴾ ﴿ص/ 71﴾."

**(مفردات ألفاظ القرآن، ماددة ـ بشر).**

بەڵام زاراوەی (إنسان) یان مرۆڤ (كە لە كوردیی خۆماندا بەكاردێ) بۆ ئەو كەسێتییە زیندووە بەكاردێ، كە لە ناخی ئێمەی ئادەمیزاددا هەیە، هەر تاكێ لە ئێمەی ئادەمیزاد (مرۆڤ)ێكمان لەناو ناخدایە، ئەگەر بەدەستی خۆمان نەمانكوشتبێ! لە قورئانیشدا وشەی **(الإنسان)** بۆ ئەم مانایە بەكار هاتووە، خۆزگە راغبی ئەسفەهانی ئیشارەی بۆ ئەمەش بكردایە، بەڵام نەیكردووە.

ئەكرێ بڵێین ئێمە لێرەدا لەبەرامبەر وشەی (فیترەت) یا لەجێی وشەی (ڕووح)، وشەی (مرۆڤ ـ إنسان) بەكار دێنین.. قسەمان لەگەڵ مرۆڤدایە، مرۆڤ وەكو ئەو كەسێتییە كە جێنشینی خوایە لەسەر گۆی زەوی و لە گەردووندا، ئایا ئەكرێ ئەو چەندین كەسەی كە بە دڕندەیی دەژین، خەریكی ئارەزووپەرستین، سەرقاڵی رشتنی خوێنی یەكترین بەناحەق، ئەكرێ بەمانە بڵێین مرۆڤ؟! خەلیفەی خوا ؟! ئێمە باسمان لەمانە نییە.. قسەمان لەگەڵ ئەو لایەنە زیندووەدایە كە پێئەچێ بە ئەسپایی و لە تەنیاییەكدا بێتەوە لای هەریەك لە ئێمەی ئادەمیزاد، پێئەچێ لە نیوەشەوێكی تاریكدا بێتەوە..

ئەگەر بە وردتر لەسەر وشەی مرۆڤ راوەستین، مرۆڤ وشەیەكی تایبەتترە لە ئادەمیزاد، واتە بەشێكە لە گشت، یانی هەموو مرۆڤێك ئادەمیزادە، بەڵام هەموو ئادەمیزادێك مرۆڤ نییە.. هەر لە كۆنەوە فەیلەسوفەكان پێناسەی مرۆڤیان بەجیاجیا كردووە، دیارترینیان پێناسەكەی (ئەرستۆ)یە: **"الإنسان حيوان ناطق"**: مرۆڤ ئاژەڵێكی گۆیایە (قسەكەرە)، گۆیا، تەنیا مانای قسەكردنی زمان ناداو بەس، چونكە ئەگەر وابێ، (تووتی)ش ئەچێتە ژێر ئەم پێناسەیەوە!

گۆیا واتە بیرمەند، ئەوەی بیر ئەكاتەوە، چونكە زمان و بیركردنەوە ئەگەر نەڵێین یەك شتن، ئەوە ئەتوانین بڵێین دوو شتی لەیەك نەبچڕاون، چونكە هیچ مرۆڤێك ناتوانێ بیربكاتەوەو قسە نەكا، لەبەرئەوەی بیركردنەوە خۆی قسەكردنی مرۆڤە لەناو ناخی خۆیداو لەتەك خۆیدا.. بەهەرحاڵ ئەمە باس و خواسێكی زۆری لەسەرە لەنێو فەیلەسوفەكانداو ئێرە جێی یەكلاكردنەوەی ئەو جەدەلە كۆنە نییە لەسەر زمان و بیركردنەوە و پەیوەندیی نێوانیان.

وتمان ئەم پێناسەیەی (ئەرستۆ) یەكێكە لە كۆنترین پێناسەكانی مرۆڤ و زۆرێك لە فەیلەسوفەكانی تریش دووپاتیان كردووەتەوە، بەڵام (دكتۆر عەلی شەریعەتی) دێت ئەم پێناسەیە تێكئەشكێنێ و جامی توڕەیی خۆی لەسەری ئەرستۆدا بەتاڵ ئەكاتەوە، ئەو ئەڵێ: "ئەرستۆ خۆی ئاژەڵ بووە، بۆیە وایزانیوە هەموو مرۆڤێك ئاژەڵە"! واتە: لەخۆیەوە روانیویەتییە مرۆڤەكانی تریش.

شەریعەتی ئەڵێ ئێمە وەك ئەو نین، بۆیە بە ئاژەڵبوون رازی نابین، ئەگەر رازیش بین ئەوە ئەڵێین: مرۆڤ ئاژەڵێكی دووپێیە!!

هەریەك لە ئێوە بۆتان هەیە بڵێن: خۆ پێناسەكەی ئەرستۆ زۆر گونجاوترو جوانتر بوو، ئیتر بۆچی خۆی لەو توورە كرد ؟! شەریعەتی جوانتر وابوو بیوتبایە مرۆڤ بوونەوەرێكی دووپێیە.. لەسەر دووپێیەكەش قسە ئەكەین كە مەبەستی ئەو قووڵترە لەو رووكەشەی ئێمە لێی حاڵیی ئەبین و لە سەرەتادا تێی ئەگەین.

كاتێك كە ئەم قسەیە ئەبیستین (مرۆڤ ئاژەڵێكی دووپێیە)، ئەوەمان دێتەوە بیر كە ورچیش ئاژەڵێكی دووپێیە، مەیموونیش، هەموو باڵندەكانیش گیانداری دووپێن! ئەی ئیتر ئەمە چۆن پێناسەیەكە بۆ مرۆڤ؟! شەریعەتی زیاتر قسەكەی

روون ئەكاتەوەو ئەڵێ: هەموو ئاژەڵێك چاوی لە خوارە و سەیری بەرپێی خۆی ئەكا، جگە لە مرۆڤ كە هەمیشە بەرز ئەڕوانێ، بەردەوام چاوی لە ئاسمانە.. مرۆڤ كائینێكی بێگانەیە لەم سەرزەوییە، ئێرە جێی مانەوەی ئەو نییە، ئێرە زێدی راستەقینەی ئەو نییە.. مرۆڤ لەناكاو هاتووەتە ئێرە، لە سەردەمی ئادەمەوە و ئێستاشی لەگەڵدا بێ مرۆڤ بە دوای ئەو شوێنەدا ئەگەڕێ كە لێوەی هاتووە، یان دەركراوە! ئەگەڕێ.. ئەگەڕێ تا بیدۆزێتەوەو بڕواتەوە، مرۆڤ میوانی ئەم گەردوونەیە، میوانێكە هەموو گەردوونی بۆ رازێنراوەتەوە بەرلەوەی بێت، تێكڕای بوونەوەر لە پێشوازیی هاتنی ئەودا خولقێنراوە، ئەگەر لە دەقی ئایینە ئاسمانییەكاندا بخوێنینەوە ئەزانین كە دوا درووستكراوی ئەم جیهانە مرۆڤ بووە، هەموو شتەكانی تر درووست بوون، خولقێنران، لە ئاسمان و ئەستێرەو هەسارەو زەوی و هەرچی تێدایە، میكرۆب و خشۆك و بزۆك و باڵندەو ئاژەڵ و داروبەرد و دۆڵ و دەشت و شاخ و هەرد و كەژ و كێو و فریشتەو دێوو هەرچی تۆ ئەیزانی و نایزانی، ئەیبینی و نایبینی... هەموویان درووستكراون پێش ئەوەی مرۆڤ درووست بكرێ، مرۆڤ دوا مەخلوقێكە هاتبێتە سەر زەوی، ماڵی بۆ جوان كراوە، جێگەی بۆ راخراوە، سفرەی بۆ رازێنراوەتەوە، دوایی پێی وتراوە: فەرموو.. بڕۆ سەر زەوی، فەرموو میوان بە... بە درووستكراوەكانی تریش وتراوە: ملكەچی ئەم نوێنەرەمان بن، كاروباری هەڵسوڕێنن.. (مانای هەموو ئەمانەی وتم لە كتێبی پیرۆزو لە قورئانی پیرۆزو فەرموودەی درووستی پێغەمبەریشدا هاتووە).

لەبەر ئەمەیە مرۆڤ (وەك شەریعەتی وتی) بەردەوام چاوی لە ئاسمانە، چونكە هەمیشە بە دوای مەملەكەتی خۆیدا ئەگەڕێ و چاو ئەسوڕێنێ، سابەڵكو بیدۆزێتەوە...

ئەوەی وتمان روونكردنەوەیەك بوو لەسەر (مرۆڤ ـ إنسان) لەم نووسینەی بەردەستتدا.

ئێستا بابزانین ((پەیام)) چییە؟ ((مرۆڤ و پەیامداری))...

پەیام: وەڵامی ئەو "بۆ" و "چی"یانەیە کە لەسەر ژیانی مرۆڤەکە هەیە.. من بۆچی هاتووم بۆ ئێرە؟ بۆ ئەژیم؟! ئیشم چییە؟ ئەرك و پیشەی من چییە لێرە؟ ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارانەت دەستکەوت ئەوە پەیامداری، کە وەڵامیشت بۆیان نەبوو بێ پەیامیت، کەسی بێ پەیامیش ئاژەڵە.. ئاژەڵێکی رووت (بەبێ پاشگری (گۆیا) لای ئەرستۆو (دووپێ) لای شەریعەتی و کەسانی تر!!) واتە: ئادەمیزادە، بەڵام مرۆڤ نییە، دکتۆر شەریعەتی ئێژێ "إنسان يك حيوان دو پاست"! مرۆڤ ئاژەڵێکی دوو پێیە: "روش به بالاست": رووی بۆ بڵندییە و بەرەو سەرەوەیە، "چشمهاش هميشه ب اسمان نگاه ميکند": چاوەکانی هەمیشە بۆ ئاسمان ئەڕوانن..

چ دیمەنێك لای مرۆڤێکی گوندنشین لە تابلۆی نەخشێنراوی ئاسمان جوانترە لە شەوێکی ساف و بێ کارەبای هاویندا؟ لەسەر گازەرای پشت راکشێ و دیقەتی ئەستێرەکانی ناو ئەو چادرە رەشە هەڵدراوە بدا، کە کز ئەبن و ئەدرەوشێنەوە، ئەڵێی چاوی کیژۆڵەیەکی تازەلاوی جوانکیلەیەو لە یارو عاشقە ئەزیزەکەی ئەڕوانێ و جارجار بەدەم خەیاڵەوە چاوی کزو مەست ئەکاو جارجاریش زەقی ئەکاو ئەیکاتەوەو بە روونتر لە خۆشەویستەکەی ئەڕوانێ!

مرۆڤ لەم وردبوونەوەیەی لە ئاسمان بۆ مەملەکەتی خۆی ئەگەڕێ و ئەو پەیامەش ئێمە لێی ئەدوێین دۆزینەوەی ڕێگایەکە بۆ گەڕانەوەمان بۆ وڵات و نیشتیمانی راستەقینەمان..

" نیوەشەوە.. هەور ئەسووتێ.. ئاسمان نوقمی بروسکەیە

باران ئەمرێ.. تا گوڵ بژی.. چراکەم بێ تروسکەیە "

(لە غوربەتا ـ **محمد عمر عثمان**)

گەورە بیریاری کورد (مەسعود محەمەد) ئەڵێ: "... تا ئێستاش بەشی هەرە هەرە زۆری ملیارەهای مرۆ لە توخمی دواکەوتووی و بێ سەروبەرە، نە دەپەرژێت و نە دەفکرێت و نە هیچ عەیارەیەکی چاکە و خراپە و ڕێ بەدێ و گەیشتنە ئامانجێکی لە خەیاڵدایە...

...ملیارەها خەڵکی شارو دەشت و دەر، بیگرە لە پۆپی شارستانییەوە تا مۆڵگەی گا و حوشتری زەلکاوان، هەر شوێنە بە پێی دەستوورو نەریتی بەر کەهرەبا و کۆنلیشن وەیا شەپڵیتەی نەوتی رەش وەیا تاریکایی بێ شەپڵیتەیی، خەریکی گرد و کۆیی و گوزەران و بەسەربردنە (بەشێکیشی هەر پێوە مردنە)...". (ژیان و جیهانبینی) ل134.

(شەریعەتی) ئەڵێت: "**أكثريت** مردم زندگی میکنند، بدون **آن** که حاجتی داشتەباشند که بدونن چرا؟": زۆرینەی خەڵکی ئەژین بەبێ ئەوەی پێویستیان بەوەبێ بزانن بۆچی؟ نازانن و ناشیانەوێ و پێویستیشیان بەوە نییە بزانن بۆچی ئەژین؟ بۆچی هاتوونەتە سەر ئەم زەوییە.. کەوابوو زۆرینەی خەڵکی بێ پەیامن، زۆرینە ئادەمیزادن نەك مرۆڤ.. قورئان زۆر جەخت لەسەر ئەم راستییە ئەکاتەوە، کە ئەگەر شوێن پێی زۆرینەی ئادەمیزادەکان بکەوی گومڕاو سەرلێشێواو ئەبی، سەرت لە بەدبەختییەوە دەرئەچێ و بەرەو هەڵدێر ئەڕوێ: ﴿**وإن تُطعِ أكثَر مَنْ في الأرضِ يُضِلُّوك عَن سَبيلِ الله إنْ يتَّبعونَ إلا الظَّنّ وإنْ هُم إِلّا يَخرُصون**﴾ الأنعام:116.

واتە: ئەگەر گوێڕایەڵی زۆرینەی ئەوانەی سەرزەوی بکەی، لە ڕێگەی خوا گومڕاو وێڵت ئەکەن، چونکە ئەوانە بەس شوێنی گومان ئەکەون و تەنیا درۆ ئەدەنە پاڵ خوا.

خوای گەورە لە شوێنێکی تردا باس لەوە ئەکا کە زۆرینەی خەڵکی بیرکردنەوەیان نییەو عەقڵ و ئاوەزیان وەکار ناخەن، ئەوەتا ئەفەرموێ: ﴿**بَل أكثَرُهم لايَعقلون**﴾ العنكبوت: 63. واتە: بەڵام زۆربەیان عەقڵ و ژیرییان بەکارناهێنن و

بیرناکەنەوە! لە جێیەکی تردا ئەفەرمویٚ ئەوانەی (لایعقلون) وا عـەقڵیان بەکارناهێنن خراپترین جانەوەرن و وەکو مرۆڤیش حیساب ناکرێن، بەڵکو لە درەخت و گیاندارانی تریش پەست و نزمترن: ﴿إِنَّ شرَّ الدَّوَآبِّ عِنْدَ اللهِ الصمُّ البُكم الَّذينَ لايعقلون﴾ **الأنفال**:22. لە تەفسیری ئاساندا ئاوا ئەم ئایەتە وەرگێڕراوە: "بە ڕاستی خراپترین زیندەوەران لای خوا ئەو کەسانەن کە کەڕن (حەق نابیستن) و لاڵن (حەقبێژ نین)، ئەوانەی کە ژیر نابن (بیروهۆشیان ناخەنەکارو تێنافکرن و بیرومێشکیان قفڵ داوە)".

بە ڕاقەکردنی ئایەتی یەکەم (ئەوەی العنكبوت) بەم ئایەتە (ئەمەی **الأنفال**) دەرئەکەویٚ زۆرینەی خەڵکی، نەك هەر بە مرۆڤ حیساب ناکرێن، بەڵکو بە خراپترین جانەوەریش دەژمێردرێن!!

لە جێیەکی تردا (بە شێوەیەك گومان ناهێڵێت) ئەوە دوویات ئەکاتەوە کە زۆربەی خەڵکی غافڵ و بیٚ ئاگان و بەڵگە گەورەکانی ناو بوونەوەر نابینن: ﴿...**وإنَّ كثيراً منَ الناس عن آياتنا لغافلون**﴾ **يونس**:92.

کەس لێرەدا بۆی نییە ڕەخنەی ئەوە بگرێت کە بۆچی خوای گەورە وای وتووە؟ بۆچی قورئان ڕای زۆرینە بە بێعەقڵی ناوزەد ئەکاو بە پووچ ئەیانژمێریٚ؟! ئایا ئەمە ستەم نییە؟

ئەوەی قورئان ئێژێتی حەقیقەتێکی هەست پێکراوەو هەر مرۆڤێکی عاقڵ دەرك بەو ڕاستییە ئەکات، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە، خوای گەورە نەیفەرمووە: من زۆرینەتان بیٚ عـەقڵ ئەکەم و ناهێڵم بیر بکەنەوە، بەڵکو هەواڵی داوە کە زۆرینەی خەڵکی ئاوەهان. بۆ نموونە تۆ پرسیارێکت لێئەکەن دەربارەی مرۆڤێکی کورتەباڵا کە فلاّنە کەس چۆنە بۆ ئەوەی بیکەینە یاریزانی تۆپی سەبەتە (**كرة السلّة**)، ئەگەر تۆ بڵێی باڵای کورتە، بۆ یاری ناشیٚ، ئەوا هیچ ستەمێکت لەو کەسە نەکردووە، ناکریٚ کەسێك بڵیٚ: ئاخر فلاّنە کەس حەزی بەومیە ناو دەرکاو ناوبانگ پەیداکا، تۆ بۆچی ئەڵێی باڵای کورتە؟!! ئەم پرسیارە زۆر نابەجێیە، خوای گەورە ڕووگێری کەس نابیٚ و شەرمیش لە وتنی ڕاست ناکا.. ئێمەی ئادەمی زۆرینەی جووڵەو کارو قسەو هەڵپەڕین و چەپڵەکانمان هەر لە بیرنەکردنەوەوە سەرچاوە ئەگریٚ، ئایا ئەم شوێنی زۆرینەکەوتنە (بەبیٚ بیرکردنەوە) بیٚ پەیامی نییە؟! ئایا ئێمە هاتووین بۆ ئەوەی زۆرینە هەرچییان کرد (بەبیٚ ئەوەی ئامانج و پەیامێکیان هەبیٚ) ئێمە چاویان لیٚ بکەین و وابکەین کە ئەوان کردیان و دەیکەن؟ یان ناکریٚ ئێمە پەیامدار بین و بۆ کارو جووڵەکانمان ئامانجێکمان هەبێت و بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی بەرزو باڵا و بەجێگەیاندنی پەیامێکی پیرۆز شەوو ڕۆژمان بگوزەرێنین و هەنگاوەکانمان هەڵبگرین؟

(مەسعود محەمەد) لە (مرۆڤ و دەوروبەر)دا ئاوا ئەڵیٚ: "تۆ بێنە کۆبوونەوە بە چەند زاناو فەیلەسوفێك بکە لەسەر بیروڕاکانی (ابن سينا) بدوێن، دەهۆڵ و زوڕنایەکیش لەو ناوەدا بەدەنگ بهێنە وەیا شەڕاخێوییەك ساز بدە بڕوانە ئاپۆڕەی خەڵق بۆ کام لا دەچێت؟!" (مرۆڤ و دەوروبەر ـ بەرگی دووەم) ل58ـ57

هەر ئەو ئەڵیٚ: "لایەنی نامادديی مرۆڤ (مەبەست لە هۆش و نەفس و خاسیەتە جوداکەرەوەکانی مرۆڤە) وەك کەوی ناو قەفەسی لەش نییە. نامادديیەتی مرۆڤ ئەگەر یەکسەرو ڕاستەوخۆ لە ماددەوە هەڵقولیبێت بیٚ هیچ دەخلێکی هێزی غەیبی دیسانەوە لە هەردوو ڕووی سەلبی و ئیجابییەکەوە وەها بەرزو نزم و زیادو تاریك و ڕووناك دەبیٚ کە بەر هیچ ڕاستەحیسابێکی قەرارادادەی دەوروبەری ماددی ناکەوێت: مرۆڤ لێی دەوەشێتەوە لە پەروازی بەرەو ئیجابییەتدا ئەوەندە بەرز ببێتەوە یەکجار ژووروویی پلەی ماددی سەردەمی خۆی بکەوێتەوە، لەوانەیشە بە تاریکایی لایەنی سەلبییەتدا بچێتە خواریٚ لە تاریکستانی هەزاران ساڵە تێپەڕێنێت. ئەمانە ڕاستیی ئەوتۆن لەخۆوە جلوە دەبەستن، بە دەوراندەوری نزیك و دووری خۆشتدا بنۆڕیت نموونەی بیٚ ژماری ڕاستییەکەت بۆ دەردەکەویٚ، بەڵام لە پەنا ئەم ڕاستییەدا یەك ڕاستیی دیکە هەیە هەتا بڵێی تاڵە: لە هەمووسەردەمێکدا ژمارەی نموونە تاریکەکان چەندین دەیان جار هێندەی نموونە ڕووناکەکانن، جا ئەگەر لە جێگەیەکی وەك

کوردستانی خۆماندا دە نموونەی جوان و پێشکەوتووی هۆشی (ڕووناکتر)ت دۆزیەوە، سەدان نموونەی گومڕای هۆشی (تاریکتر) دەبینیت، واش دەبێ خەڵقی هەرێمێك سەرلەبەریان هەڵپەڕكێ لە تەپڵی بنی جەهەندەمی گومڕاییدا دەکەن. لە کۆمەڵایەتیدا شەقامەڕێیەکی ناوەندیی هەیە ژیان و بەرژەوەندیی پێدا تێ دەپەڕێ، بەڵام بەولای سنوورە گەشەکەی ئەو شەقامەوە تاك و تەراکی نموونەی گەشتر هەیە {نموونە لە کوردان: ئەحمەدی خانی، ئیبنوئادەم، حاجی قادر} پرشنگ بۆ مەودای دوورتر دەهاوێژن لەوەی ڕووناکایی عادەتی سەردەمەکە تێی بڕ دەکا، ئەمانەش نێوی (بلیمەت)یان لێ دەندرێ و دەگوترێ پێش ڕۆژگاری خۆیان کەوتوونەتەوە، بەمەندە ناولێنانەش حیسابیان دەپێچرێتەوە، بەولای سنوورە تاریکەکەی شەقامەکەوە ژمارەیەکی زۆری تاك و کۆمەڵی خەڵق لە شەوەزەنگی وەها ڕۆچوون بەر لە خۆیان هەر خەلق نەبووبوو. تاك تاکی مێشکی کراوە هەن چاویان دوورتر دەبینێ لە بینینی عادەتی سەردەمی خۆیان، کۆمەڵەهای مێشکی تاریکیش هەن بە نابینایی ئەوتۆوە کوێر بۆتن هەرگیز دەوروبەری ماددی لە خۆوە ناتوانێ بیتەنێتەوە، دەبێ لە هۆش و نەفسی تاریکەوە زەنەی کردبێ، چونکە دەوروبەر بە عادەت شەقامە ناوەندییەکە دەڕەخسێنێ کەوا چ پێوەندی بەو شەوەزەنگە ئەنگوستەچاوەوە نییە.

ژمارەی ئەو خەڵقەی بە ڕێبازە ناوەندییەکەدا دەڕۆن هەمیشە زۆرتر بووە، گەلێکیش زۆرتر بووە، لە سەرجەمی زێدە پێشکەوتووەکان و زێدە پاشکەوتووەکان، ئەم ڕاستییەش وای کردووە بە درێژایی ڕۆژگار جۆرە پارسەنگبوونێك هەبووبێ لە گوزەران و بەسەربردن و هەڵکردن و لە تێکڕای ژیانی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام زۆر بەداخەوە سەرلەبەری ئەو خەڵقە زۆرەی بە ڕێبازەکەدا تێپەڕ بوون کە هەر خۆشیان نوێنەرو خاوەنی بەرژەوەندیی گشتی بوون، لەبەر خەریکبوونیان بە گوزەرانی عادەتی نەگۆڕاو کە هیچ ئامانجێکی لە عادەت بەدەر خەلق ناکات بیریان لەوە نەکردۆتەوە، دەرفەتیشیان نەبووە، لە دەستیشیان نەهاتووە، خۆیان وەها ڕێك بخەن بتوانن ڕێ لە پیاوخراپ و هەناوکرمێ و ستەمکارو گومڕایان ببڕنەوە". (مرۆڤ و دەوروبەر - بەرگی دووەم)، ل70-71

(ڕەسووڵ حەمزەتۆڤ)ی گەورە شاعیرو ئەدیبی داغستانی ئەڵێ: "ئاثارەکان دەگێڕنەوە، دەڵێن: نەوە دوای نەوە، ڕاستی و درۆ، شان بە شانی یەکتر هاتوون. نەوە دوای نەوە مشت و مڕیانە کامەیان بەهێزترو پێویسترو بەسوودترە. درۆ دەڵێ: "من!". ڕاستییش دەڵێ: "من!". مشت و مڕو گێنگەشەیان قەت دوایی نایە.

ڕۆژێ بڕیاریان دا بکەونە ناو دونیاو ئەم پرسیارە لە خەڵك بکەن. درۆ یەکسەر بەناو کۆڵانی تەنگ و تاریکدا ڕای کردو لە هەموو کەلێن و قوژبنێك نزبووەوەو هەموو کونێکی بۆن کردو لە هەموو گۆشەو کەچاییەکدا خولی دایەوە. ڕاستی بە سەربڵندی و شانازییەوە بە ڕێگای ڕاست و بەریندا ڕۆیشت. درۆ قاقا پێدەکەنی، ڕاستی سەرکزو بێ تووك بوو.

ڕێیان کەوتە گەلێ شارو دێ. زۆر ڕێ و بانیان کوتایەوە. لەگەڵ پاشاو شاعیرو خان و حاکم و بازرگان و فاڵچی و خەڵکی ڕەش و ڕووت دوان.

درۆ لە هەرکوێ دەرکەوتایە خەڵکی هەستیان بە ئۆخەیی و دڵنیایی دەکرد. بە رووگرژی سەیری یەکیان دەکرد، کە درۆیان دەکرد پێکەنینیان دەهات، دەیانزانی درۆ دەکەن و درۆیان لەگەڵ دەکرێ، لەگەڵ ئەمەشدا هەستیان بە شادی و بەختیاری دەکرد. شەرمیان پێ نەبوو ئەگەر یەکتر لەخشتە ببەن و قسەی ناڕاست بکەن.

کە ڕاستییش دەربکەوتایە خەڵکی ڕوویان ڕەش و شین هەڵدەگەڕا. چاویان نەدەبڕییە یەکتر. سەریان شۆڕ دەکرد. بە ناوی ڕاستییەوە خەڵکی خەنجەریان هەڵدەکێشا. چەوساوە لە چەوسێنەر، کڕیار لە بازرگان، ڕەش ورووتی خەڵك لە خانەکان، خانەکان لە پاشاکان ڕاست دەبوونەوە، مێرد ژنەکەی و دۆستی ژنەکەی پێکەوە دەکوشت. خوێن دەڕژا.

بۆیە زۆربەی خەڵك بە درۆیان وت: "مەڕۆ، بەجێمان مەهێڵە. تۆ باشترین برادەرمانی. ژیان لەگەڵ تۆ سووك و ئاسانترە. تۆش ئەی راستی، لە کێشە و گێچەڵ و قەرقەش بەولاوە هیچمان بۆ ناهێنی. دەبێ شت لێك بدەینەوە و هەست بکەین، ئازار بخۆین و هەوڵ بدەین. ئەدی سەبارەت بە تۆ گەلێك سەربازی گەنج و شاعیرو شۆڕەسوار نەفەوتان؟".

ئەو حەلە درۆ بە راستیی وت: "باشە، ئێستا دەبێ دان پێدابنێی کە من لە تۆ پێویستترو بەسوودترم. چوینە هەر شوێنێ خەڵك بە پیر منەوە هاتن نەك تۆ".

"بەڵێ، زۆر ئاوەدانیی ئەم سەرزەمینە گەڕاین. ئێستا وەرە با بچینە سەر ترۆپکە بەرزەکان. با رای کانیی روون و سازگاری شاخان وەربگرین......

...هەر شتێکی نەمر بێ و لە شپرزەبوونی زەوی نەترسێ لەوێدا دەژێ".

درۆ گوتی:"نا، ناچمە ئەوێ".

"بۆ؟ لە شوێنی بڵند دەترسی؟ تەنیا قەل هێلانە لە نەورابی دەکات، هەڵۆ لەبەرزترین چیاش هەورازتر دەفڕێ. قاتی لەو بڕوایەدا نیی کە قەل بیت باشترە تا هەڵۆ؟ وەی، وەی، دەزانم تۆ دەترسێی. هەمیشە ترسنۆك بوویت. تۆ کە لەسەر مێزی رازاوەی پڕ شەرابی زەماوەند دادەنیشی سەرت گەرمە، بەڵام ناوێری بچیتە دەرەوە چونکە لەوێ لە باتیی زرەنگەی بادەی شەراب رنگەو چرتەی خەنجەر بەرز دەبێتەوە".

"نەخێر، لە ترۆپکەکان ناترسم، بەڵام هیچ ئیشم بەوێ نییە، چونکە کەسی لێ نییە. مەیدانی من لێرەیە، لەم خوارەوەیە کە خەڵکی تێدا دەژی. لێرە، من هەر خۆم حاکمی بێ غەنیمم و هەموو لایەك گوێڕایەڵی منن. تەنیا هەندێ مەردی ئازا هەن دەوێرن دژی من بووەستن و رێگای تۆ بگرنە بەر کە رێگای راستییە، بەڵام ئەوانیش گەلێ زۆر نین".

"ڕاستە گەلێ زۆر نین، بەڵام ئەوان پاڵەوانن، شاعیرەکان خۆشترین گۆرانی بەواندا هەڵدەڵێن"

(داغستانی من ـ کتێبی یەکەم) ل 308ـ309.

ئالێرەدایە پێویست ئەکات ئێمە باس لەم دوو چەمکە گرنگە بکەین "مرۆڤ" و "پەیامداری"...

ئەگێڕنەوە رۆژێکیان (سوقرات)ی فەیلەسوف مۆمیك دائەگیرسێنیت و بە دەوروبەری خۆیدا ئەگەڕێ و چاو ئەسوڕێنێ و ژێر مێزو شتەکانی دەوروبەری تەماشا ئەکا، قوتابییەکانی لێی ئەپرسن: لە چی ئەگەڕێی؟ ئەڵێ: لە مرۆڤێك ئەگەڕێم و نایبینمەوە!! بە رۆژی رووناك و بە مۆمێك بە دوای مرۆڤێکدا ئەگەڕێ و دەستی ناکەوێ!

(خالید محەمەد خالید) لە کتێبی (إنّه الانسان)دا باس لە فەیلەسوفێکی تر ئەکا، کە کردوویەتی بەسەر تەپەیەکداو بانگ و هاوار ئەکات: هۆ مرۆڤەکان! وەرن... هەموو خەڵکی لە دەوری کۆ ئەبنەوەو ئەڵێن: ئیشی چیت بوو؟ئەویش سەرێك سووڕ ئەدات و ئەڵێ کێ بانگی ئێوەی کردووە؟ من ئێوەم بانگ نەکرد، بانگی مرۆڤم کرد! بانگی کۆمەڵە مرۆڤێکم کرد، کەس لەناو ئێوەدا نابینم مرۆڤ بێت!!

(ئەبوعەلای مەعەڕڕی) گەورەشاعیرو فەیلەسوفی عەرەب، بەناو جادەکانی بازاڕی کوفەدا ئەڕواو پاقلە ئەخوا، شتێکی جوان نییە بۆ پیاوێکی وەك ئەو بەدەم رێکردنەوە شت بخوات، بەتایبەت لەو زەمانەدا، کە پێیان وت: عەیبە بە بەرچاوی ئەو هەموو مرۆڤەوە خەریکی پاقلە خواردنی، وەڵامی دانەوە: کوا؟ من مرۆڤ نابینم، ئەوە کۆمەڵە ئاژەڵێکن بە دەوری مندا!!

ئایا قسەی ئەم فەیلەسوفانە راستە کە مرۆڤ نەماوە؟

ئەی ئێمە نەمانوت هەموو ئادەمیزادەکان مرۆڤێکیان تێدایە، ئەگەر بەدەستی خۆیان نەیان کوشتبێ؟

(خالید محەمەد خالید) ئەڵێ: **"وكلّ ما في الناس من ضعف، لايصرفني عن رؤية الإنسان الكامن داخل نواتهم، وصفوفهم"** واتە: هەموو ئەو کەموکورتی و لاوازییانەی لە مرۆڤ و خەڵکیدا هەیە، وام لێناکەن ئەو مرۆڤە پەنهان و خۆحەشارداوەی ناو ناخ و ریزەکانیان نەبینم. پاشان ئەڵێ: "ڕاستە منیش (هەندێ جار) لێیان نائومێد ئەبم بە هۆی ئەو کارانەی ئەیکەن و ئەیکەم، دیمەنی ئەو فەیلەسوفە (دیبوژن) دێتە پێش چاوم کە ئەچێتە سەر تەپۆڵکەیەکی بەرزو هاوار ئەکا: "هۆ خەڵکی"... کاتێك خەڵکەکە بەپەلە هاتنە لای، بەداخ و پەژارەیەکەوە سەری سوڕاندو وتی: "من بانگی ئێوەم نەکرد.. بەڵکو بانگی خەڵکی و مرۆڤەکان ئەکەم...!!"، بەڵام ئەوەندە ناخایەنێت کە مرۆڤ دەرئەکەوێت، بە چوارمشقی لەسەر عەرشی باڵای خۆی دائەنیشێ بەسەر هەموو ئەم پشێوی و بێ سەروبەریەوە.. مەشخەڵی روناکیبەخشی خۆی گرتووە بەدەستەوە لەنێو ئەم تاریکییە ئەنگوستە چاوەدا، بۆیە هەر زوو ئەو حەسرەتە درۆیانە دەڕوا، خەمۆکی و نائومێدی لەبەرامبەر گەورەیی مرۆڤدا پارچە پارچە ئەبێ و ئەفڕێ" -إنّه الإنسان ل1!

جیاوازیی پێغەمبەران و شوێنکەوتەکانیان لەتەك فەیلەسوف و قوتابییەکانیان ئالێرەدایە، پێغەمبەران پەیامێکیان پێیە بۆ زیندووکردنەوەی مرۆڤەکان و بەئاگاهێنانیان... **"بشیراً ونذیراً"**، **نذیر** واتە: ئاگادارکەرەوە، بەئاگاهێنەر، لە (**إنذار**)ەوە هاتووە، (**إنذار**)یش واتە بەئاگاهێنانەوە... ئەوان مرۆڤە خەوتووەکەی ناو ناخی ئادەمیزادەکان لەخەو هەڵئەسێنن و رابوونێکی سەرتاسەری بەرپا ئەکەن، بەڵام فەیلەسوفەکان وڕێنەگەلێك ئەفرۆشنە دەوروبەرو کۆمەڵگە، کە یان کەس لێیان حاڵی نابێ، یان بارودۆخ و رەوشتیان بەرەو خراپتر ئەبەن، بە داوای لێبوردن لەو ئادەمیزادە گەدەپڕانەی لەم کوردستانەدا لافی فەیلەسوفبوون لێئەدەن یان خۆیان بە شوێنکەوتەی قوتابخانەیەکی فەلسەفی حیساب ئەکەن، لێرەدا ئەڵێم ئێوەش جگە لە وڕێنەو بۆڵەبۆڵ و چەلەحانێی بێ مانا، هیچی ترتان پێشکەش بە هەوادارانتان نەکردووە... هەرکەس کتێبێکی فەلسەفی بخوێنێتەوە، یان گوێبیستی قسەی فەیلەسوفێك بێت لە نیگەرانی و دڵتەنگی و بێتاقەتی زیاتر هەست بەهیچی تر ناکا!! ئەگەر هەرکاتیش قسەی باشیان لەدەم دەرچوو، ئەوە زادەی بیری خۆیان نییەو لەوە جوانتر لە پەیامی پێغەمبەراندا دەبینی، (غەزالی) وتەنی: "فەیلەسوفەکان هەرچی بڵێن، ئەگەر باشبێت ئەوە لە پەیامە ئاسمانییەکانەوە بۆیان ماوەتەوەو پاشماوەی سفرەی ئاسمانی پێغەمبەرانە، ئەگەر هی خۆیشیان بێت ئەوە باشەی تێدا بەدی ناکرێت!".

پێغەمبەران وەکو ئەو فەیلەسوفە کەم هیممەتانە لە ئادەمیزادەکان دانابڕێن و بە ئاژەڵیان حیساب ناکەن، بەڵکو پێیان ئەڵێن ئێوە ئەگەرچی زۆرینەتان ئەگەر ئاوا بمێننەوە کەمفام و بێ عەقڵن، بەڵام ئەتوانن گەورەبن و بیربکەنەوەو مرۆڤبوونی خۆتان بسەلمێنن.

**محمد** ﷺ کە دێت، وەکو مامەی فەیلەسوف سەرشێتانە بە رۆژی نیوەڕۆ چرا هەڵناگرێ و بە شوێن مرۆڤێکدا ناگەڕێ، بەڵکو لە ناخی یەك بەیەکی تاکەکانی دەوروبەریدا مرۆڤ ئەبینێ و دەزانێ مرۆڤی ناو ناخی زۆرینەیان هێشتا نەمردووەو ئومێدی هەستانەوەی لێدەکرێ.. هەربۆیە کە ئادەمیزادەکان بە **"یا أیُّها الناس"**ەکەی کۆدەبنەوە لە چواردەوری و دەڵێن چییە؟ نافەرموێ: بانگی ئێوەی ئاژەڵم نەکرد، من بانگی مرۆڤم کردو ئێوەش مرۆڤتان تێدا نییە! بەڵکو ئەکەوێتە قسە لەگەڵیان.. بێ یەك و دوو مرۆڤەکەی ناوناخی ئەو ئادەمیزادەی پێیان ئەوت "أبوبکر" قیت ئەبێتەوەو بەڵێ بۆ پەیامەکەی ئەکاو لە ماوەی چەند رۆژێکی کەمدا ئەمیش شانبەشانی (**محمد**)ی پەیامدار دەست ئەکا بە گەیاندنی پەیامی زیندووکردنەوەی مرۆڤە بەلاداهاتووەکان و لە ماوەیەکی کەمدا مرۆڤگەلێك راست ئەکاتەوەو شوعلەبەدەستیان ئەکا... بیلال لە کۆیلایەتییەوە دەردێنێ و فوویەکی مەسیحایی بەبەردا ئەکاو ئەیکا بە گەورەو سەیید.

**محمد** ﷺ نەیفەرموو من کۆمەڵە ئاژەڵێکم لە دەورە کە شایەنی شەرم لێکردن نین (وەکو ئەبوعەلا وتی) بەڵکو تێیگەیاندین کە مرۆڤی وەکو (**عثمان**) لە چواردەوری منن کە فریشتە شەرمی لێ دەکەن! زمانحاڵی ئەو پێی وتین: من مرۆڤانێکی زۆرم دۆزیەوە، (عمر)م لە شەڕانییەکی تووڕەوە کرد بە مرۆڤێك کە مێژوو بە هەموو ئادەمیزادو مرۆڤەکان بڵێ زەحمەتە یەکێکی تر وەك (عمر) لە مندا هەڵکەوێ و بە رۆژگارەکانی مندا گوزەر بکا!!

دونیایەك مرۆڤی خەمخۆرو پەیامداری لە دەوری خۆی کۆکردەوە، رەبعی کوڕی عامر کاتێك ئەڕواتە لای رۆستەمی سەرکردەی سوپای فارسەکان، رۆستەم لێی دەپرسێ: "ئێوە کێن و ئیشتان چییە ؟؟"، بە شێوەیەك وەڵامی ئەداتەوە، کە باش حاڵی بێت، ئەمانە ئادەمیزادەکانی جاران نین، ئەمانە عەرەبە بێئاگاکانی پێشوو نین، بەڵکو ئەمانە کۆمەڵە مرۆڤێکی پەیامدارن و پەیامەکەشیان روونە.. ئەڵێ: "ئێمە گەلێکین خوا زیندووی کردوینەتەوە، بەئاگای هێناوین، تاوەکو خەڵکی، ئەوانەی وەك ئێمە مرۆڤن و مرۆڤ بوونیان لێ زەوتکراوە، لە پەرستش و ملکەچی بۆ بەندەکانی تر دەربێنین و بیانبەین بۆ

پەرستش و گوێڕایەڵی (أللّه) خوای تاقانەی جیهان و لە تەنگی دونیای بینراو دەریان بێنین بۆ پان و بەرینی و فراوانی دونیاو ئاخیرەت و لەژێر چنگی پرستەمی ئایینە دەستکردەکان دەریانبهێنین بۆ ژێر سێبەری دادی ئیسلام".

نوح پێغەمبەر (علیە السلام) دوای (950) ساڵ بانگکردنی ئادەمیزادەکانی دەوروبەری و بەئاگاهاتنی ژمارەیەکی کەم لێیان (کە بەپەنجەی دەست ئەژمێردران) دوای ئەم کاتە زۆرەو پاش تێپەڕبوونی نۆ سەدەو نیو ئینجا جورئەتی کرد لە حزوری پەروەردگاردا دوعای شەڕیان لێبکاو نائومێدی خۆی لە باشبوونی ئەو ئادەمیزادانە دەربڕێ، کەچی جەنابی فەیلەسوف نازانم (40ـ50) ساڵ تەمەنی بووە یان نا، مۆری ئاژەڵێتی ئەدا بەنێوچاوی هەموو خەڵکی دەوروبەریدا! بینیتان چەند جیاوازن؟!

ئێستا هەموو ئادەمیزادو مرۆڤەکانی سەرزەوی تێکڕا یەك پرسیار ئەکەن و وەڵامێکی وەهاشیان دەست ناکەوێ کە دەروونیان ئارام بکاتەوە: ئەمڕۆ مرۆڤایەتی بەدەستی چییەوە ئەناڵێنێ و ئەم دڵتەنگی و هەستکردن بە نامۆیی و بێزاری و نائومێدییە بۆ؟! بۆچی ئادەمیزادەکانی سەرگۆی زەوی سەرەڕای ئەم هەموو پێشکەوتنە ماددییەو ئەم هەموو ناز و نیعمەت و کارئاسانییەی دەبینرێ نازانن بژین، نازانن بخۆن و نازانن سوودی لێ ببینن؟ بۆچی نازانن دانیشن، بۆ ئۆقرەیان لێبڕاوەو ئارام ناگرن و ئاسوودەییەك نەماوە دڵی پێ خۆش بکەن؟! ئێمە تا ئێستا مرۆڤمان نەناسیوە، ئەگەر بچینە سەر چەند قسەیەکی پرۆفیسۆرێکی ئەمریکی شارەزا، کە دەگمەن خوێنەوارێك هەیە ناوی نەبیستبێ، (دکتۆر ئەلکسیس کاریل) خاوەنی کتێبی (**الإنسان ذلك المجهول**) مرۆڤ ئەو ونبووە، یان ئەو شتە نەناسراوو نادیارە، ئەزانین ئێمە تاچەند قەدری مرۆڤمان زانیوە، لەوێشەوە هۆکاری ئەو تەنگژەی مرۆڤایەتی تێکەوتووە ئەزانین، ئێمەی بێ پەیام هەموو تەمەنمان لە بازنەیەکی بۆش و لە جەغزێکی بەتاڵدا بەسەر ئەبەین، چونکە نازانین بۆ هاتووین؟ ئیشمان چییە؟ بە قسەی دەروونناسە بلیمەتەکان گەورەترین هۆکاری نائارامیمان نەناسینی خۆمانە! تاکو ئێستا فەیلەسوفێك، زانایەك، پیتۆڵێك، کە خەریکی قسەن و دەم لە باسی خودا و کەون و کائینات ئەکوتن هێشتا پەییان بە خۆیان نەبردووەو خۆیان نەناسیوە!

(ئەلکسیس کاریل) ئەڵێ: "بێ گومان ئێمە لە مرۆڤ وەك گشت تێناگەین..! بەڵکو ئێمە وا مرۆڤ دەناسین کە لە چەند بەشێکی جیاواز پێك دێت، تەنانەت ئەم بەشانەش کە ئامێرەکانی ئێمە بەدییانهێناوەو دۆزیویانەتەوە، هەر دانەیەکیان بریتییە لە کاروانێك لە سایەو سێبەرو شەبەح، کە حەقیقەتێکی نادیار بەناویدا دەڕوات.. ڕاستیت بوێ: نەزانییەکەمان چەند قاتە، چونکە ئەو پرسیارەی لای توێژەرەوەکانی ڕەگەزی مرۆڤ دروست ئەبێ، هەر بەبێ وەڵام ئەمێنێتەوە... لەبەر ئەوەی تا ئێستا چەندین ناوچەی ناسنووردار لە جیهانی ناوەوەماندا هەیەو هێشتا نەناسراوە" (**الإنسان ذلك المجهول**، ل17)

"هەروەك چەندین پرسیاری تری بێ ژمار هەیە، کە ڕواوڕومان ئەبێتەوە دەربارەی بابەتگەلێکی یەکجار گرنگ کەچی هەموویان بێ وەڵام ئەمێننەوە...

ڕوونیشە کە هەموو ئەو شتانەی زانست بەدەستی هێناوە لە بارەی دیراسەکردنی مرۆڤ و لێکدانەوەی بۆی، هێشتا بەس نییەو زانیاریی ئێمە دەربارەی خۆمان تا ئێستا (تا ڕاددەیەکی زۆر) سەرەتاییە"! (**الإنسان ذلك المجهول**، ل19)

بە کورتی ئەم زانایە، کە سەیدقوتب دەربارەی ئەڵێ: یەکەم سیفەتی ئەوەیە زانایەکی لێکۆڵەرە بۆ بابەتەکەی و شارەزاو دامەزراوە تێیدا. پاشان لەو کەسانەیە کە لە کۆشی ئەو شارستانییەتەدا گەورە بووە کە شۆڕشی بەسەردا ئەکاو لەو کەسانەیە کە باوەڕدارن بە زانست و عیلم کە جاڕ ئەدا ئەم زانستە دەسەوسان و کەم و کورتە، ئەم پیاوەی کە (سەید) ئاوا وەسفی ئەکا، ئەیەوێ بە کورتی پێمان بڵێت: "زانست نەزانە.. عیلم جاهیلە"!!

ئەلکسیس کاریل بە زەبوونییەکەوە ئەوە ڕوون ئەکاتەوە کە مرۆڤایەتی لە زەلکاوێکا چەقیوەو تەنیا زانینی ئەم شتەش بەس نییە، کە بزانین لە قەیراندایین، بەڵکو ئەبێ جوڵەیەك دروست بێت و ئەم دۆخە بگۆڕێت و پەیامێك بداتەوە دەستی مرۆڤ و لەم بێهودەیی و پوچییە قوتارو ڕزگاری کا، ئەوەتا ئەڵێ: "من ئەم کتێبەم بۆ ئەوانە نووسی کە ئازایەتییەکی زۆر لە خۆیاندا بەدی ئەکەن، نەك تەنیا کە بزانن کەم و کورتییەك هەیە، یان نەك هەر دەرکی ئەوە بکەن کە پێویستە گۆڕانێکی عەقڵی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدی بهێنن، بەڵکو بۆ ئەو کەسانەیە کە دەرکی ئەوە ئەکەن پێویستە ئەم شارستانییەتە پیشەسازییە سەرەوبن بکرێ و لە بنەوە وەریگێڕن و هەڵیگەڕێننەوە و بیرۆکەیەکی تر بۆ پێشکەوتنی مرۆڤ بخەنە ڕوو"! (**الإنسان ذلك المجهول**، ل12).

جارێکیان قسەی مرۆڤناسێکم خوێندەوە (هەڵە نەبم (**منفلوطي**) بوو) کە ئەڵێ: ئادەمیزاد شالاوی بۆ ئاسمان بردووەو بە کەشتییە ئاسمانییەکانی دڵی گەردوون شەق ئەکا، بە ژێردەریاییەکانی جەرگی زەریاو دەریا لەت لەت ئەکا، سەرەڕای ئەمانە هێشتا نەیتوانیوە بچێتە ناو ناخی خۆی و پەی بە دەروونی خۆی نەبردووە.

ئەو (ئادەمیزاد) لەبەرئەوەی تا ئێستا خۆی ناناسێ و هێشتا مرۆڤەکەی ناو ناخی هەڵنەساوە، بۆیە بە هەرلایەکدا پەلەقاژە ئەکا بۆ چارەسەر زیاتر زیان بەخۆی و دەوروبەری ئەگەیەنێت و تابێت لە دەرمانی دەردەکەی دوورتر ئەکەوێتەوە! مرۆڤ نامۆیە بەو شارستانییەتەی ئادەمیزادەکان خولقاندویانە، وەڵامی پرسیارە گرنگەکانی ناداتەوە، ئەلکسیس کاریل ئەڵێ: "پێویستە مرۆڤ پێوەری هەمـوو شتێك بێت، بەڵام واقیع و حاڵی ئێستا پێچەوانەی ئەمەیە، ئەو (مرۆڤ) نامۆیە لەم جیهانەدا کە خۆی دایهێناوە، ئەو نەیتوانیوە دونیای خۆی بەخۆی رێکخات، چونکە زانیارییەکی کرداری بە سروشتی خۆی نییە.. دوای ئەمەش ئەم پێشکەوتنە زۆرەی کە زانستی بێگیان و جەماد لەسەر حیسابی زانستی ژیان و زیندەزانی بەدەستی هێناوە یەکێکە لەو کارەساتانەی مرۆڤایەتی بەدەسیەوە ئەناڵێنێ... ئەو ژینگەیەی عەقڵ و داهێنانی خۆمان هێناویەتیە دونیاوە گونجاو نییە نە لەگەڵ لەش و لارمان و نە لەگەڵ پێکهاتەشماندا، بە راستی ئێمە گەلێکی بەدبەختین، چونکە تابێت لە رووی ئاکارو رەوشت و ژیرییەوە دادەڕوخێین.. بێ گومان ئەو کۆمەڵ و گەلانەی کە شارستانی پیشەسازی تێیاندا گەشتووەتە مەزنترین گەشەو پێشکەوتن، هەر ئەو گەلانە بەتایبەتی بەرەو لاوازی ئەڕۆن و هەر ئەوانیش گەڕانەوەیان بۆ بەربەرییەت و وەحشیگەرایی زۆر خێراتر ئەبێ بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵ و گەلانی تردا...". (**الإنسان ذلك المجهول**، ل41).

هەر ئەو ئەڵێ: "ئەم کۆمەڵگە تازەیە خەریکە بە یەکجاری هەستی ئەدەبی مرۆڤ پشتگوێ ئەخات..." (**الإنسان ذلك المجهول**، ل176)

"بە راستی ماددییەتی بەربەری کە سیمای ئەم شارستانییەتەمانە تەنیا بەر بە گەشەی عەقڵ ناگرێ و بەس، بەڵکو مرۆڤی سۆزدارو نەرم و لاوازو تەنیاو ئەوانەی کە جوانییان خۆش ئەوێت و بە دوای شتانێکی تر جگە لە ماڵدا دەگەڕێن وردوخاش دەکاو دەیانهاڕێت!" (لاپەڕە: 355)

(جبران خليل جبران) ئەڵێ: "ئێمە ئەو کەسانەین کە زۆربەی تەمەنی خۆیان لە شارە ئاوەدان و قەرەباڵغەکاندا بردەسەر، خەریکە هیچ شتێ لە بارەی گوزەران و ژیانی گوندنشین و مەزرانشینەکانەوە نازانین کە لە پەنایەکی لوبناندا ژیان بەسەر ئەبەن، ئێمە لەتەك شەپۆلی شارستانی مۆدێرندا رۆیشتین تا فەلسەفەی ئەو ژیانە جوانە سادەیەمان لەبیر کرد، یا لەبیر بردەوە، کە پڕ بوو لە پاکی و تەڕو تازەیی، ئەو ژیانە کە ئەگەر بیری لێ بکەینەوە ئەیبینین لە بەهاردا پێئەکەنێ و لە هاویندا قورس و گران ئەبێ و لە پایزدا موستەغیل و لە زستانیشدا ئاسوودە ئەبێ، رێك خۆی ئەچوێنێ بە (سروشت)ی دایکمان لە هەموو سوورِو بارەکانیدا. ئێمە ماڵمان لە گوندنشینەکان زۆرترە و لەوان دەوڵەمەندترین، بەڵام ئەوان لە ئێمە نەفسیان بەرزترو شەریفترە. ئێمە زۆر ئەچێنین و هیچ نادوورینەوە، کەچی ئەوان ئەوەی ئەیچێنن دروێنەی ئەکەن. ئێمە کۆیلەی تەماح و چاوچنۆکیەکانی خۆمانین و ئەوان کوڕی دڵتێری و قەناعەتی خۆیانن. ئێمە بادەی ژیان تێکەڵ بە هیلاکی و حەسرەت ئەنۆشین و ئەوان بە بێ خەوش هەڵیئەقوڕێنن". (**عرائس المروج**) ل58.

ئەزانن بۆ ئەم هەموو پێشکەوتنە ماددییە دادی مرۆڤ نادەن و تینوێتی ناشکێنن؟ روونە!... لەبەر ئەوەی ئەم گەشە ماددییە لەلایەك وەڵامی هیچ پرسیارێکی جددی و نەمری مرۆڤ ناداتەوە، لەلایەکی تریشەوە ئەم بەرەوپێشچوونانە وا لە مرۆڤ دەکەن زیاتر سەرقاڵی دونیا بێ و پەیامی سەرەکی خۆی لە دەست بدات و داواکانی ناخ و دەروونی لەبیر بکات.

عارفی گەورە (دکتۆر حسێن الهي قمشەای) بە نموونەیەك ئەم راستییەی زیاتر روون کردووەتەوە: "کۆمەڵە خەڵکێك سواری شەمەندەفەرێك ئەبن و بەرەو جێگایەك ئەکەونە رێ، لە کاتی بەرێکەوتندا هەواڵیان بۆ دێت، کە ئەو پردەی سکەکەی

لەسەرەو بەسەر شیوێکی زۆر قوولّدا ئەڕوات و قوولّیی ئەم شیوو دۆڵە زیاد لە سەد مەترە، ئەو پردە بڕاوەو خاپوور بووە، کێشە لەوەدایە کە زۆرمان نەماوە بگەینە سەر پردەکەو شۆفێری قیتارەکەش تواناى راگرتنی قیتارەکەی نییە.. گومانی تێدا نییە دڵی هەموو ئەوانەی لە شەمەندەفەرەکەدان لە ترسا وەختە لە سنگیان دەرپەڕێتە دەرەوە و ئارامیان لێئەبڕێت و ئۆقرەیان نامێنێت، چی کارو چی هەواڵێ ئەتوانێ ئارامی بگەڕێنێتەوە بۆ دانیشتوانی ناو قیتارەکە؟ گۆرانییەکی پڕجۆش و خرۆش؟! یان پارچە مۆسیقایەکی دڵگیرو خۆش؟! شانۆیەکی بەهێز؟ یان درامایەکی رۆمانسی؟ عارەق و سەماو سێکس، یان دروستکردنی دونیایەك ئامێری ئەلکترۆنی و کارەبایی زۆر پێشکەوتوو؟!

تۆ وابێنە بیری خۆتدا نەفەرێکی لەناو ئەو قیتارەداو چاوەڕوانی چەند ساتێکی تر لەو شاخە هەزاربەهەزارەوە بکەویتە ناو ئەو دۆڵەوەو سەرت بەر دەیان تاشەبەرد کەوێ، حاڵت چۆن ئەبێ؟ ئەگەر کابرایەك بێت و پێت بڵێت: وەرە چێشتێکی خۆشم دروست کردووە با بیخۆین، یان وەرە کیژۆڵەیەکی ناسکم بۆ هێناوی وەرە رابوێرە لەگەڵی یان: فیلمێکی خۆشە با سەیری بکەین... هەڵوێستی تۆ چی ئەبێ؟ تۆیەك کە کەمتر لە چەند ساتێکت ماوە لە ژیاندا، کام لەم شتانەت بەلاوە گرنگە؟ ئایا هەموو ئەمانە بەلاتەوە نابنە شتگەلێکی پوچ و بێ بەها؟!

تەنیا شتێك کە ئارامیی بگەڕێنێتەوە بۆ ناو قیتارەکە، تەنیا هەواڵێك سوکنایی بداتەوە دڵی موسافیرەکان: هەواڵێکە کە هەواڵی یەکەم بەدرۆ بخاتەوە، هەواڵی ئەوەی کە: کاکە! سوێند بەخوا پردەکە هیچی نییەو بە ساغی دەگەنە ئەوپەڕی شیوەکەو هەریەك چیتان پێیە بەبێ کەم و کورتی دەیگەیەننە شوێنی خۆی".

ئێمەی مرۆڤ لەم قیتاری ژیانەدا بەرەو مەرگ ئەڕۆین، ئەگەر مردن کۆتایی هاتنی ژیان بێت بەیەکجاری و بەربوونەوە بێت بەرەو شیوی نەمان و فەوتانی تەواو، بە راستی هەقە هەموومان شێت بین و زۆر لە ئێستا نائارامتر بین، ئەگەر مردن ژیانێکی تری لەدوا نەبێت، ئەگەر ئێمە هیچ پەیام و کارێکمان نەبێت تا ئەو ژیانەکەمانی پێ خۆشتر کەین، ئەگەر ئێمە خالقێك نەبێت تا فەرمانبەرداری ئەو بین، دوای ئەم هەموو (ئەگەر.. ئەگەر)انە مەحکومیش بین بە مەرگ ئەی بۆ ئەوەندە بێ عەقڵین و ئێستە دەژین؟! بە تەمای چین و چاوەڕوانی چین؟ ئێمەیەك هەر بمرین و نەمێنین و ژیانێکی تریش نەبێت لە پێناویدا بکۆشین ئەی بۆ هەر ئێستا کۆتایی بەم ژینە تاڵە نەهێنین؟! خوا بە من و تۆ ئەڵێ لە چی ئەپرسن؟ لە هەواڵە گرنگەکە؟ لە مردن و پاش مردن؟ لە پردەکەو لە شیوەکە ﴿**عمَّ يتسآءلون، عَنِ النَّبأ العَظيم**﴾؟ نیگەران مەبن، مەرگ کۆتایی ئەم کاروانە نییە، ژیانێکی تر هەیەو منیش کارم پێتانەو پەیامێکی ئێجگار سەنگین و قورسم هەیە و ئەیدەم بەسەر شانتاندا، کە لە سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەوو خەمی جوان بەجێهێنانی دا هیچ دەرفەتێکی تر لە ژیانتاندا نامێنێ تا بیر لە شتی پووچ بکەنەوەو خەم و خەفەتی کوشندە بخۆن... ئای بوونی خواو رۆژی دوایی چەند پێویست و شیرین و ئارامبەخشە!!

عەللامە (**مرتضى مطهري**) لە فەیلەسوفی عارف (محمد إقبال)ەوە ئەم قسەیەمان بۆ ئەگوازێتەوە: "مرۆڤایەتی ئەمڕۆکە پێویستی بە سێ شت هەیە: تەفسیرێکی رووحی بۆ گەردوون، ئازادییەکی رووحی بۆ تاك، چەند بنەمایەکی سەرەکی بۆ تەکامول و تەواوکاری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بە مەرجێ ئەم بنەمایانەش دارای مەبەست و ئامانجگەلێکی رووحی بن". **الإنسان والإيمان، ل30ـ31.**

هەر ئەو لە (ویل دیورانت)ەوە ئەم وتەیەمان بۆ باس ئەکا: "دونیای کۆن لەتەك دونیای ئامێری مۆدێرندا تەنیا لە ئامێرو ئامرازدا جیاوازن نەك لە مەبەست و ئامانجدا... ئیتر ئەبێ بتوانین چی بڵێین کاتێك کە ئەزانین هەموو پێشکەوتنمان تەنیا لە چاککردنەوەی ئامرازو شێوازدایە، لە حاڵێکدا هیچ گرنگی بە بەرزی و ساغی ئامانج و مەبەستەکان نادات؟" **الإنسان والإيمان، ل31**

ژیان چەند سەخت و گران و خنکێنەرە بەبێ خوا، بەبێ دروستکەرو نەخشەدارێژەرێك! شەریعەتی وتەنی "ئەگەر بوون و گەردوون خوای لێدەرکەی، هیچی لێ نامێنێتەوە، ئەبێتە خەرابستانێکی تۆقێنەر، پڕ لە دێوو درنج و دێوەزمە!" ئێمە ئەگەرچی باوەڕیشمان لاوازبێ و پەرستشەکانیش بە تەواوی بەئەنجام نەگەیەنین و حوکمەکان ئەنجام نەدەین، بەڵام ئەو باوەڕەی بە خوا هەمانەو لە منالێیەوە لە دڵماندا چێنراوەو دایەو بابەش زیاتر ئاودێرییان کردووە، کارێکی زۆری لەسەر دەروونمان کردووەو زۆرێك لە نارەحەتییەکانی رۆژگاری لەسەر سووك کردووین، تا ئێستاش خۆکوژی (کە لە رۆژئاوادا بووەتە دیاردەیەکی ئاسایی!!) حاڵەتێکی هەژێنەرو سەیرە لای خۆمان، ئێمە هەر کێشەیەکمان دێتەپێش دەڵێن "خوا کەریمە"مان بە گوێدا ئەدرێت، هەر بەڵایەکمان بەسەردا دێت سەدان "قەدەری خوایە"و "هەرچی لای خوا هات، خۆش هات" و "مەیلی خۆیەتی" و.. لەم قسانەمان پێ ئەوترێت و دوای هەر ستەم و ئازارێك کە لێمان دەکەن و دەسەڵاتی تۆڵەکردنەوەمان نییە چەندین جار "بیدەرە دەس خوا"و "هەواڵەی هەقی کە" لە دەمی کەس و نزیکانمانەوە ئەبیسین، هەریەك لەم قسانەو باوەڕ بوون بە رۆژی دوایی، رۆژی پاداشت و سزا، رێك رۆڵی ئەو چۆرچۆڕ شروب و داوودەرمانانە ئەبینن کە نەخۆشێك دوای توشبوون بە نەخۆشییەکەی دەیخوات، جا هەر کەس دەرمانی بەهێزترو چاکتر بەکاربهێنێ زووتر چاك ئەبێتەوە، هەرکەسیش باوەڕی پتەوتر بێ و زیاتر لە خواوە نزیك بێت زووتر سەبووری بۆ دێ و خەمی کوشندەی نامێنێ..

نەبوونی خواو درۆبوونی رۆژی دوایی، هەموو ژیان و هەموو کارو قسەو جوڵەیەك بێ ماناو پووچ ئەکاتەوە، تەنانەت بوونی خوایەك کە تاکە سیفەتێکی نەبێ، ئەویش دادپەروەرییە، هەموو هەڵسوکەوتێکی مرۆڤ بە گاڵتەجاڕی و بێهودەیی نەبێ بە هیچ مانا ناکرێ! خوایەك پاداشتی چاکەکاران نەداتەوەو سزای خراپانیش نەداتەوە، ئیتر ئەو بوونەی دروستی کردووە بە بازیچەی منداڵان ئەچێ! نەبوونی خواو رۆژیی دوایی پوچەڵکردنەوەی هەموو پەیامێکە کە مرۆڤەکان (یان ئادەمیزادەکان) لە خەیاڵی خۆیاندا بۆ خۆیان هەیانەو لە پشتی کارەکانیانەوە باس لە بوونی ئەکەن..﴿**أَفَحَسِبْتُم أَنَّما خَلَقْناكُمْ عَبَثاً وأَنَّكم إلَيْنا لاتُرجَعون، فَتَعالى اللهُ المَلِكُ الحَقُّ لاإله إلاهو ربُّ العرشِ الكَريم**﴾ (**المؤمنون 115ـ116**).

واتا: ناشێت وا خەیاڵتان کردبێت کە ئێمە هەروا بە بێهودە دروستمان کردوون و ئیتر ناگەڕێنەوە بۆ لامان بۆ حیساب و کیتاب؟! بەرزی و باڵایی بۆ خوای خاوەن دەسەڵات و راست و حەق، کە جگە لەو هیچ پەرستراوێکی تر بەحەق نییە و ئەو خاوەن و پەروەردگاری عەرشی بەڕێزە...

بەڵێ.. نەگەڕانەوە بۆ لای خوا و نەبوونی لێپرسینەوەو پاداشت یەکسانە بە پووچی و بێهودەیی ژیان و بوون، ئەم کارەش ئەوەندە نەشیاو و نالایەقە بە خوای دانا، کە ئەبێ لەگەڵ باسکردنیدا بڵێی: گەورەیی بۆ خوا، **حاشاللە**.

وتمان ئێستا هەموو مرۆڤایەتی بە دەستی خەمۆکی و بێزاری لە ژیان و بوونەوە ئەناڵێنن، (شەریعەتی) باسی (دیکارت) و کۆمەڵە فەیلەسوفێك ئەکات، کە بۆ بوونی خۆیان بەڵگە ئەهێننەوە "من بیر ئەکەمەوە کەواتە من هەم"! ئەڵێ: "چ بەڵگەهێنانەوەیەکی پڕوپووچ! من بەڵگەم ناوێ بۆ سەلماندنی بوونی خۆم، من بەدەس دەردی بوونەوە گیرم خواردووە"، وەکو شیعرەکەی مام هەژاری خۆمان کە ئەڵێ:

چەپگەردی گەردوون گەڕان کوشتمی
نــــەزانپــەرستــی بـۆ نان کوشتمی
هــەر ســوڕانــەوەی بێ حـەسـانـەوە
ئەی مردن! لە کوێی؟ ژیان کوشتمی!

ئەمە ویردی سەر زمانی زۆرینەی خەڵکی سەرزەوییە، هەموو مردنیان پێ خۆشترە لە ژیان! بەڵام ئەگەر ژیرانە وردبیتەوە وانییە، مردن خۆی تۆقێنەرەو باسیشمان کرد، هەواڵی مەرگ ئارامی لە خەڵك بڕیوەو ئاسودەیی نەهێلاوە... هەر ئەو

خەڵكەی ئاواتی مردن ئەخوازن ئەگەر بەحاڵ هۆكارێكی مردنیان لێ نزیك بێتەوە، تا بتوانن هەڵدێن و هەوڵی خۆقوتاركردن ئەدەن! كەواتە ئەم خەڵكە ئاواتی رزگاربوون لەم ژیانەی تێیدان دەخوازن، دەرچون لەمجۆرە ژینەیان ئەوێ، نەك دەرچوون لە ژیان، بەڵام لەبەرئەوەی نازانن ناوی بنێن چی پێی ئەڵێن: مردن!!

سەرەڕای ئەم ژینەتاڵەو ئەم نائارامییە، كە مرۆڤەكانی لە مرۆڤبوون خستووەو نائومێدی كردوون و تاساندوونی، كەچی هێشتا هەرچی دەزگای ئیعلامیمان هەیەو زۆربەی بەناو روناكبیرو ئەدیب و شاعیرەكانمان (!!) كار لەسەر ناپەیامدارتركردنی خەڵكی دەكەن و هەوڵی بەیەكجاری خنكاندن و كوشتنی مرۆڤ ئەدەن... هەموویان كار لەسەر بێپەیامكردنی ئادەمیزادەكان ئەكەن، ئیش بۆ ئەوە ئەكەن كە تۆ مردیت، ئیتر تەواو.. بڕایەوە، تێكڕا فەلسەفەی پووچگەرایی بڵاو ئەكەنەوە، ئەزانن ئەم كارانە گەورەترین هۆكاری شڵەژانی دەروونییە، هەر ئەویش هۆكاری شڵەژانی كۆمەڵایەتییە، ئەمەی دواییش هۆكاری شڵەژانی سیاسییەو هەمووشیان پێكەوە ئەبنە كارەساتێكی مرۆیی زۆر ترسناك... دوای ئەم تێكچوونی باری دەروونی و كۆمەڵایەتی و سیاسییە، هەرچی كچی دونیا هەیە، بۆ كچانیش هەرچی كوڕی شیك هەیە، بێننە ماڵەكەت، نەك لە سەتەلایت و لە شاشەدا، بەڵكو بە حەقیقی و راستەقانی بیخەنە بەردەستت و هەرچی خوا پێی ناخۆشە بیكەی، ئەزانی هیچ ئۆقرە ناگری و تینوێتی ناخ و دەروونت ناشكێ؟! ساتێك لە دڵەوە ئاسوودە نابی؟

ئەگەر هەر لەزەتێكی دونیا مەبەستێكی گەورەو پیرۆزی لە پشتەوە نەبێ یەكسانە بە هیچ، یەكسانە بە نائارامی و نامۆیی و دڵتەنگی.. مرۆڤ ناهێڵێ ئادەمیزاد بەبێ سۆزو خۆشەویستی و فیداكاری تامی خۆشبەختی بكا، ئێمە بەبێ ئەم چەمكانە ئەبینە ئاژەڵ، وڵاخ، دڕندە.. جا چ ئاژەڵێك؟ بە پێچەوانەی ئاژەڵەكانی تر، ئاژەڵێك كە خۆشیی لە ئاژەڵبوونی خۆی نابینێ، كە بە دەست ئاژەڵبونییەوە گیر ئەخوات و ئەبێت بەپەن! كە چێژ لە ئاژەڵبوونی خۆی نابات...

(إبن القیم) لە (المدارج) دا ئەڵێ: "لە دڵدا بشێوییەك هەیە، رووكردنەخوا نەبێت هیچ یەكی ناخات و... ترسێك هەیە، هۆگری بە خوا نەبێت هیچ لای نابات و... خەفەتێك لە دڵدایە، شادومانی ناسینی ئەو و راست هەڵسوكەوتكردن لەگەڵیدا نەبێ هیچ بنبڕی ناكات و... دڵەڕاوكێیەكی تێدایە، كە تەنیا كۆبونەوەی دڵ لای ئەو و راكردن بەرەو لای هێوری ئەكاتەوە... هەروەك ئاگری حەسرەتگەلێكی تێدایە، كە رازیبوون بە فەرمان و قەدەغەكردن و قەدەری و ئارامگرتن لەسەر هەموویان نەبێ هیچ نایكوژێنێتەوەو... برسێتییەكی تێدایە، كە تەنیا خۆشەویستی ئەو و گەڕانەوە بۆ لای و بەردەوام یادكردنی و دڵسۆزی بۆی تێری ئەكات، ئەگەرنا هەموو دنیا بدە (ئەگەر یادی ئەو نەبێ) ئەو برسێتییەی دڵ ناشكێ"!

(**د.یوسف القرضاوي**) لە (**الإیمان والحیاة**)دا ئەڵێ: "ئەمە تەنیا قسەی زانایەك نییەو بەس، بەڵكو قسەی ئەزموونێدەیەكی چێژەرە، كە هەمووی لە دەروون و ناخی خۆیدا هەست پێ كردووەو تاقیكردوەتەوە".

(ئەریك فرۆم) ئەڵێ: "هیچ مرۆڤێك نییە پێویستی بە ئایینێك نەبێت"، پاشان ئەڵێ: "كەواتە قسە لەوە نییە كە مرۆڤ ئایین و دینێكی هەیە یا نا، بەڵكو باس لەوەیە: كە چ ئایینێكی هەیە؟"، (**مطهری**) دوای هێنانەوەی ئەم قسەیەی (ئەریك فرۆم) ئەڵێ: "مەبەستی ئەم زانا دەروونناسە ئەوەیە كە مرۆڤ ناتوانێ بە بێ پەرستش و پیرۆزڕاگرتنی شتێك بژی. با وایشی دانێین كە ئەو خوای تاك و تەنیاش ناناسێ و ناپەرستێ، بەڵام ئەو هەر شتێك بۆ خۆی دروست ئەكا و هەرچی سیفەتی حەقیقەتی رەهاو تەواوی هەیە ئەكا بە بەریدا و ئەیكاتە بابەتی باوەڕ و پەرستشی". (**الإنسان والإیمان**) ل43.

بەس ئەو كەسەی لە فیترەتدا یاری تاقانە و تاسەرە دادی بێكەسی و تەنیایی ئەدا، ئەگەرنا هاودەمیی مەعشوقی زەمینی دوای ماوەیەك دەر ئەكەوێت بروسكە خەیاڵێكەو زوو گوزەر ئەكا:

لە تابلۆی شەوا.. هێشووی ئەستێرەم..
بەخشی بە چڵی شەوی بێدوایی
كەچی ژوانی یار نەیزەكێ بوو..

# 7

(نیچە) گەورەفەیلەسوفی ئەڵمانی.. لەگەڵ یەکەم هاواردا کە لەنێو شەقامەکاندا کردی، لەگەڵ یەکەم جاڕدانیدا کە دای بە گوێی عالەمداو بەیانی کرد کە: "خودا مرد..ئیتر ئێوە ئازادن، لە هیچ مەترسن، چیتان حەزلێیە بیکەن، مرۆڤ خۆی هەموو شتێکە..."، لەگەڵ ئەم هاوارەدا شێت بوو!! "خودا لە ژیان دەرکە..هیچ مانایەکی نامێنێ"..ژیان بە بێ خوا زۆر قورس و گرانە، هیچ عەقڵێك توانای هەلگرتنی نییە...مرۆڤ ناتوانێ لە هەموو کۆت و بەندێك رزگاری بێت وئاسوودە بێ! مرۆڤتوانای قبولکردنی ئازادیی رەهای نییە، ئارامی و حەوانەوەی راستەقینە لە سنووردانانێکی بالآدایە، سنووردانانێك کە هەواو هەوەسی ئادەمیزادەکانی تێدا نەبێ.

(شەریعەتی) ئەڵێ: "سارتەرو کامۆو رۆسۆو نیچە، تەحەمولی ئازادیی رەهایان پێ نەکرا، زۆر سەختە مرۆڤ تەواو ئازاد بێ، ئاخر بیانوویەك بۆ مان و نەمان نامێنێ!!"، چەند جوانە! خوا بیانووی مانی ئێمەیە.."ئەی خۆشەویستەکەم! کاتێك پێموتی: برۆم یان بمێنم لات؟ کە وتت: "ئازادیت، ئەزانم حەزت بە دیلی نییە، کەیفی خۆتە.. ئەڕۆی برۆ، ئەشمێنی بمێنە". کە وات وت، منت کوشت، من حەزم بەم ئازادییە نییە، ناتوانم هەڵیگرم.. بۆ رۆیشتن و نەڕۆیشتن هیچ بیانوویەکم نەما، ئەگەر برۆم و بڵێن: بۆ رۆیشتی؟ نازانم بۆ؟! بشمێنم و بڵێن: بۆ نەڕۆشتی؟ دیسان نازانم بۆ؟! بەلآم کە تۆ یەکێك لەو دووانەت بۆ هەڵبژاردبام، ئیتر بیانوویەکم ئەبوو، تۆ بیانووی مان و رۆیشتنم بوویت"!

نیچە هەرچەندە ئەو جاڕەی داو، بوو بە فەیلەسوفی پووچگەرا، بەلآم شێت بوو، خۆیشی توانای هەلگرتنی قسەکانی خۆی نەبوو، هەتا مردیش یەك رۆژ (وەك شەریعەتی ئەیڵێ) نەیتوانی بە پێی فەلسەفەکەی خۆی بژی، ئەو لەفەلسەفەکەیدا باوەڕی وایە کەهێز واتە حەق و حەق واتە هێز، کێ بەهێزتر بێت، ئەوە لەسەر حەقە.. بەلآم هەرگیز ئەو مرۆڤەی لەناو ناخی نیچەدا خۆی حەشار دابوو رێگەی نەدا ئەو وەك قسەکانی زمانی و نووسینەکانی بژی.. بۆیە مردنەکەشی رێك پێچەوانەی فەلسەفەکەی بوو و بەدرۆخەرەوەی زۆرێك لە قسەکانی بوو! (شەریعەتی) لە یەك دوو شوێندا چیرۆکی مردنی ئەم پیاوەمان بۆ ئەگێڕێتەوە (کە زۆر کەس وەك ئادەمیزادێکی بێ ویژدان سەیری ئەکەن و بە هۆی قسەکانی ئەوەوە زۆربەی بەهاکانیان ژێرپێ خستووەو دەخەن): ئەو لە ناو شەقامێك لە شەقامەکانی شارێك لە شارەکانی ئەڵمانیادا پیاسەی ئەکرد، لەپڕ چاوی کەوت بە کابرایەکی کەتەی مل ئەستووری (خاوەن هێز) کە گالیسکەی (عارەبانەی ئەسپەکەی) لەناو قوڕدا چەقی بوو، ئەسپە بەستەزمانە (بێ هێز)ەکە هەرچی ئەکردو ئەکۆشا نەیئەتوانی عارەبانەکەی دەرکا، کابرای (بەهێز)یش بە قامچییەك تا هێزی تێدابوو لە پشت و سمت و سەرو گوێی ئەسپەکەی ئەدا، (نیچە) لەبەردەم ئەم دیمەنە پڕ ئازارەدا قسەی سالآنی رابردووی خۆی لەبیر کردو یەك وشەی فەلسەفەکەی خۆی لەبیر نەما، کە ئەڵێ هەرکێ بەهێزتر بێ حەقترەو هەرچی ئەکا دەستی خۆش بێ، زانی کە شتگەلێك هەن کە ئەم لێیان بێ خەبەرە، بۆیە هەرزوو پەلاماری کابرای (بەهێز)ی داو بەرگری لە ئەسپە (بێهێز)ەکە کرد، بەلآم نیچە خۆی لاشەیەکی لاوازو بێ هێزی هەبوو، کابراش زۆر ورگ زل و گەدەپڕ بوو، بۆیە هەر زوو ملی نیچەی گرت و خستی بە دەمداو بەپێی فەلسەفەکەی (هەرکێ بەهێزتر بێ لەسەر حەقە) دای بەناو قوڕەکەداو لەژێر تایەی گالیسکەکەدا زەلیلی کردو بە پالێك گالیسکەکەی لە قوڕەکە دەرکردو دای بە سەرپشتی (نیچە)ی داماوداو رووحی لەبەر بڕی، (نیچە) گیانی خۆی کرد بە قوربانی بۆ رزگارکردنی ئاژەڵێکی بێ هێز، بەم کارەش هەرچی قسەی خۆی هەبوو و کردبووی بەدرۆی خستەوە!

ئەوە نیچەی ئادەمیزادە ئەنووسێ و قسە ئەکاو ئەڵێ هەموو جوڵەیەکی مرۆڤ بۆ بەهێزکردنی خۆیەتی (جەستەی نەك رووح) ئەوە لایەنی بەشەری نیچەیە باس لە حەقانییەتی هێز ئەکا، بەلآم ئەمە نیچەی مرۆڤە کە لە پێناوی گیاندارێکی

لاوازی بێ دەسەڵاتدا گیانی خۆی فیدا ئەکا... ئەها وتمان مرۆڤ بە ئاسانی نامرێ و ئەگەر (محمد)ێك هەبێ زۆرێك لەو مرۆڤانە زیندوو ئەکاتەوە!

(سارتەر)ی فەیلەسوفی فەرەنسی، خاوەنی قسەگەلێکی بێزارکەر، لەهەمان کاتدا (بەڕووکەش) بەهێز، بیریارێکی رەشبین، لە زۆربەی نوسینەکانیدا لەگەڵ (بەحیساب) بەرزڕاگرتنی رێزی مرۆڤدا، کار لەسەر بێماناکردنی ژیان ئەکا، لە (هێڵنج)ەکەیدا (ناوی یەکێك لە رۆمانەکانییەتی) زۆر لە بێزاری خۆی و بێمانایی بوون ئەدوێ، ئەگەر باش وردبینەوە ئەبینین ئەم سارتەرەو هەموو هاوڕێکانی تەنیا هۆکاری بێزارییان: (بێ خوا)یی بووەو هیچی تر، ئەوان بە دوای خوادا گەڕاون، بەڵام بەستەزمانانە نەیانبینیوەتەوە!! ئەوان باوەڕیان وایە ئەگەر خوایەك هەبوایە ژیان خۆش ئەبوو، باشە.. ئێمە کە ئەزانین خوا هەیە، بۆچی بزری بکەین و دوایی بە شوێنیدا بگەڕێین؟! بۆچی خۆمان بە دەستی خۆمان خۆمان بێ پەیام بکەین و پاشان عەوداڵی پەیامێك بین، گەڕانی ئەو فەیلەسوفانە (بەجۆرێك) عیرفان حیسابە، بەڵام لەگەڵ عیرفانیی خۆماندا زۆر جیاوازە، پڕە لە ناسۆرو خەفەت و بێ ئۆقرەیی، بە پێچەوانەی ئەوەی خۆمان کە پڕە لە شەوق و زەوق و وەجدو شادی.. ئێستا بڕوانە ئەم چەند قسەیەی (شەریعەتی) بە وەرگێڕانی (هەژار) تا زیاتر لەم قسانە بگەین:

"...عیرفان و گیرفان وەکو دوو تای تەرازوو وان. کێ دەروونی رووناکترە، تای پارەوپوول پەرەستی سوکترو دوور لە خاکترە. کێیش هەر بە مەیموونی ماوەو هەر لەوەڕی لەبەرچاوەو هیچی ترنا، لای ئاوەزی رای راستینە دۆزینەوەی، پارسەنگی سەنگینی دەوێ.

با ئەوەشمان لەبیر نەچێ: عیرفان بەو مانایەی گوتمان، هەستی راستی دینەوەیە، تا دینی تێ نەچێنراوە، کاری بەخواناسین نییە، زۆرپیاوی وا هەبوون، هەشن، بلیمەت و تێگەیشتوو، پێگەیشتوو، بەبێ وچان لە شوێن راستیدۆزینەوە هەڵوەدا بوون، وەکی دیش دژی خودا بوون. داستایوسکی، سارترو ئالبیرکامۆ بۆ نمونە دەهێنمەوە. یەکەم نیوەدوژمنێکی دینە، دووەم خوداو هێزەکانی نەدیاری هەر پێ چ نینە! سێهەمینیان ماك پەرەستە (ماتریالیستە). دەڵێ ئەو خوایەی کە دەڵێن هەیە، زای ماددەیە. نەدیاری دەئارادا نین. هەریەکەش بۆ سەپاندنی بیرو بڕوای زۆر دواوە. کەچی ئەگەر بە وردی سەرنجیان بدەین، زوو تێدەگەین رەگی دڵیان بۆ جۆرێ عیرفان لێی داوە. بەڵام دەگەڵ عیرفانەکەی ئێمە(کە خواناسی لێدراوە) یەکتر ناگرن. بە بڕوای من هەرتك تیریان بەرەو ئامانجێك هەڵداوە. یەکیان سەروبەری کروەو یەکیان نیشانەی پێکاوە".

پاش ئەم قسانە ئەڵێ: "سارتەرو هاوبیرەکانی دەڵێن: خودا نییە، بەڵام دەشڵێن ئەم وێڵی و بێ خوداییە بوون و ژینی بنیادەمی یەکجارەکی بێتام و ناکام کردووە، بەڵام چ بکەین چارمان چییە؟ خودا نییەو ئەگەر نەشبوو لە کوێی بێنین؟

تۆ بڕوانە! کاتێك ئەم جۆرە کەسانە خوا لەخۆکرد هەڵدەوێرن، لە نەدیاران خۆ دەبوێرن، ئەم راستیانەش ئەدرکێنن کە لە سۆنگەی بێ خودایی، مان و ژین لەم خۆکردەدا بووەتە مۆتەو خوا خواتە لێخەت بێتەوە. بێ کوێخایی لە ئاوایی، ژیان لە پیاو ئەکا بە سندان. گەرەك بە خوت و خۆڕایی و بەرهەڵدایی ژین رابوێرین. ئەویش چ ژین؟ بێ تام و خوێ، بێ ناوو توێ تا سەرلەنوێ بەرەو خاك دەگەڕێینەوە! واتا ئەوانیش هەست دەکەن بە نامۆیی لە ژیانی جانەوەرانە (کە پنج و ریشەی عیرفانە) بەڵان دەرەتان شك نابەن. ئەوسا پوخت و پاراوەکەی، دەروای دەمیان وای لێ دێ، چونکە دنیا بێ خودایە، لێپرسینەوەیەك نییەو لە چاودێریی ئەو هێزە نادیارانە بە دووری. دەتوانی هەرکارێك بکەی، هەرە! وەرە! لەسەر چۆك دانیشە! رابە! چۆنی خۆت پێت خۆشە وابە! چاك دەبی یان خراپ دەبی؟ خڕکە دەبی یان سواپ دەبی؟ بەدیمەن جوانی؟ دزێوی؟ زمان پیسی؟ باش داخێوی؟ گوێ مەدەرێ؟ ئەو خۆکردەی گەرای مرۆی وەك من و تۆی هەڵێناوە، بێ سەرو زمان و چاوە، نەحەساوە نەکێتاوە، نەترازوو دانراوە، نەدۆژەهە نەبەهەشتە، لەو بترسی و بە هیوای خۆشی ئەمە بی. هەتا دەژی، هەتا لەسەر ئاوو بەژی، بە کەیفی خۆت، جووتی خۆتی لێدا بەستەو لێخورە دەشتە!".

دوای ئەوەی باسی ئەوە دەکا کە هەموو مرۆڤێك بیر لەوە ئەکاتەوە، کە ناکرێ کەسێکی چاك و مرۆدۆست لەتەك کابرایەکی ستەمکارو زۆرداردا وەکو یەك بن و هەردوك بمرن و نە پاداشتێك و نە سزایەك چاوەڕوانی کەسیان نەبێ، ئەڵێ: "لەم باسە بۆمان دەرکەوت کە رۆشنبیرانی زۆرزانی خوانەناسیش ئاتاجیان بە خوایەك هەیە، بەلاّم ئەلێّن بە داخەوە نییە! لایان وایە ئەگەر بوایە کار لە جێیەکی تر دەبوو، ترس لە خوداو هومێد بە خودای دژی پەستی و راستی پەسەند، دەبووە پێودانێکی زۆر جوان بۆ ئادەمی و تەمی خەمی بێ شوانی لەسەر دەرەوی.

سەرنج بدە! ئەمان دەلێن: ئەگەر خودا هەبا، باش بوو. عیرفانەکەی خۆمان دەڵێ: ئەگەر هەبوایەی پێ ناوێ، هەیەو باشە".

پاش ئەم قسانە، بەراوردێك لە نێوان ئەم دوو عیرفانەدا دەکا، نموونەیەك ئەهێنێتەوە، کە دوو پیاوی تینوو لە دەشتێکا بە دوای ئاودا دەگەڕین و کەژێکیان لە پێشدایە، پێدا هەلّدەگەڕێن، یەکێکیان بەهێزترەو دەگاتە نوکی شاخەکەو ئاوەدانییەك دەبینێ، ئەوی تر لە نیوەی رێدا پەکی ئەکەوێ، بە زۆریش ناتوانێ سەرکەوێ، هیچ ئومێدێك بەدی ناکا.. هەر ئەمەشە وادەکا (**محمد إقبال**)ی فەیلەسوف ئەلێ: لە نێوان نیچە و مەولانادا یەك هەنگاو بوو، بەلاّم نیچە نەیتوانی ئەو هەنگاوە ببڕێ! لە جێیەکی تردا ئەلێ: نیچە ویستی کارەکەی (**محمد** علیه السلام) بکا.. "**لا إلـه**"کەی وت، بەلاّم نەیتوانی (**الا الله**)کە بلێ، بۆیە شێت بوو، ئەو بووە پەیامبەرو ئەمیش هیچ!! دوای ئەم نمونەیەی شەریعەتی باسی ئەکا (دوو کابراکە، نەك ئەوەی نیچەو مەولاناو پێغەمبەر، چونکە ئەوە قسەی (ئیقبالی لاهوری) بوو!) ئەلێ: "بە بڕوای من لەم ناوەدا عیرفانە کەونەکەی خۆمان لەم تەرزە عیرفانە تازە لەپێشتر و بەکێشترە. لە بیری ئاوێتەی ئاین، هەویرێکی زۆر بە پێزی رەنێو هێنا، تەکی دا بە لای خوداوە. پێودانی بۆ ئاکار دانا، چاك و خراپ و پاك و پیس هاوێر ئەکا، گراری خۆی پێش لێنان دانبژێر ئەکا، بۆ کارچاکان پاداشتی باش رەچاو ئەکا. پیاوخراپان بە هەروگیف خوێڕیلەو بێزراو ئەکا. دژی مرۆی پەت پسیاگ و بەرهەلّدایە".

دوایی هەندێ قسە ئەکا لە قسەکانی سەرەتای نووسینەکەی خۆمان ئەچێ و لە قسەکانی "ئەلیکسس کاریل"ەوە نزیکە: "خۆ ئەگەر دڵ خورتی عیرفان لە دەرونی پیاودا نەبێ، مرۆ وەك بەرد و سوالّەتی بێ هەست و خوست و نزم و پەست، دەژێ و دەمرێ. وا دەبینین شارستانییەتی ئەمرۆمان (کە بێ خودا هات و هەراش بوو) بووەتە کۆمەڵگای زۆر تەیار، بەلاّم پڕ لە چەند دڕندەی مرۆخۆر و بێ بەزەیی!

" پێشەو هونەر هەتا بێژی لە برەوایە و بە راستی دەوری بالاّیە، بەلاّن چونکە خودای تێدا لە بیر چووە، دەکرێ بێژین ژیارو شارستانی هەیە، پیاوی شیاوی تەمەددونی تێدا نییە. کەچی ئێمە لە پێشوودا زۆر پیاوی شیاومان هەبوون. داخەکەم کۆمەڵگای ئەودەم پاشکەوتەو سەرەو نخوون بوو!". (هەموو ئەم قسانەی (شەریعەتی)، لە نامیلکەی (**عیرفان، بەرابەری، ئازادی**)دا نووسیویەتی و (هەژار)یش بە نایابی کردوونی بە کوردی، لەبەر گرنگی و جوانییان منیش سوودم لێ بینین).

ئادەمیزاد ئەگەر باوەڕی بەو خودایە نەما، ئیتر ژیانی لە تاریکی و دزێوی زیاتر هیچ نابێ، لە هەموو شتێك ئەکەوێتە گومانەوە، بچوکترین تروسکاییش بەدی ناکا، دانایەکی وەك (**ناصر خەسرەو**) لە ئامۆژگاری کوڕەکەیدا ئەلێ:

"لە دونیا رێگەیەکم دروستکردووە بۆ گەیشتن بە دین، چونکە من بێ دین گەردوون و زیندانم لا ئەبێ بە یەك، رۆڵە شیرینەکەم دین بنیاتێکی تۆکمەیە و چەسپاوە لەدلّدا، ئەم قەلاّ تۆکمەیەش هەرگیز ناڕووخێ" **الإنسان و الإيمان**، ل44ـ45.

(**مطهري**) دوای روونکردنەوەی ئەوەی کە باوەڕ شادومانی بۆ خاوەنەکەی بەرهەم ئەهێنێ، ئەلێ: "...بەلاّم حالّی ئەو کەسەی کە باوەڕی نییە لەم گەردوونەدا وەك حالّی کەسێك وایە کە لە ولاّتێکدا دەژی و باوەڕی وایە یاسا و سیستەم و دامەزراوەکانی ئەو ولاّتە گەندەلّن و لەسەر ستەمکردن بەندن، ئەمیش هیچ چارێکی نییە و ئەبێ قبولّیان کات، لە ناخی ئەم کەسەدا دنیایەك رق و کینە کەلّەکە ئەکا، هەرگیز بیر لە چاککردنی خۆی ناکاتەوە، بەلّکو بیر لەوە ئەکاتەوە: لە کاتێکدا کە

ئاسمان و زەوی نەگونجاون دەی هەر ئەبێ جەورو ستەم کون و قوژبنی بوونەوەر بگرنەوە، کەوایش بوو گزگلێکی وەکو من ناتوانێ هیچ جێدەستێکی گرنگ و دیار بە جێبێلێ.

"کەسێکی وەکو ئەمە چێژ لە هیچ شتێك وەرناگرێت لە بوونەوەردا، بەڵکو وا سەیری ئەکات وەك چۆن بەندیخانەیەکی ترسناك بێت، لە قورئانیشدا هاتووە: ﴿**وَمَن أعرَضَ عَن ذِكري فَإِنَّ لَهُ مَعيشةً ضَنكاً**﴾. طه ـ 124." (**الإنسان والإيمان، ل46**.

(دکتۆر قەرزاوی) باسی یەکێك لە بێباوەڕکان ئەکا لە فەیلەسوفە شەکاکەکان، ئەڵێ لە سەرەمەرگدا ئەم دوو دێڕە شیعرەی ئەوت:

**لَعَمرُك ماأدري ـ وقد أذن البلى**

**بعاجل ترحالي ـ إلى أين ترحالي**

**وأين محلّ الرووح بعـد خروجهِ**

**عن لهيكلِ المنحلِّ، والجسدِ البالي**

واتە: سوێندبێ نازانم (هەرچەند نەخۆشیی هەواڵی کۆچی نزیکی پێداوم) بەرەو کوێیە کۆچم؟ ناشزانم رووحم کە پەیکەری رزیوو لاشەی پتورکاوم جێدەهێڵێ، بەرەو چی جێگەیەك ئەڕوات؟.

کاتێك ئەم باسە گەیشتە گوێی پیاوچاکێك، وتی: ئێمە چیمان داوە لە نەفامیی ئەو! ئەگەر ئەو نەیئەزانی کۆچی بەرەو کوێیە؟ئەوە ئێمە ئەزانین کۆچی خۆمان و ئەویش بۆ کوێیە، خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿**إِنَّ الأبرارَ لَفي نَعيم، وإِنّ الفُجَّار لفي جَحيم**﴾: بێ گومان، چاکان لە خۆشی بەهەشتدان و خراپانیش لە نارەحەتی دۆزەخدا!!!

به راستی مرۆڤ دونیایەك پرسیاری سەختی دێتە پێش، كە بەدەست دانە بەدانەیانەوە گیر ئەخوات و سەری دونیای لیَ دێتە یەك، خوای گەورە ئەفەرموێ: ﴿**كظلماتٍ في بَحْرٍ لُجيّ يغشاهُ مَوجٌ مِن فَوقِه موجٌ مِن فوقِهِ سحاب ظُلُماتٌ بَعضُها فَوقَ بَعضٍ إذا أخرَجَ يدَهُ لم يَكَدْ يراها وَمَنْ لَم يَجْعَلِ اللهُ لهُ نوراً فما لَهُ مِن نورٍ**﴾-**النُّور**:41.

واتە: وەك تاریكی گەلێك لە ناو دەریایەكی قوڵ و پڕ شەپۆلدا كە شەپۆلێك شەپۆلێكی تری لەسەرەوە شاردبێتەوەو هەورێكی رەشیش بسەر شەپۆلەكەوە بێت، ئەمە تاریكییەكە، كە هەندێكی بەسەر هەندێكی ترەوەیە، ئەگەر مرۆڤ لەوێدا دەستی بخاتە پێش چاوەكانی نایبینیَ، هەركەس خوا نووری پیَ نەبەخشی هیچ رووناكییەك بەدی ناكا!

هەرچی فەیلەسوفی دنیا هەیە تاكە وەلاَمێكیان بۆ یەك پرسیار لە پرسیارە گرنگەكانی ژیری و دلْ نەدۆزیوەتەوە بۆ هەلْهێنانی مەتەلْی بوون و ژیان و ئەو هەمووە چەندو چونانەی كە دێتە ئاراوە، یەك وەلاَمیان نەدۆزیوەتەوە دەروون ئارام كاتەوەو دلْ ئۆقرەی پیَ بگریَ، گەورەژیربێژو فەیلەسوفێكی وەك (**فەخری رازی**) ئەلْیَ: "لە هەموو كتێبە كەلامی و مەنتیقێكان رامام، بیرم لە هەموو رێباز و رێڕەوە فەلسەفییەكان كردەوە، نەمبینی یەكێكیان تینوێتی كابرایەكی تینوو بشكێنن، دەرمانی دەردەدارێك بكەن، بینیم باشترین رێگە رێگەی قورئانە، هەر كەسیش ئەزموونی وەك منی هەبیَ، هەمان زانیاری منیشی ئەبیَ و ئەگاتە ئەوەی من پێی گەیشتم"، رێك وەك قسەی ئەو شاعیرەی لێدیَ، كە باسی حالْی فەیلەسوفەكان ئەكات و ئەلْیَ:

**لقد طفتُ فى تلكَ المعاهد كلّها　　　وسرحتُ طرفي بينَ تلك المعالمِ**

**فـلم أر إلاّ واضعاً كفَّ حـائرٍ　　　على ذقن أو قارعاً سنَّ نـادمِ!**

واتە: بەناو ئەو هەموو جێگایانەدا گەڕام و چاوم بەناو ئەو هەموو دەموچاوو رێكارانەدا سوڕاند، هیچم نەبینی جگە لەوەی یان كەسێك دەستی سەرگەردانی نابووە ژێر چەناگەی، یان پەنجەی پەشیمانیی ئەگەست!

كە قسەكەی فەخری رازی ئەبیستێن ئیتر سەیر نییە قوتابییە زیرەك و بەتواناكەیشی پەشیمانی خۆی دەربڕیَ لە شوێنكەوتنی فەلسەفە، (**شمس الدین خوسرەوشاهی**) (كە دیارترین قوتابی رازی بوو) بە یەكێك لە پیاوباشان ئەلْیَ: باوەڕو ئیعتقادت چۆنە؟ وتی باوەڕم وەك باوەڕی موسلْمانانە، خوسرەوشاهی پرسی: پێیشی ئاسوودەیت و دلْنیای لێی؟ وتی: بەلْیَ. ئەویش وتی: دەی سوپاسی خوا بكە لەسەر ئەم نیعمەتە، بەلاَم من سوێند بەخوا خۆیشم نازانم باوەڕم بە چی هەیە، سوێند بەخوا خۆیشم نازانم باوەڕم بە چی هەیە، سوێند بەخوا خۆیشم نازانم باوەڕم بە چی هەیە.. ئیتر ئەوەندە گریا تا ریشی تەواو تەڕبوو). **شرح العقیدة الطحاویة**، بەرگی1 ـ ل318.

(**موحەمەدی كوڕی واصلی حەمەوی**)ش ئەلْیَ: "شەو لەسەر جێگەكەم رائەكشێم، لێفەكەم ئەدەم بەسەر دەموچاومدا، بەراورد ئەكەم لە نێوان بەلْگەی ئەم كۆمەلْ و ئەو كۆمەلْدا تا سپێدەی بەیان دەرئەكەوێت، كەچی راستیی هیچ راو بۆچوونێكیشم بۆ دەرناكەوێت". **شرح العقیدة الطحاویة**، ب1 ـ ل318.

(**شیخ الإسلام ابن تیمیة**)ش ئەلْیَ: "**إنّي كُنتُ دائماً أعلم أنَّ المَنطِقَ اليوناني لا يحتاجُ إليهِ الذَّكيُّ، ولا يَنتَفِعُ بِهِ البَليد**"! واتە: من هەمیشە ئەوەم ئەزانی كە بە دلْنیاییەوە مەنتیق (ژیربێژی)ی یۆنان نە ژیر پێویستی پێیەتی، نە گێل و كەودەنیش سوودی لیَ ئەبینیَ.

(ئەبوعەلائی مەعەڕڕی)ش ئەلْیَ:

**أصبحتُ يومي أُسائِلُ عن غد يمتحـيَّراً عـن حالِـهِ متندّسا**

**أمّـا اليقين فلا يقـين وإنَّـما أقصى اجتهادي أن أظن وَأحدسا**

داماوه بەدەست خۆیەوە..کە رۆژی لێ ئەبێتەوە دەربارەی سبەینێ و پاش مردن پرسیار لە خۆی ئەکا، لە کاتێکا کە سەرگەردانەو ئەیەوێ پێش خەڵکی تر بکەوێ بۆ دۆزینەوەی وەڵام، کەچی ئەگاتە ئەو باوەڕەی کە دڵنیایی هەر بوونی نییەو تەنیا ئەوپەڕی هەوڵ و تێکۆشانی ئەوەیە گومان ببات و بڵێ پێئەچێ وابێ! ئەمەش گەورەترین شایەتییە..

شاعیر و بیریارێکی تازەمان هەیە، کە لە سەدەی رابردوودا ژیاوەو مردووە، تەپۆڵەیەك بووە لە سەرگەردانی و داماوی، ناوی (**إيليا أبوماضي**)یە، شیعرێکی قوڵی پڕ گومانی هەیە بە ناونیشانی (**الطّلاسِم**)[1] تێیدا ئەڵێ:

**جئتُ لا أعلمُ من أينَ، ولكني أتيتُ**
**ولقد أبْصَرتُ قدامي طريقاً فمشيتُ**
**وسأبقى سائراً إن شئتُ هذا أم أبَيتُ**
**كيف جئتُ؟ كيفَ أبصرتُ طريقي؟**
**لستُ أدري!**
**أجديدٌ أم قديمٌ أنا في هذا الوجود؟**
**هـل أنا حرٌّ طليقٌ أم أسيرٌ في قيود؟**
**هل أنا قائدُ نفسي في حياتي أم مَقُود؟**
**أتمنّـى أنّني أدري، ولكن..........**
**لستُ أدري!**
**وطريقي، ما طريقي؟ أطويل أم قصير؟**
**هل أنا أصعد، أم أهبط فيهِ وَ أغور؟**
**أأنا السائر في الدربِ، أم الدربُ يسير؟**
**أمْ كـلانا واقفٌ، والـدهرُ يجري؟**
**لستُ أدري!**
**أتراني قبلما أصبحتُ إنسـاناً سويّا**
**كنتُ محواً ومحالاً، أم تراني كنتُ شيّا؟**
**ألِهذا اللُّغزِ حلٌّ، أم سيبقى أبديـّا؟**
**لستُ أدري.. وَلمـاذا لستُ أدري؟**
**لستُ أدري!**

مانای شیعرەکە ئاوایە:

هـــاتم نازانم لە کوێوە، بەڵام هــــــاتم
لە پێشی خۆمدا رێگەیەکم بینی و رۆیشتم
بمەوێ و نەمەوێ هەر لە رۆشتن بەردەوامـم

---

[1] الطلاسِم كۆی (الطِّـلَسْم)ە، تیلەسم یان تەلسیم (وەك لە زمانی خۆماندا باوە) بەوکۆمەڵە هێڵ و ژمارانە ئەوترێ کە ساحیرو نووسەرەکەی واگومان ئەبا بە هۆیانەوە پەیوەندیی لە نێوان رۆحیانەت و هەسارە باڵاکان و سروشتە نزم و پەستەکاندا دروست دەکا، ئەویش بۆ بەدیهاتنی خوازراوێك و دوورخستنەوەی نەویستراوێك. ئەم وشەیە لە بنەمادا وشەیەکی یۆنانییەو بۆ هەموو شتێکی شاراوەو ئاڵۆز بەکاردێ، وەك مەتەڵ. (بڕوانە **المعجم الوسيط**: طَلَسَ).

چۆن هاتم؟ چۆن رێگەی بینـــی چاوانم؟
مـن نازانم!
ئـــاخۆ تازەم یاخۆ کۆنم لەم بوونـــــەدا؟
ئەرێ ئازادم یا دیلم لەم هەموو هات و چوونەدا؟
ئایا رابەری خۆمم لە ژیانم، یا شوێنکەوتەی خەڵکانم؟
خۆزگەخوازم کە بزانم، بەڵامەکی......
مـن نازانم!
هەروەها رێگەم، چییە رێگەم؟ درێژە یا کورت و کوڵە؟
ئایا بەرز ئەبمەوە تێیدا، یـا دائەبەزم و ئەچمە قوڵا؟
ئەرێ رێبوار منم لەم رێگەدا، یاخۆ خودی رێگە؟
یا هەردووکمان وەستاوین و کات ئەڕواو رێبڕە زەمانم؟
مـن نازانم!
ئەرێ بڵێی پێش ئەوەی ببمە مرۆڤێکی لەم شێوە
من پووچ و نەبوو و مەحاڵ بووم، یا شتێك بووم ئالەو کێوە؟
ئەم مەتەڵە حلی هەیە، یان مانەوەی تا هەتایە؟
مـن نازانم .. ئەرێ بۆ هیچ شتێك نازانم ؟
مـن نازانم!

(حەز ئەکەم ئەوە بڵێم وەرگێڕانەکەی من شیعر نییە، بەس حەزم کرد (ئەگەر کرچ و کاڵیش بێت) لایەنە ئەدەبی و شیعرییەکەی نەکوژم)!

ئەگەر لەو شیعرە ورد بیتەوە و بۆ دەروونی شاعیرەکەی شۆڕبیتەوە، باش دەرکی ئەو ئازار و تاریکیانەی ناو ناخ و دەروونی ئەکەی و ئەزانی مرۆڤ بەبێ خوا یانی ئاژەڵێکی بێ پەیام و بوونەوەرێکی خۆ خۆر و هیچی تر... لەبەرامبەردا گوێ بدە مرۆڤێکی خاوەنپەیام، کە هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە لە کتێبێکی ئاسمانییەوە رووناکییەکی وەرگرتووە و بە هۆیەوە حەواوەتەوە، ئەو ئەڵێ:

**أنا باللّة عزيزٌ**

| | |
|---|---|
| **إن يكنْ قد تاهَ (إيليا)** | **فى فيافى الفلسفاتِ** |
| **باتَ حيرانَ يُعاني** | **من شكوكٍ مظلماتِ** |
| **بات لايعرفُ معنىً** | **لحياةٍ أو مماتِ** |
| **بات لايفرقُ بين الـ** | **ملحِ والعذب الفراتِ** |

**فأنا أدري ـ وأدري لِـمَ أدري ـ سرَّ ذاتي**

| | |
|---|---|
| **أنا أدري مبدئي من** | **أي شيءٍ أنا أتِ** |
| **أنا أدري أين تمظي** | **رحلتي بعد وفاةِ** |

**أنا أدري غايتي، أعرفُ منهاجَ حياتي**
**حسبيَ القرآنُ أتلوهُ فيُحيي لي مواتي**

**شرحتْ لي أصلَ خلقي   بعضُ آيِ (المرسلاتِ)**
**ۆ تجلّـى لي مصـيري   إذ تلَوتُ (النازعاتِ)**
**واستبانَتْ غايتي مِنآيـةٍ فی (الذارياتِ)**[1]
من به خواوه سه‌ربه‌رزم

ئه‌گه‌ر (ئيليا) له بيابان و شيوه‌كانی فه‌لسه‌فه‌دا وێڵ و سه‌رگه‌ردان بووبێ... به‌ سه‌رلێشێواوی به‌ده‌ست كۆمه‌ڵه‌ گومانێكی تاریكه‌وه داماببێت، هیچ مانایه‌ك بۆ ژیان و مردن نه‌زانێت، ئه‌گه‌ر ئه‌و وای لێهاتووه ئاوێكی شۆر و ئاوێكی زوڵاڵ و شیرین له‌یه‌ك جیا ناكاته‌وه، ئه‌وه من وانیم، من نهێنی بوونی خۆم ئه‌زانم و ئه‌شزانم بۆچی ئه‌زانم؟! من ئه‌زانم سه‌ره‌تای دروستبوونم له چییه‌وه بووه، من ئه‌زانم هه‌وارم به‌ره‌و كوێ كۆچ ئه‌كات دوای مردنم، من ئامانج و مه‌به‌ستی بوونم ئه‌زانم، من ڕێبازی ژیانم ئه‌ناسم، قورئان به‌سه كه بیخوێنمه‌وه‌و هه‌رچی خاكی بێگیانم هه‌یه بۆمی زیندووكاته‌وه، بنه‌مای دروستبوونم هه‌ندێ ئایه‌تی سوره‌تی (المرسلات)[2] بۆی روون كردوومه‌ته‌وه، داهاتوو و سه‌ره‌نجامی خۆمم بۆ ده‌ركه‌وت له كاتی خوێندنه‌وه‌ی سوره‌تی (النازعات)[3]داو ئامانجی بوونی خۆیشمم لاڕۆشن بوویه‌وه به هۆی ئایه‌تێكی سوره‌تی (**الذاريات**)[4]ه‌وه!

هه‌وڵده دووسێجارێك ئه‌و دوو شیعره بخوێنه‌وه و لێی ورد به‌ره‌وه و به‌راوردێكی له‌سه‌رخۆ بكه له نێوان ده‌روونی بێژه‌ره‌كان و نووسه‌ره‌كانیاندا، بزانه كامیان ئاسووده‌ن و دڵ و ناخی كامیان ئارامه، پاشان ئازادی، ئه‌ته‌وێ وه‌كو كامیان بی؟ ئارام و ئاسووده یا داماو و سه‌رگه‌ردان؟!

---

[1] ئه‌م شیعره له دیوانی (المسلمون قادمون)ی (د. **یوسف القرضاوي**)دا هاتووه، كه له ته‌مه‌نی گه‌نجیدا نووسیویه‌تی.

[2] مه‌به‌ستی ئایه‌ته‌كانی 20-23 ی ئه‌و سوره‌ته‌یه كه باس له دروستكردنی مرۆڤ ئه‌كا، له تۆوێكی یه‌كجار و بێزراو دروست كراوه (**ألم نخلقكم من ماءٍ مهين...**) ئه‌مه‌ش لای خواوه بوو.

[3] ئاماژه‌یه بۆ ئایه‌ته‌كانی 35-41 ی سوره‌تی النازعات، كه چاره‌نووسی مرۆڤه باشه‌كان و ئاده‌میزاده خراپه‌كان روون ئه‌كاته‌وه (**يوم يتذكر الإنسانُ ماسعى..**) باش بۆ به‌هه‌شت و خراپیش بۆ دۆزه‌خ.

[4] ئه‌و ئایه‌ته ئایه‌تی 56 ی سوره‌تی (**الذاريات**)ه كه له‌یه‌ك رسته‌دا و له‌یه‌ك وشه‌دا په‌یامی مرۆڤ كورت ئه‌كاته‌وه:"**وما خلقتُ الجنَّ والإنسَ إلا ليعبدون....**) جنۆكه‌و مرۆڤ ته‌نیا بۆ به‌ندایه‌تی خوا دروست كراون. به‌ندایه‌تی به مانایه‌كی گشتیی و قوڵ، كه دوایی باسی ئه‌كه‌ین (**إن شاءالله**) به كورتی به‌ندایه‌تی واتا خۆ ته‌سلیمكردن به هێزێكی مه‌زن و باڵا، به خوای باڵاده‌ست.

مرۆڤکه هێزێکی باڵاو سەروو سروشتی بەدی نەکرد، کە پشتی پیٚ ببەستیٚ و لیٚی بترسیٚ، ئومێدی پیٚی بیٚ، زاتێکی شك نەبرد تا بیانووی مان و ژیانی بێت ئیتر لە هەموو شت ئەترسیٚ و لە خۆی و ژیان و مردن و مانیش بێزار ئەبیٚ و بەدەسیانەوە گیر ئەخوات. (محمد زکی عبدالقادر) لە (ڕۆژانە)کەیدا باسی هاوڕێیەکی بێباوەڕی ئەکات، کە نامەیەکی بۆ ناردووەو باسی حاڵی دەروونی خۆی بۆ ئەکا، تێیدا هاتووە: "من لە ترسێکی بەردەوامدا ئەژیم، لە خەڵکی و لە شتەکانی دەوروبەرم وەختە بتۆقم، نە سەروەت و سامان ئارامییان پێبەخشیم، نە پلەو پایەو نە لەشساغی پێیاندام، نە پیاوەتی و نە ئافرەت، نە دڵداری، نە شەونخوونییە سوورەکان.. بە هەموو شت دڵتەنگ ئەبم، دوای ئەوەی هەموو شتم تاقیکردەوە.

من ڕقم لە خۆمە، لە خۆم ئەترسم، ئەریٚ تۆ ئەو دێوو درنجانەی دەوروبەرم نابینی؟هەست ناکەی ترس دەمی داچەقاندووە تا هەڵملوشێنیٚ؟

ئەم ترسە لە چییەوەیە؟خەم و خەفەت؟من کە خەفەتێکم نییە، خەمی گەورەی من ئەم دونیایەیە، ماڵم لایە، پلە و پایە، لەشساغی، ئافرەت وجوانی و.. هەموو شتم لەبەردەستایە، هەموو شتێك موڵکی منە، ئەی ئیتر بۆچی ئەترسم؟ لە چی ئەترسم؟!

لە خوا؟نەخێر، خوا هەر بوونی نییە لە ژیانمدا، ئەی ئیتر لە چی ئەترسم؟لە کۆمەڵگە؟من ڕقم لە کۆمەڵگەیەو بە پوچی ئەزانم و گاڵتەشم پیٚی دیٚ. ئەی کەوابیٚ ترس لە کوێوە سەرم تێئەکاو لە کوێوە بۆم دیٚ؟لە مردنەوە؟ ڕێی تێدەچیٚ، بەڵام من زۆر گوێی نادەمیٚ، هەست ناکەم لە مردن بترسم، تەنیا وەك دیاردەیەك ئەی بینم. ئەی کەوابوو ئەم ترسەمە لە کوێوە دیٚ؟!

پێئەچیٚ هی ئەوە بیٚ وا ئەترسم، کە هیچ شتێك نییە لیٚی بترسم، پێئەچیٚ هی ئەوە بیٚ وا ئەترسم، کە هەموو شتێك لەنێو دەستەکانمدایە، هەموو شتێك لام ئامادەیە، بە ڕاستیی تێرییش وەکو برسێتییە، هەردووکیان زراوی مرۆڤ ئەبەن! ئەگەر ماڵ و سامانم نەبوایە، خۆزگەم بۆ هەبوونی دەخواست و هەوڵم بۆ ئەدا، شەوو ڕۆژم لە پێناودا دەخستە سەریەك. ئەگەر پایەیەکی ڕێزدارم نەبوایە، هەموو توانام لەو پێناوەدا سەرف دەکرد، تا بیگەمیٚ، بەڵام هەموو شت هەیە: ماڵ، ژن، هاوڕیٚ، ڕێز، هەموو ئەو شتانەی خەڵکیی هەوڵی بۆ ئەدەن و بیر لەبەدەستهێنانی ئەکەنەوە گشتیی بە ئاسانی لەناو چنگمدان. شتێك نییە سەرم قاڵ بکات و بە دەستهێنانی ماندووم کات.. ژیانی من فەزایەکە، بۆشاییکە.. خەمەکانم؟ خەمم نییە خۆ! کەواتە ناچارم ئەبیٚ بترسم، چونکە شتێك بەدی ناکەم لیٚی بترسم، هەر ئەبیٚ لەو نادیارو نەناسراوە بترسم کە نایناسم...

من (بە ڕاستی) سەرەڕۆو وێڵم لەم ژیانەدا لەبەرئەوەی گەشتووم بە لوتکەی ژیان، هەنوکە ژیان دووژمنی منە.. هیچ لەم ژینەدا نییە، هەمووم بەدەستهێناوە.. واهەستەکەم ئێستا ژیان پێم ڕائەبوێریٚ، وەکو دەڵەدێو بەرەو رووم ڕائەوەستیٚ.. ئێستا زانیم لە چی ئەترسم.. بەدڵنیاییەوە ئەڵێم: من لە خودی ژیان ئەترسم!! **(الایمان والحیاة)**.

ئادەمیزاد ئەگەر زوو وەڵامی مرۆڤەکەی ناخی نەداتەوە، دوور نییە بۆ ڕزگاربوون لەم ترس و نائارامییە پەنا ببا بۆ خۆکوژی..

کە خوێنی خۆمم ڕشتە تـابلۆوە..

کە زانیم ئیتر خۆر لێم هەڵنایەت..

من گوللەی مەرگم نـا بەخۆمەوە..

چونکە (بەدبەختی کۆتایی نایەت) (لە غوربەتا).

(بدیع الزمان سەعیدی نوورسی) ئەڵیٚ: "قوتابی دڵسۆزی فەلسەفە (فیرعەون)ە، بەڵام فیرعەونێکی سەرشۆڕ، چونکە پووچترین شت ئەپەرستیٚ لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیدا، هەموو شتیٚ کە سوودی پێئەگەیەنیٚ ئەکا بە خوای خۆی.

پاشان ئەو قوتابییە بێباوەڕە (یاخی و کەللەشەق)ە، بەڵام یاخییەکی داماو کە ئەوپەڕی سەرشۆڕی بۆ خۆی قایل دەبێ لە پێناو گەیشتن بە چێژێکدا، کەللەشەقە بەڵام ریسوا، چونکە خۆی ژێربارو ملکەچی کەسانێك ئەکا کە وەك شەیتانن، نەك هەر ئەوە بەڵکو پێیشیان ماچ ئەکا!

ئەو قوتابییە مولحیدە (سەرکەش و زۆردار)ە، بەڵام زۆردارێکی دەستەوسان، چونکە هەست بە ئەوپەڕی دەستەوسانی ئەکا لەناو ناخی خۆیدا، لەبەرئەوەی لە دڵی خۆیدا کەسێك شك نابا کە پەنای بۆ ببا.

ئەو قوتابییە (بەرژەوەندیخوازو خۆپەرست)ە، جگە لە خۆی کەس نابینێ. ئەوپەڕی هەوڵی تێرکردنی ئارەزووەکانی نەفس و زگ و داوێنییەتی.

ئەو (فێڵزان و تەڵەکەباز)ە هەمیشە بە ناوی بەرژەوەندیی گشتییەوە بە دوای قازانجی تایبەتی خۆیدا دەگەڕێ.

بەڵام قوتابی دڵسۆزی قورئان (بەندە)یە، بەڵام بەندەیەکی سەربەرز کە بۆ هیچ کەسێك سەر دانانەوێنێت با ئەو کەسە مەزنترین دروستکراویش بێت.

ئەو قوتابییەکی (خاکی، نەرم ونیان)ە، بەڵام بە ویستی خۆی جگە بۆ بەدیهێنەری مەزنی خۆی مل بۆ کەسی تر کەچ ناکا.

پاشان ئەو (هەژارو لاواز)ە، لە لاوازی و بێدەسەڵاتی خۆی دڵنیایە، بەڵام لە هەموو شتێکی ئەم دونیایە بێ منەتە، بە هۆی پشتبەستنی بەوەی خوا بۆی داناوە لە خەزێنەی بێ کۆتای دوارۆژ. (بەهێز)یشە، چونکە پشت و پەنای ئەو هێزێکی رەهایە". **رسالة** (أنا) ل112 ـ 113.

چەند جوانی وتووە ئەو بەندە چاکەی کە وتوویەتی: "ئیلاهی! ئەوەی تۆی ون کرد چی دەستکەوت؟! ئەوەی تۆی دۆزییەوە چی لێ ون بوو و چی نییە ئاخر؟!".. ئەوەی ئەو ونکا هیچی نامێنێ و ئەوەی ئەوی دۆزییەوە بۆ خۆی بردیەوەو سەرفراز بوو.. پێویستە ئەو هەبێ، تا بەردەوام بە ئومێدی رەزای ئەو درێژە بە ژیان بدەیت، شتێك گەورەتر لە ژیان، لە دەرەوەی جیهان، کە لەم چەند رۆژە کەمەی دنیادا چنگت پێی ناگاو نایەتە دەستت.. پێویستە ئەو هەبێ، تا لە شەرم و ترسیدا ژیانمان خۆشبوێ، تا لە سایەیدا پاڵ بدەینەوەو هەست بە ئارامی و ئاسودەیی بکەین، ئەومان نەهێشت واتە بڕیاری شێتی خۆمان، پووچی ژیان، بێمانایی بەها مرۆڤایەتییەکان، ترسان و تۆقان لە وردو درشتی دەوروبەرمان..دا، نەمانی ئەو یەکسانە بە هەموو ئەمانە.. جوانی وت ئەو فەیلەسوفە رۆژئاواییە: "خوا، ئەگەر نەشبێت پێویستە دروستی کەین"! قسەیەکی زۆر بەجێیە، بەڵام "نەك وەك ئەوەی خەڵك لێی حاڵی بوون، یان پێئەچێ خۆیشی مەبەستی بووبێ، بەڵکو بەو شێوەی من لێی گەیشتووم"[1]، نەك پێویستە، بۆ رێکخستنی بەرژەوەندیمان، بۆ ئەوەی بە ترساندن لەو زیانی ماددی و تاوان کەمکەینەوە، ئا ئێستا بێزم لە هەرچی ناوی ماددەیە دێتەوە.. بەڵکو بەو مانا جوانە، کە بوونی ئەو لەوە دەرچووە کە مومکین بێت، بڵێین ئەگەری هەیە هەبێ، بوونی ئەو لە سەرووی ئەم قسە پوچەوەیە، بوونی ئەو پێویستە، زەروورەتە، خودی ئەو بەڵگەی بوونی شتەکانی ترە، نەبوونی ئەو یانی نەبوونی من و تۆ، ژیان، مردن..نا..نا، ناکرێ، بێ ئەو... هیچ شتێك ناکرێ!

[1] ئەم تەعبیرە زۆرجار دکتۆر شەریعەتی بەکاری هێناوە، کە جاری وا هەیە قسەیەك ئەبیستی زۆر جوان و راستە، بەڵام بێژەرەکەی بە مەبەستێکی خراپ وتویەتی، جا تۆ قسەکە وەرئەگری بە لێکدانەوەی خۆت، نەك نییەتی بێژەرەکە. ئەوەش ئەبێ بزانین خوا دروست ناکرێ، خۆی هەیە و هەموو بوون بەو بەندو راوەستاوە، ئەبێ ئێمە باوەڕی پێ بێنین.

(خالید محەمەد خالید) لە کتێبی (**أفكار في القمة**)دا باسی (تۆڵستۆی) ئەکات، تۆڵستۆی یەکێکە لە هەرە گەورە ئەدیبان و چیرۆکنوسانی جیهان، ئەو ئەندێشمەندێکی مرۆڤ و مرۆڤدۆست بوو.. ئەو دەربارەی (تۆڵستۆی) ئەڵێ: "تۆڵستۆی بە ئەرکی سەرشانی هەموو مرۆڤێکی ئەزانیٚ کە راوەستێت و لە خۆی بپرسیٚ: "من کێم؟ من چیم؟من بۆ هەم؟ ئیشم چییە؟" ئەو ئەڵێ: مرۆڤەکانی پێشی من، فەیلەسوف و پێغەمبەران وەڵامی ئەم پرسیارانەیان داوەتەوە، بەڵام من رازی نابم تاکو خۆم وەڵامێك نەدۆزمەوە..تاکو خۆم وەڵامێکم دەستنەکەویٚ واز ناهێنم، ئەپرسیٚ: ئایا من بەشێکم لە بێکۆتا ؟پەیوەندیی لە نێوان سنوردار (محدود) و بیٚ سنوور (لا محدود)دا چییە؟ ئەو زۆر لەسەر ئەم پەیوەندییە ئەوەستیٚ و زۆر لەم پرسیارانە رائەمێنیٚ، تا ئەڵێ: بیرۆکەی بوونی خوایەکی بیٚ کۆتا، بیرۆکەی رۆح و پەیوەندیی نێوان ئەو خوا رەهاو بیٚ سنوورە و ئەم مرۆڤە دەسەپاچەیە، دیدی مرۆڤ بۆ خێرو شەڕو چاکەو خراپە، هەموو ئەمانە بیرۆکەیەکن، کە لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا چێنراون..کە ناکریٚ بیٚ ئەو بیرۆکانەو بیٚ بوونی ئەو لێکدانەوانە نە من و نە ژیان و نە جیهان بەردەوامبین لەمان...

"بیٚ گومان هەموو ژیان، ئەگەر ئێمە بزانین یان نەزانین، بەپێی ویستێك ئەڕوات، مەبەستم ئەوەیە ویستێك و ئیرادەیەك لەسەری ئەم گەردوونەوە هەیە، کە هەموو ژیان بەپێی ویستی ئەو ئەڕوات...گومانیشم نییە کە ئەو شتێکی ئەویٚ و مەبەستێکی هەیە لەم ژیان و بوونە، هەرچەند ئێمە هیچی لیٚ نەگەین و حاڵیی نەبین، بەڵام هەر مەبەستێکی هەیە!"

بۆ ئەوەی مرۆڤ لەو ئیرادەیە تێبگات..لەو ویستە حاڵیی بێت کە گەردوون بەرێوە ئەبا، پێویستە یەکەمجار گوێڕایەڵیی بکا، ملکەچی بێت! بیٚ هیچ پرسێك، بیٚ هیچ لیٚپێچینەوەیەك ئەبیٚ گوێبیستی فەرمانەکانی بێت و گوێڕایەڵی بێت، پاشان وردە وردە شتێکی لا روون دەبیٚ و شتێك حاڵیی ئەبیٚ.

"پاش گەشتنم بەم باوەڕە هەر دەگەڕام کە شتێك لە نهێنی بوون حاڵیی ببم..دەنگێك لە ناخمدا هاواری کرد: دوای ئەمە بە شوێن چیدا ئەگەڕێی؟ دوای ئەوەی زانیت ویستێك هەیەو ئەبیٚ ملکەچی بی ئیتر چیت ئەویٚ؟!ئەمە ئەوە..خۆیەتی!! ئەمە ئەو نهێنییەیە ئەتویست بیدۆزیتەوە، دەستتکەوت، تەواو.. ئیرادەیەك هەیە ئەبیٚ گوێڕایەڵی کەیت، (گوێڕایەڵی) کاری تۆیە لەم گەردوونەدا.. بزانە کە ئەم ویستەو ئەم گوێڕایەڵییە شتێکە کە هیچ مرۆڤێك ناتوانیٚ زیاتر بیری لیٚ بکاتەوەو هیچ کەسیش ناتوانیٚ بەبیٚ ئەو بژی"، ئەوەی رابورد ناوەڕۆکی قسەکانی تۆڵستۆی بوو، بەڵام هەندیٚ دەسکاریم لە وشە و رستەکاندا کردووە.

شەریعەتی لە (گفتگوهای تنهایی)دا باس لە گفتوگۆیەکی نێوان خۆی و هاوڕێیەکی ئەکا.. لە هاوڕێکەی ئەپرسیٚ: "باوەڕ چییە؟ ئەویش ئەڵیٚ: زانین و بیرکردنەوە و کارپێکردن. دوای چەند جارێك راستکردنەوە، (شەریعەتی) ئەڵیٚ: ئیمان کارپێکردن و بیرکردنەوە و زانین (تێگەیشتن)ە!

گوێڕایەڵی: (**عبودية**)، هەمان ئەو راستییەی هەموو پێغەمبەران هاتوون بۆ چەسپاندن و ئاودێری کردنی.. ئەو حەقیقەتە قورئانییەی لەیەك دێڕدا وەڵامی پرسیاری مانووکەری "ئێمە چی بکەین لەم بوونەداو چیمان لەسەرە بیکەین؟"ی داوەتەوە:"**لِيَعْبدون**"!

ئەرێ ئێوە قەت نەبووە لە کاتێکی ناخۆش لە ژیانتاندا، لە رۆژگارێکی پڕ ئازارو بێ ئومێدیی تەمەنتاندا.. هەستتان بە بوونی ژیانێکی ترو شتێکی تر (جگە لێرە) کردبێت کە شایستەی قوربانی بۆدانە؟ تۆ.. قەت نەبووە لە گرژی و مۆنیدا بیری نیشتمانێکی ترو ئومێدی ژیانێکی تر بتهەژێنێ و بتجولێنێ و رووگەش و دڵ شادت بکا؟!

(ڕەوشت محەمەد)ی نوسەرو شاعیری هەست ناسك، ئەو برا ئازیزەم کە تاوەکو ئەم ساتەی پێنوس لەسەر کاغەز دەخشێنم نەمبینیوەو ناشزانم کە هەر ئەیبینم یا نا؟! مرۆڤەکەی ناخی هەر لە مناڵییەوە بەخەبەر بووە، خزم و نزیکانی باسی ڕووداوێکی تەمەنی مناڵیی ئەکەن، کە بۆ ئێرە زۆر گونجاوە: لە مناڵیدا رەوشت دارلاستیکێکی ئەبێ، راوە پاساری پێ ئەکا و باڵندەی پێ ئەکوژێ، ئەم دارلاسیکەی زۆر بەلاوە شیرینە و زۆری خۆش ئەوێ! رۆژێك لە کۆڵان پاساری (چۆلەکە)یەك بە دەستی مناڵێکی ترەوە ئەبینێ پێی ئەڵێ: گوناحە ئازاری مەدە.. بەرەڵای کە. بیرمان نەچێت رەوشت کە ئەم قسانەی کردووە مناڵێکی پاك و ساوا بووە، نە مانای خۆهەڵکێشان و فشەلێدانی زانیوە، نە بیریشی لای فریشتە تورەکانی دۆزەخ بووە! مناڵەکەی تر پێی وتووە: وەڵا بەری نادەم، تۆ حەقت چییە؟! ئەویش هەر سوورە لەسەر داواکەی خۆی: بەری بدە، گوناحە! مناڵەکە وتوویەتی ئەو دارلاسیکەم بدەرێ بەری ئەدەم... (ڕەوشت)ی مناڵ هەرچەند دارلاسیکەکەی لە دڵا شیرینە، بەڵام ئازادیی ئەو باڵندەی لا گرنگترە، بۆیە دوای دووسێ جارێك سەیرکردنی دارلاسیکەکە ئەڵێ: ها بیبە!! ئەمە کێیە دەستبەرداری حەزێکی خۆی ئەبێ لە پێناوی ئازادیی گیانلەبەرێکدا؟ ئەمە ئەو رەوشتە نییە کە رۆژانە نان ئەخوات و ئەخەوێ و لە سەر بچوکترین بەرژەوەندیی خۆی پێئەچێ (وەکو هەر ئادەمیزادێکی تر) بە شەڕ بێت!ئەمە مرۆڤبوونی رەوشتە کە ئاوا کارێك ئەکا، ئەمە گیانێکی ئاسمانییە، زەمینی نییە... بە هیچ پێوەرێك لە پێوەرە زەمینییەکان راڤە ناکرێو مانا ناکرێ... جگە لەوەی کە رەوشت شتەکەی خۆی لەدەست دا، هیچ شتێکی ماددیشی لەبەرامبەردا دەست نەکەوت، دارلاسیکەکەی ئەم رۆشت و چۆلەکەکە ئازاد بوو، شتێك کە پەیوەندیی بە لاشە و جەستە و حەزی ماددی رەوشتەوە بێت بەدی ناکرێ!

خوا، قیامەت، چاکەکاری و ڕۆح مانا ئەدەنە ئەم کارانە، ئەگەرنا شێتییە، ئیشی ئێمەی مرۆڤ چاکەکارییە بۆ خوا، بەندایەتییە، لەخۆگوزەرکردنە، قوربانیدانە بەخۆ لە پێناوی رەزای ئەودا، هەرچی و هەر کارێك تێکەڵ بە یادی ئەوو خواستنی رەزای ئەو کرا، ئەبێتە پەرەستش، جگە لەوە هەندێ جوڵەی میکانیکییە و بەس! هەر کارێك جگە لەم کارە خۆخەریککردنە بە شتی لاوەکییەوە، دواکەوتنە لە بەجێگەیاندنی کارە سەرەکییەکە.. (مەولانا جەلالەدین) لە (فیە ما فیە)یدا ئاوا باسی ئەم راستییەمان بۆ ئەکا: "یەکێك هات و وتی لێرە شتێکم فەرامۆش کردووە! خوداوەندگار فەرمووی کە: لە عالەمدا، یەك شتە کە بۆ فەرامۆشکردن نابێ. ئەگەر گشت شتێك فەرامۆش بکەی و ئەو فەرامۆش نەکەی، قەیدی نییە و ئەگەر گشت وەبیر بێنییەوە و لەیادت بێ و فەرامۆشی نەکەی، ئەو فەرامۆش بکەی، هیچت نەکردووە. هەر ئەو جۆرەی کە پادشایەك تۆی بۆ گوندێك نارد، بۆ کارێکی دیاری کراو، تۆ چووی سەد کاری دیکەت جێبەجێ کرد، چونکە ئەو کارەی بۆی چووبووی بە جێت نەهێنا، وەك ئەوەیە هیچت بەجێ نەهێنابێ. کەوایە مرۆڤ بۆ کارێك هاتوتە ئەم عالەمە و مەبەست ئەوە. کە ئەو بەجێ نەهێنی، کەوایە هیچت نەکردووە.

مرۆڤ توانای ئەو کارەی هەیە، کە نە لە توانای ئاسماندایە، نە لە توانای زەوی و کێوەکان. کە ئەو کارە بکەن، زۆرداری و نەفامی لێی جیا دەبێتەوە، ئەگەر تۆ بڵێی کە: "ئەگەر ئەو کارە ناکەم، چەندین کاری دیکەم پێ دەکرێ"، مرۆڤیان بۆ ئەو کارانەی دیکە نەخولقاندووە. وەهابێ کە تۆ شمشێرێکی هیندی لەقیمەتنەهاتوو، کە بەس لە خەزێنەی پادشایان دەست ئەکەوێ، هێناوتە و کردووتە ساتوری گۆشتی گەنیو کە "من ئەو تیغە مەحتەل ناکەم، بەو چەندین مەسڵەحەت جێ بەجێ

دەکەم"، یان مەنجەڵی زێڕت هێناوەو شێلمی تێدا دەکوڵێنیت کە بە هەندێك لەو، سەد مەنجەڵی دەست دەکەوێ، یان کێردی گەوهەرنیشانت کردۆتە گوڵمیخی کولەکەیەکی شکاو (کە من مەسلەحەت دەکەم و کولەکەی پێدا دەکەم و ئەم کێردە مەحتەل ناکەم) جێی داخ و پێکەنین نییە؟ چونکە کاری ئەو کولەکەیە بە گوڵمیخی دار و ئاسنیش کە نرخیان پولێکە جێبەجێ دەکرێ، چ عەقڵێکە کە کێردی سەد دیناری بەو خەریك بکەی؟

گریمان بیانوو دێنییەوە کە من خۆم کارێکی بێ هاوتا دەکەم، زانستی شەریعەت و حیکمەت و مەنتیق و ئەستێرەناسی و پزیشکی و غەیرە دەخوێنم. ئاخر، ئەوانە گشتی بۆ تۆن، ئەگەر شەریعەتە، بۆ ئەوەیە هەتا کەسێك نانت لە دەست نەرفێنێ و جلت دانەکەنێ و تۆ نەکوژێ، هەتا تۆ بە سەلامەت بی، ئەگەر ئەستێرەناسییە، ئەحواڵی فەلەك و شوێندانانیان لە زەوی، لە هەرزانی و گرانی و هێمنایەتی و خۆف، هەموو پەیوەندییان بە ئەحواڵی تۆوەیە و بۆ تۆیە، ئەگەر ئەستێرەیە، لە سەعد و نەحس، پەیوەندیی بە تالعی تۆوەیە و بۆ تۆیە، ئەگەر پزیشکییە بۆ سەلامەتی تۆیە کە فلان دەرمان ئەو خاسیەتەی هەیەو فلانە گیا بۆ فلانە کار باشە. کە بیری لێ بکەیەوە، ئەسڵ تۆی و ئەمانە فەرعی تۆن کە فەرعی تۆ چەندین لێکدانەوە و شتی سەیرو سەمەرەو ئەحواڵی جۆراوجۆرو عالەمی سەرسوڕهێنەری بێنەهایەتی هەبێ، بڕوانە کە لەسەر تۆ (کە ئەسڵی) چها حاڵەتی دەبێ! کە فەرعەکانی تۆ بەرزو نەوی بوونەوەو سەعدو نەحسیان هەبێ، تۆ کە ئەسڵی بڕوانە چها بەرزو نەوی بوونەوەی عالەمی رووح و سەعدو نەحس و سوودو زیانت ئەبێ ـ کە فلانە رووح ئەو تایبەتمەندییەی هەیەو ئەمەی لە دەست دێ، فلانە کار لە تۆ ئەوەشێتەوە.

تۆ جگە لەم چێشتە خۆش و خۆراکە، خۆراکێکی دیکەت هەیە. لەم عالەمەدا ئەو خۆراکە ناسکەت فەرامۆش کردووە و خەریکی ئەم خۆراکە پیسکەی و شەوو رۆژ لەش پەروار دەکەی. ئاخر، ئەم لەشە ئەسپی تۆیە و ئەم عالەمە ئاخوڕی ئەوە. خۆراکی ئەسپیش خۆراکی سوار نییە. ئەو لەسەری خۆیدا خەوو خۆراك و نیعمەتێکی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوە کە حەیوانییەت و چوارپایی بەسەر تۆدا زاڵبووە، تۆ لەسەر ئەسپی لەش، لە ئاخوڕی ئەسپەکان جێماوی و لە ریزی پاشایان و ئەمیرانا بێڕێز بووی، دڵت لەوێیە، بەڵام چونکە لەش زاڵە، حوکمی لەشت وەرگرتووەو بە ئەسیری ماویتەوە.

چەشنی مەجنوون کە تەمای دیاری یاری کردبوو، وشتری بۆ ئەو لایەنە لێدەخوڕی، هەتا هۆشی لە سەرخۆ بوو. کە تاوێك نوقمی لەیلی دەبوو و خۆو وشتری فەرامۆش دەکرد (وشتر لە گوند بێچویەکی هەبوو) هەلی دەست ئەکەوت، دەگەڕایەوەو دەگەیشتەوە گوند. کە مەجنوون وەخۆ دەهاتەوە، دوو رۆژەڕێ گەڕابووەوە. بەم جۆرە سێ مانگ لە رێدا بوو، لە ئاکام، هاواری کرد کە "ئەم وشترە بەڵای منە!"، لە وشتر دابەزی و وەڕێ کەوت.

فەرمووی کە سەید بورهانەددینی موحەقیق قسەی دەفەرموو، یەکێك هات کە: پەسنی تۆم لە فلانە کەسی بیست!

گوتی: با بزانم ئەو فلانە کەسە چ کەسە، ئەو پلەیەی هەیە کە من بناسێ و پەسنی من بکا؟ ئەگەر ئەو منی بە قسە ناسیبێ، کەوایە منی نەناسیوە! چونکە ئەم قسەیە نامێنێتەوەو ئەم دەنگ و ئاهەنگە نامێنێتەوەو ئەم لێوو دەمە نامێنێتەوە. ئەمە گشتی قایم بە غەیرە (بە جگە لە خۆی وەستاوەو بە ندە لەسەر غەیری خۆی) ئەگەر بە کرداریش ناسیویەتی، هەر وایەو ئەگەر جەوهەری منی ناسیوە، ئەودەم دەزانم کە ئەو دەتوانێ پەسنی من بکاو ئەو پەسنە هی منە.

حەکایەتەکەی وەها دەبێ کە دەڵێن پادشایەك کوڕی خۆی سپاردبووە دەستی جەماعەتێکی ئەهلی هونەر، هەتا ئەو فێری زانستی ئەستێرەناسی و رەمڵ و شتی تر بکەن و بیکەنە مامۆستایەکی تەواو، لە کاتێکا ئەو گەوج و نەفام بوو. رۆژێك پاشا ئەنگوستیلەیەکی لە مست نا، کوڕی خۆی تاقی کاتەوە کە "وەرە بڵێ چ لە مستمدایە؟"

گوتی: "ئەوەی لەمستتدایە، خڕەو زەردەو نێوبۆشە!".

گوتی: "چونکە نیشانەکانت راست بوو، کەوایە حوکم بکە دەبێ چ بێ؟".

گوتی: "دەبێ بێژینگ بێ!".

گوتی: "ئاخر، ئەم چەند نیشانە راستەت هەڵدا کە ئەقڵ تێیدا بەهێزی خوێندن و زانست حەیران دەبێ، ئەوەندەت بە مێشکدا نەهات کە بێژنگ لە مست دا جێی نابێتەوە؟!".

"ئێستا، وەهاش، زانایانی ئەهلی زەمان ورد دەبنەوە لە شتی دیکە کە پەیوەندیی بەوانەوە نییە، زۆریان زانیوە و ئەوەی کە گرنگەو لە هەموو کەس نزیکترە، خودی ئەوەو خودی خۆی نازانێ. هەموو شتێك بە حەڵاڵ و حەرام حوکم دەکا (کە ئەمە دەشێ و ئەوە ناشێ و ئەمە حەڵاڵە یا حەرامە) و نازانێ کە (خۆی) حەڵاڵە یا حەرام، ئەشێ یا ناشێ، پاکە یا ناپاك؟!

"کەوایە ئەو بۆشایی و زەردایی و نەقش و خراپی، رواڵەتە، کە ئەگەر لە ئاگری بهاوی، هیچی لێ نامێنێتەوە، دەبێتە زاتێکی پاك لەم هەموو شتە، لەو هەموو نیشانانەی کە هەڵیدەدەن لە زانست وکردارو قەول، وەهایە و پێوەندی بە زاتی ئەوەوە نییە، کە دوای هەموو ئەوانە، ئەوەی دەمێنێ هەر ئەوە.. نیشانەی ئەوان ئەمە دەبێ، کە هەموو ئەو نیشانانە بڵێن و شەرحی بکەن و لە ئاکام، حوکم بکەن کە "مست بێژنگی تێدایە!"، چونکە لەوەی کە ئەسڵە خەبەریان نییە.

من باڵندەم، بولبولم، توتیم، ئەگەر بە من بڵێن جۆرێکی دیکە بخوێنە، ناتوانم. چونکە زمانی من وەهایە، جۆرێکی دیکە ناتوانم بخوێنم. بە پێچەوانە ئەو کەسەی کە فێری خوێندنی باڵندە بووە، ئەو مەل نییە، دوژمن و راوچی مەلەکانە، دەخوێنێ و دەچریکێنێ هەتا ئەو بە مەل دانێن، ئەگەر حوکم لەو بکەن کە جگە لەم خوێندنە جۆرێکی دیکە بخوێنە، دەتوانێ. چونکە ئەم دەنگە خواستراوەتەوە و هی ئەو نییە، دەتوانێ جۆرێکی دیکەش بخوێنێ. چونکە فێر بووە کە شمەکی خەڵك بدزێ و لە هەر ماڵەی قوماشێك نیشان بدا".

ئەو چەند لاپەڕەی رابورد هەموو (لەسەر یەك) قسەی مەولەوی رۆمی بوو، بە وەرگێڕانی (عەلی نانەوازادە)، هەرچەند خۆم هەندێ وشەیم گۆڕی، چونکە ئەو بە شێوازێکی کەمێك ناباو وەریگێڕاوە.. ئەو قسانە شایستەی ئەوەن چەند جار بیانخوێنیتەوە، تا باش و جوانتر حاڵیی ببیت و لە مەرامی منیش تێبگەیت لە پەڕەکانی تری ئەم پەرتووکەدا!

ئێمە بۆ کارێکی تر هاتووین و زۆربەمان خەریکی سەدان کاری ترین جگە لەو کارەی کە بۆی هاتووین، مرۆڤەکەی ناو ناخیشمان باش دەزانێ کە ئەرکی سەرەکیی خۆمان بەجێ نەهێناوە، بۆیە ناهێڵێ بە ئاسوودەیی دانیشین و بە ئارامی بژین، بەردەوام ئازار دەچەشێ و ئازاریشمان دەدا و ئۆقرەمان لێدەبڕێ...

کاری بنەڕەتی ئێمە تەسلیمبوونە بەو هێزو ئیرادە پڕحیکمەتەی بوون دەسوڕێنێ، ئەگەرچی ئەقڵی ئێمە پەی بە زۆرێك لە حیکمەتەکانی ئەو نابا، ئەسڵەن عەقڵ هەر بۆی نییە لەوێداو لەبەردەم ئەو ئیرادەدا کار بکا!!

ئەم کارەش (ملکەچی ڕەها بۆ پەروەردگاری بوون) کارێکی قورس و گرانە، بەڵام لێوان لێوە لە چێژ، لە ئاسوودەیی، لە دڵنیایی، سەر ماندوو ئەبێ، بەڵام دەروون ئارام ئەگرێ. مێشك دێتە ئێش، بەڵام دڵ ئەحەوێتەوە! لەکارخستنی عەقڵ، یا ڕاستتر بڵێین: لەکارکەوتنی عەقڵ لەبەردەم ئیرادە و حیکمەتی خوادا کارێکی سەختە، هەموو پیاوێك بەرگەی ناگرێ، (**ابن الجوزي**) دەڵێ: "هەرکەس واگومان ببات کە تەکلیف و ئەرکی شەرعی سووك و ئاسانە، ئەوە ئەرکی نەناسیوە.. ناشێ گومانکەرێك واگومان بکا کە تەکلیف: شۆردنی ئەندامەکانی لاشەیە بە ئاو، یان ڕاوەستانە لەناو میحرابدا بۆ بەجێهێنانی دوو ڕکات نوێژ؟ هەیهات! ئەمە ئاسانترین و سوکترین ئەرکە.

"ئەرکی ڕاستەقینە ئەوەیە کە شاخەکان نەیانتوانی هەڵیگرن، بەشێك لەو ئەرکە ئەوەیە: من کە بینیم قەدەر بە شێوەیەك دەڕوا کە عەقڵ لێی تێناگا، عەقڵ ناچار ئەکەم کە ملکەچ بێت بۆ خاوەن قەدەر، ئەمەش قورسترین تەکلیفە. بە تایبەت ئەوەی کە عەقڵ هیچ لە ماناکەی تێناگاو نایزانێ، وەك وەلیمە کردن بۆ منداڵ، سەربڕینی ئاژەڵ، لەگەڵ باوەڕ بوون بەوەی کە ئەو کەسەی ئەم قەدەرەی داناوە و ئەمری پێ کردووە بە بەزەییترین خاوەن بەزەییەکانە. ئەمە شتێکە کە عەقڵ تێیدا سەرسام ئەبێ، ئەمە تەکلیفی ملکەچی و وازهێنانە لە دەربڕینی ناڕەزایی...!! ئێستا زانیت نێوان ئەرکی عەقڵ و ئەرکی لاشە چەندە؟"

ئەم ئەرکەی عەقڵ زۆر قورس و گرانە، کە نەپرسێ و بێدەنگ بێت، (**إنّا سنُلقي عَلَيك قولاً ثقيلاً**﴾، ئەوەتا ئەبینی زانایەکی وەك (**ابن الجوزي**) بە ئاشکرا دان بەوەدا دەنێ کە ماندوو بووە لەژێر ئەو بارەدا.. بەڵام بەندایەتی تەنیا ئەو ملکەچییە نییەو بەس، بەڵکو دەبێ ئەو تەواوی ملکەچییە ئاوێتە بێ لەگەڵ تەواوی خۆشەویستیدا، (**ابن تيمية**) لە (**العبودية**)کەیدا ئەم مەسەلەی بە درێژی ڕوون کردووەتەوە. دوور نییە بپرسی چۆن تۆ ئەتوانی کەسێکت خۆشبوێ کە نەوێری لە هیچ کارێکی بپرسی: بۆ (؟) و لە زۆرکاریشی حاڵی نەبی؟!

مرۆڤ یا کەسێك باش باش دەناسێ، ئیتر ناسینەکەی لە ڕێگەی زانستەوە بێت یا لە ڕێگەی چەشتن، پاش ئەم ناسینە، پەی بەوە دەبا کە ناکرێ کاری نابەجێ بکاو هەرچی دەکا بێ هۆ نییە، لەم کاتەدا ملکەچی دەبێ و خۆشیشی دەوێ، چونکە سروشتی مرۆڤ وایە، کەسی دانا و زانای خۆش دەوێ، یان مرۆڤ بە هۆی هەندێ ڕووداوەوە کەسێکی خۆش دەوێ، زۆری خۆش دەوێ، ئەوکات هەرچی بکات، لێی ناپرسێ بۆ وات کرد؟ هەر بیریشی ناکەوێ کە لێی بپرسێ، چونکە هەموو شتی یار لای دڵدار پەسەندو بێ عەیبە... لێرەوە دەرکەوت کە خۆشەویستی و ملکەچی تەواو، بەبێ یەك نابن.

کە تۆ لە دڵەوە باوەڕت بە بوونی ئەو ویستە کرد کە لە پشتی ئەم سروشتەوە جیهان ئاڕاستە ئەکا، ئیتر لەبەردەمیدا عەقڵ خۆی لە بیر ئەچێ!! عەقڵ تەنیا کاری گەورە و سەرەکی ئەوەیە کە ئەو بە تۆ بناسێنێ و دەستی تۆ بگرێ و بتبات بۆ لای ئەو، کە گەیاندیتی ئیتر ئەویش وەك باقی ئەندامانی لاشە ئیشی دەبێتە گوێڕایەڵی و بەس، لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی نامێنێ... لەبەر نووری جەماڵ و گەورەیی ئەودا عەقڵ دەحەپەسێ و واقی وڕ ئەمێنێ:

لە هەرجێیەك هەڵێ خورشیدی عیشقی گوڵ ڕوخان (مەحوی)!

ئەگەر عەقڵی ببێ، لەو جێگە، ئاونگی عەقـــــــــــڵ چبکا؟!

(مەحوی)

پادشایەك بە دەروێشێکی وت: "ئەو کاتەی لە دەرگای خوا نزیك دەبیتەوە، یادم بکە!"

وتی: "کاتێك من بگەمە ئەو حەزرەتە و شەوقی هەتاوی جەمالی لە من بدا، من خۆم لەبیر نامێنێ، چۆن یادی تۆ بکەم؟"

(فيه ما فيه)

له دلّی خۆمداو له جیاتی هەر خوێنەرێکی ژیر بەگژی خۆمدا ئەچم و بە خۆم ئەڵێم: ئەمە هەندێ قسەی زلە و لە خەڵکی ترت بیستوەو دەیگوازیتەوە، یان هەندێ عارف راستە ئەمەیان چەشتووە، بەڵام ئێمە ئەو حاڵ و وەجدەمان لە کوێ بوو؟! بەڵام هەر خۆم وەڵامی خۆم ئەدەمەوە کە: ئەگەر زۆریش نەبێ هەرشتێکم چەشتووە و قسەی ئەو گەورەپیاوانەش کە ئەزموون دیدەن خۆی جێی ئەوەیە سوودی لێ ببینی، کورد وتەنی: "کەبابیشمان نەخواردبێ، بە دەستی خەڵکەوە بینیومانە"!

ئەوجا ئەوە حەقیقەتێکە جگە لەوە چارێك نییە، بینراوە و دەبینین کە ئاسوودەیی راستەقینە لای هیچ کەسێك نییە، ئەو کەسە نەبێ کە خۆی تەسلیمی حەق کردووە، ملکەچیی بۆ خوا و سەرقاڵی بە بەندایەتی ئەو تاقە کلیلی کامەرانییە... هەر کەس لەمە باشتری پێیە با درێغی نەکاو بیخاتە روو، بە مەرجێك خۆی کامەران بێ و لە دەستی دڵەڕاوکێ و خەفەت رزگاری بووبێ، نەك وەکو (دیل کارنگی) دوای دانانی سەدان رێگە بۆ کامەرانی و دڵنیایی.. خۆی بکوژێ!!

یەك بەیەکی ئێمە، ئێستا، لە دەستی خەفەتێك دەناڵێن کە نازانین سەرچاوەکەی چییە، دکتۆر خۆزگە بە جوتیار دەخوازێ و کرێکار بە خاوەن کارو نەفەر بە شۆفێرو شۆفێر بە نەفەرو گوندنیشین بە شاری و شارنیشین بە لادێیی و هەروا.... کەس بە جێگە و کار و حاڵی خۆی رازی نییەو ئاواتی بارو گوزەرانی ئەوی تر دەخوازێ... روو لەهەرکێ دەکەی شەکوای دەردی خۆیت لادەکا، هەموو خۆزگە بە ساڵانی رابردوومان دەخوازین، لە ئابڵوقەی ئابووری و بارو گوزەرانی گرانیدا لە ئێستە خۆشحاڵ و چالاکتر بووین، بۆ؟! تەنانەت ئەم خۆزگە خواستنەمان بە رابردوو وای لێکردووین ئەوەندە بەدبین و رەشبینی کردووین، ئەزانین (گومان ئەبەین) کە ئەمرۆمان لە سبەینێ خۆشترە و سبەی سەد ئەوەندەی ئەمڕۆ بەدبەخت و چارەڕەشین!!

بۆ (داهاتوو) وا ئەڕوانین:

لەبەرشەقی
بێدادییا
ڕووت و پەرپووت
هەڵدەلەرزێ
ڕۆحی بێبەرگ و
بێنازم..
لە چاوی سبەینێمەوە
ڕۆژی
سەد جار
خۆزگە بە ئێستەم
ئەخوازم!

هێمن خورشید ـ (دیوانی شووشە)

ئیمەی ئادەمیزاد لەوەتەی عەقڵمان کردووە بە فەرمانڕەوای هەموو ژیانمان وامان لێهاتووە! لەو کاتەوەی واتێگەیشتووین عەقڵ خۆی هەموو شتە و پێویستی بە ڕێنوێنی هیچ کەسی تر نییە، حاڵمان ئاوای بەسەر هاتووە...ئەوجا کام عەقڵ؟ عەقڵی ئازاد؟ نەخێر! عەقڵی ماددی، عەقڵی بەندە، عەقڵی سوودپەرست و بەرژەوەندیخواز...ئێمە خۆمان لە کارگەلێکدا هەڵئەقورتێنین کە هیچی لێ نازانین، ئەوجا بە دەستی گێلی خۆمانەوە گیر ئەخۆین و خەم دامان دەگرێ و لە خۆمان و ژیان بێزار ئەبین. ئێمە ئەبێ نەهێڵین عەقڵ لەبەرەی خۆی زیاتر پێ درێژ بکا...وتمان عەقڵی ماددی.

لێرەدا هەندێ قسەی تری مەولانای روومی کە لە **(فیه ما فیه)**دا نووسیویەتی دەگوازمەوە:

ئەقڵ تەڵاق بدە... ئامان مەڵێن کە تێگەیشتین! هەرچەند پتر تێگەشتبی و لەبەرت کردبێ، لە تێگەیشتن گەلێك دووری، تێگەیشتنی ئەوە: تێنەگەیشتنە، بەڵاو چارەڕەشی و بێبەشی تۆ لەبەر ئەو تێگەیشتنەیە. ئەو تێگەیشتنە بەندی تۆیە، لەو تێگەیشتنە دەبێ رزگار بی هەتا ببی بە شتێك!

تۆ دەڵێی کە: "من مەشکەم لە دەریا پڕکردووە و دەریا لە مەشکەی مندایە! ئەمە مەحاڵە، بەڵام ئەگەر بڵێی کە مەشکەی من لە دەریادا ونبوو، ئەمە باشەو ئەسڵ ئەمەیە".

"ئەقڵ ئەوەندە باش و مەتلوبە کە تۆ بباتە بەردەرگای پاشا. کە گەیشتیتە بەردەرگای ئەو، ئەقڵ تەڵاق بدە، کە ئەو کاتە ئەقڵ زیانی تۆیە و ڕێگرە، کە گەیشتیتە ئەو، خۆت تەسلیمی ئەو بکە! تۆ کارت بە چۆن و چلۆن نییە. بۆ وێنە: نەخۆش، ئەقڵی ئەو ئەوەندە باشە کە ئەو ببات بۆ لای تەبیب، کە بردیە لای تەبیب، دوای ئەوە، عەقڵی ئەو لەکاردا نییەو دەبێ خۆی تەسلیمی تەبیب بکا".

ئەو (مولانای روومی) بە نموونەیەك ئەوە روون دەکاتەوە، کە حەق تەعالا (ئەگەر وردبیتەوە) ئەیبینی، بە جێ دەستی نەك بە زات.. ئەڵێ: "لە سەردەمی مستەفا، کافرێك غوڵامێکی هەبوو مسوڵمان و خاوەن گەوهەر. بەرەبەیانێك، خاوەنەکەی فەرمووی کە بوخچە بپێچەوە بچینە حەمام!

لە ڕێدا، مستەفا لەگەڵ سەحابە لە مزگەوت نوێژیان دەکرد، غوڵام گوتی: ئەی خواجە، ئەم بوخچە تاوێك بگرە هەتا نوێژی دووانە بکەم، دوای ئەوە لە خزمەتتدام!

کاتێك چووە نێو مزگەوتەوە، نوێژی کرد، مستەفا هاتە دەرو سەحابەکانیش هاتنە دەرەوە. هەر بە تەنیا غوڵام لە مزگەوت ماوە. خواجەکەی هەتا چێشتەنگاو چاوەڕووان بوو و بانگی دەکرد کە: ئەی غوڵام، وەرە دەر!

گوتی: نامهێڵن!

کاتێك لە رادە تێپەڕی، خواجە سەری لە مزگەوت نا هەتا ببینێ کێیە کە نایهێڵێ. جگە لە کەوش و سێبەرێکی نەدیت و کەس نەدەجوڵاوە گوتی: ئاخر، کێیە کە ناهێڵێ تۆ بێیەدەر؟

گوتی: ئەو کەسەی کە ناهێڵێ تۆ بێیە ژوور، خۆی (لە راستدا) کەس ئەوەیە کە تۆ نایبینی!!

مرۆڤ هەمیشە عاشقی ئەو شتەیە کە نەیدیوە و نەی بیستووە و تێی نەگەیشتووەو شەو و رۆژ داوای دەکا: "بەندەی ئەوەم کە نایبینم" و لەو شتەی کە تێگەیشتووە و دیتوێتی مەلوولە و لێی رادەکا. لەبەر ئەوە کە فەلاسیفە بینین (بینینی خوا) رەد دەکەنەوە: چونکە دەڵێن: لەوانەیە لێی تێر بی و مەلول بی، ئەمەش رەوا نایە. سوننییەکان دەڵێن کە: ئەوە کاتێکە کە ئەو بەیەك جۆر خۆ بنوێنێ، چونکە بە دەمێك سەد جۆر خۆ دەنوێنێ و بگرە سەد هەزار خۆ دەردەخا، کە قەت یەکیان بە یەك ناچێ.

مەولانا دوای دوو دێڕ قسە کردن لە سەر خوا و قورئان (کە کەلامی ئەوە) بە هێنانەوەی نموونەیەك لە ژیانی پێغەمبەر، باس لەوە ئەکا: کە گەیشتن بە خوا و بە دەستهێنانی کامەرانی تەواو باجێکی قورسی هەیە، ئەبێ دەسبەرداری خۆت و ئارەزووەکانت بی لەبەر ئەو، دوای ئەمە ئەگەی بەو، کە گەیشتی ئیتر ئەو تۆ بەرنادا: "تۆ جارێك بڵێ (خودا!) و ئەوسا، لە سەری سوور بەو بوەستە، هەتا تەواوی بەڵاکان بەسەرت داباریێن".

یەکێك هات، بە مستەفای گوت "إنّي أُحبك" تۆم خۆش ئەوێ.

گوتی:"وریابە کە دەڵێی چی!".

دیسان دووپاتی کردەوە: "إني أُحبك".

گوتی: "وریابە کە دەڵێی چی". گوتی: "إني أُحبك".

گوتی: "ئێستا بووەستە کە بە دەستی خۆت دەتکوژم! هاوار بە حاڵت!".

نموونەیەکی تر ئەهێنێتەوە لە سیرەی پێغەمبەرو شەرحێکی درێژی دەکات و زیاتر ئەوەی وتم روون دەکاتەوە:

یەکێك لە سەردەمی مستەفا، گوتی کە "من ئەو دینەی تۆم ناوێ، وەڵڵا نامەوێ، ئەو دینە وەرگرەوە. ئەوەندە کە لەسەر دینی تۆ بووم، رۆژێك نەحەسامەوە: ماڵم چوو، ژنم چوو، منداڵم چوو، حورمەتم نەما و پیاوەتی و شەهوەتم نەما".

گوتی: "حاشا! چونکە دینی ئێمە بچێ بۆ هەرکوێیەك هەتا لە بن و بنەڕەتەوە هەڵینەکێشێ و ماڵەکەی گسك لێنەداو راینەماڵێ، ناگەڕێتەوە".

چ مەعشوقێکە؟ هەتا لە تۆدا موویەك لە خۆشەویستی خۆت تێدا مابێتەوە، رووی خۆی نیشانی تۆ نادا و لایەقی وەسڵی ئەو نابی و وەخۆیت ناگرێ، دەبێ بە تەواوەتی لە خۆت و لە عالەم بێزار ببی و ببی بە دوژمنی خۆت، هەتا دۆست رووت تێبکات. ئێستا دینی ئێمە لە نێو دڵێك کە قەراری گرت، هەتا ئەو بە حەق نەگەیەنێ و ئەوەی کە ناپێویست و خەوشە لێ جوێ نەکاتەوە، دەستی لێهەڵناگرێ.

پێغەمبەر فەرمووی: "لەبەرئەوە نەحەسایەوە و غەم دەخۆی، چونکە غەمخواردن رشانەوەی خۆشییەکانی پێشووە. هەتا لە گەدەی تۆدا لەو شتێك مابێتەوە، هیچت نادەنێ کە بیخۆی".

لە کاتی رشانەوەدا کەس هیچ ناخوا. کاتێك لە رشانەوە بووەوە ئەودەم تەعام دەخوا. تۆش سەبرکەو غەم بخۆ! کە غەمخواردن رشانەوەیە. دوای رشانەوە، خۆشییەك سەرهەڵدەدا کە غەمی تێدا نەبێ، گوڵێك کە دڕکی پێوە نەبێ، مەیەك کە خوماری بەدواوە نەبێ.

ئاخر، لە دونیا، شەوو رۆژ داوای ئاسودەیی و حەسانەوە دەکەی و پێکهێنانی لە دونیادا مومکین نییەو سەرەڕای ئەوە یەك دەم بێ داوا نیت. ئەو راحەتییەش کە لە دونیادا دەستی دەخەی وەك بروسکێکە کە تێدەپەڕێ و نامێنێتەوە، ئەویش چ بروسکێك؟ بروسکێکی پڕگلێرە، پڕ باران، پڕ بەفر، پڕ مەینەت..

بۆ وێنە کەسێك بە تەمای ئەنتالیایە و بەرەو قەیسەریە دەچێ. هیوادارە بگاتە ئەنتالیاو هەوڵ دەدا، کەچی مومکین نییە بەم رێگەدا بگا بە ئەنتالیا، ئیللا ئەوە کە بە رێگەی ئەنتالیادا بڕوا، هەرچەند شەل و زەعیفیش بێ، دیسان دەیگاتێ، چونکە ئاکامی رێگا ئەمەیە.

تۆ دەڵێی کە: ئەی موحەمەد، دینەکەم وەرگرەوە! چونکە حەسانەوەم نییە. جا بۆ دینی ئێمە کەسێك بەردەدا، هەتا بە ئامانجی نەگەیەنێ؟!

دەڵێن مامۆستایەك لەبەر نەداری لە وەرزی زستاندا، جوببەیەکی کەتانی لەبەر کردبوو. سەیلاو (لافاو) ورچێکی لە کوێستان دەپاڵ خۆی دابوو (لەگەڵ خۆی هێنابوو) تێیدەپەڕاندو سەری کەوتبووە بن ئاو. منداڵەکان پشتیان دیت و گوتیان: "مامۆستا، ئەوەتا کەوڵێك لە جۆبار کەوتووە و تۆ سەرماتە، بیگرە!"

مامۆستا لەبەر رادەی نیازو سەرما، خۆی بە ئاودا دا کە کەوڵ بگرێتەوە، ورچ توند چنگی لێداگرت، مامۆستا لەئاودا ئەسیری ورچ بوو.

منداڵەکان بانگیان دەکرد کە: مامۆستا! یا کەوڵەکە بێنە یا ئەگەر ناتوانی بەری بدە و خۆت وەرەوە!

گوتی: "من کەوڵ بەردەدەم، کەوڵ من بەرنادا، چ بکەم؟"

(فیه مافیه)

تێبینی ئەوە بدەم کە ئەو قسانەی مەولانا جەلالەددین هەندێ ئیشارات و عیباراتی سۆفیانەی تێدایە، کە ئەگەر کەسێك شارەزا نەبێت بە هەڵە لێیان حاڵی ئەبێ، جا پێویستە لە مەغزاکەی باش حاڵی بیت، ئەگەرنا خۆتی لێ کەرِ کە، وابزانە ئەو چەند دێڕەت هەر نەبیست!!

داستانی خەفەت خواردنی ئێمە و دڵتەنگیمان زۆر بەو داستانە دەچێ کە دەگێڕنەوە، لە ناوچەیەك تیمێکی (سیرك) (گروپێك لەوانەی یاری سەیروسەمەرە دەکەن بۆ گاڵتە و خۆشی) جێگیر بوون و ماوەیەك مانەوە، کابرایەك چووە لای دکتۆرێکی ئەو ناوچەیە و شکاتی دەردی دڵتەنگی خۆی بردە لای.. پزیشکەکەش ئەوەی بۆ پێشنیاز کرد، کە سەردانی ئەو گروپە بکاو بچێتە سەیری یارییەکانیان، بە تایبەت دەلغەکێکیان لەگەڵە (کابرایەکی نوکتەچی کە لاسایی زۆرشت دەکاتەوە) قسەی زۆر خۆشەو خەمی مرۆڤ دەرەوێنێ. نەخۆشەکە وتی: قوربان! ببەخشە، من ئەو دەلغەکەم کە دەڵێی!!

ئەوانەمان کە خەڵکی هەڵدەپەڕێنن و خەریکی بەزم و شایین، لە هەموان دڵتەنگترن، ئێمە نازانین لە کوێدا بە دوای دەرماندا بگەڕێین، کامەرانی لە جێیەك بزر بووەو ئێمە لە جێیەکی تر بۆی ئەگەڕێین!

دەگێڕنەوە: جارێکیان کابرایەك چاوی بە مەلا نەسرەددین دەکەوێت کە لەبەر مانگەشەو لە سەربانی خانووەکەیان دێت و دەچێت و چاوی بڕیوەتە بەرپێی خۆی، کابرا لێی پرسی: ها مامۆستا! شتێکت لێ ونبووە؟ وتی: بەڵێ. کابرا پرسی: لە کوێت ون کردووە؟ وتی لەژێر زەمینی خانووەکەمان! کابرا بە سەرسوڕمانەوە پرسی: ئیتر بۆچی لێرە دەگەڕێی؟! وتی: هەرچۆنێك بێت ئێرە روناکترە و پیاو بەرچاوی خۆی دەبینێ!

تاچەند توانیومانە لەگەڵ ئەو ئیرادەیەدا هەڵکەین کە لە سەرووی گەردوونەوەیە؟ تا کوێ ئێمە گوێڕایەڵی ئەو هێزمین کە بوون و ژین دەسوڕێنێ؟ هەر کارێك کە دیویێکی ئاسمانی هەبێ و مەبەست لە ئەنجامدانی ڕەزامەندی پەروەردگاری دروستکار بێت، ئەو کارە ئەبێتە هۆی ئاسودەیی و ئارامی، ئەوەی ڕەوشت کردی: زیان بەخۆگەیاندن نەبوو، ئاسودەکردنی دەروونی خۆی بوو، دڵخۆشکردنی مرۆڤەکەی ناخی خۆی بوو.. ئەمانە و دەیان نموونەی ژیانی خۆمان ئەوە سەدپات ئەکەنەوە کە هەرکەس باوەڕی بە رووح نەبێ و وابزانێ مرۆڤ (یا ئادەمیزاد) تەنیا جەستە و حەزی ماددییە و بەس، ئەوە تا سەر ئێسقان لە هەڵەدایەو هەرچی ئەڵێ لە گەڕەلاوژەیەك زیاتر هیچ نییە!

مرۆڤی ناوناخی ئادەمیزاد فوویەکی خوایی و ئاسمانییە و هەرکارێك بۆ خوا بکرێ ئەو مرۆڤە شادمان ئەکا.. لە رۆژگاری گرانیدا (کە هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی ئەوکات دڵخۆشترو دڵنیاتر بووین لە ئێستا) کاتێك تۆ نانی دوو رۆژت هەبوو و دراوسێکەت نانییەك ژەمیشی نەبوو، تۆ ئەچووی نانی رۆژێکی خۆتت بۆ دەبرد، ئیتر روونە دەبێ ئاسوودە بیت، چونکە کارێکی خواپەسەندانەت ئەنجام داوە، لێرەشەوە مرۆڤەکەت یا مرۆڤبوونت رەنگی خۆی بەدەست هێناوە، شادمان و چالاك بووە. تۆ کە چاکەیەك بەرامبەر کەسێك ئەکەیت، ئەگەر مرۆڤبوونت لەدەست نەدابێ، خۆشحاڵی تۆ زیاترە لەو کەسەی چاکەکەی بەرامبەر دەکەیت!

برادەرێکی نزیکم هەیە، ناوی (یادگار)ە، خەڵکی هەولێرە، مرۆڤدۆست و چاکەکارە، کەم کەس لە برادەران ئەم ناخە پاکەی ئەویان دەناسی، بەڵام من هەرزوو (سەرەڕای هەندێ قسەی سەیروسەمەری) پەیم بەم دەروونە بێگەردەی برد، رۆژێك لەگەڵی چوومە (غسل) تا ئۆتۆمبیلەکەی بشوات، منداڵێك کە بۆیاخچی بوو، هات و پێی وتین کە پێڵاوتان بۆیاخ ناکەن؟ من وتم: نا، بەڵام برادەرەکەم بە (بەڵێ) وەڵامی دایەوە، دوای ئەوەی بۆیاغەکە تەواو بوو، منداڵەکە وتی بە (150) دینارە، یادگار (500) دیناری پێدا، منداڵەکە وتی: وەستا راوەستە با باقی پارەکەت بۆ بێنم، ئەو وتی ئەودوای پارەکەش بۆ خۆت! چاوم لە منداڵەکە بوو بە راکردن چووە لای هاوڕێکانی و چەندجار ئەوەی دووبارەکردەوە کە: "ئەو وەستایە (500) دیناری لۆ بۆیاغی دامێ"! یادگار کە بە وردی سەیری دیمەنی شادمانی منداڵەکەی دەکرد، لەسەرخۆ وتی: خوا ئەزانێ ئێستا من زیاتر دڵم خۆشە تاوەکو ئەو منداڵە!

سەید قوتب لە (**أفراح الروح**)دا باسی ئەم مەسەلەیە ئەکا، من لێرەدا وەرگێڕانەکەی (هێمن خورشید) بۆ (**أفراح الروح بإسعاد الآخرين**) ئەگوازمەوە: "شادییەکانی رۆح بە دڵخۆشکردنی خەڵکی: ئەزموونی ژیان فێری کردووم، هیچ شتێك لەم ژیانەدا ناگا بەو شادییە رۆحییە گەورەیەی کە لە کاتی دڵشادکردنی خەڵك، یان دڵدانەوەی خەڵك، یان بەخشینی هیوا و شادی و دڵنیایی بە دەروونی خەڵکدا دەستمان دەکەوێت! بە راستی شادییەکی ئاسمانی سەرسوڕهێنەرە، دووورونزیك پەیوەندیی بەم زەمینەوە نییە، ئەوە وەڵامدانەوەی توخمە ئاسمانییەکەی ناو دەروونمانە، ئەو هیچ پێویستی بە پاداشتێك نییە لە دەرەوەی خۆیەوە بۆی هێنرابێت، چونکە پاداشتەکەی هەر لەناو خۆیدایە!

کێشەیەکی تر هەیە کە هەندێ کەس دەم لە باسکردنی دەکوتن لە کاتێیکدا هیچ فڕی بەم بوارەوە نییە، ئەویش بابەتی پێزانینی کەسانی ترە بەو چاکانەی بەرامبەریان دەیکەین.

هەوڵ نادەم نکۆڵی لەو جوانییە بکەم کە ئەم پێزانینە لە خۆیدا هەڵگرێتی، لەو شادییە زۆرەی کە ئەم دانپێیانانە دەیبەخشێت بە خاوەنەکەی، بەڵام ئەمانە (هەموو) شتێکی ترن، بابەتەکەی ئێمە لێرەدا بابەتی شادییە، ئەبێ بزانین چاکەکردن دەنگدانەوەیەکی رووکەشیانەی نزیکی لە دەروونی کەسانی ترەوە هەیە، بەڵام ئەم شادییە لەوە زۆر زۆر کەمترە، چونکە ئەمە لە رەگەزی ئەو شادییەی تر نییە، کە بە تەنیا هەستی پێدەکەین، لەو ساتەوەختەی دڵنەوایی کەسێك دەکەین یان شادی و ئومێد و دڵنیایی دەخەینە دەروونی کەسانی ترەوە! ئا ئەمە ئەو شادییە بێگەردە تەواوەیە، کە لە دەروونمانەوە

هەڵدەقوڵێت، بۆ خۆیشی دەگەڕێتەوە، بەبێ ئەوەی پێویستی بە توخمێکی دەرەوەی دەروونی خۆمان هەبێت، ئەو پاداشتی خۆی بە تەواوەتی وەرگرتووە، چونکە پاداشتەکەی لەناو خۆیایەتی!".

پێغەمبەران سەراپای ژیانیان خزمەتی خەڵك بوو، بۆیە بەردەوام ئاسوودە بوون، ئەوان پەیکەرێك بوون لە خزمەت، لە خۆبووردەیی، لە فیداکاری، خەمەکانی ئەوان گەورە بوون، هەر بۆیە دڵنیاو سینەفراوان بوون، ئاخر خەمی گەورە چێژێکی رووحی گەورەی تێدایە، چێژێك کە تەنیا کەسێك لێی حاڵی ئەبێ، کە چێشتبێتی! چێژی راستەقینە ئەوەیە ناخی ئێمە هەستی پێئەکا، مرۆڤبوونمان پێی ئەحەسێتەوە، نەك جەستە.. ئەم قسانە کەس ئەوەی لێنەخوێنێتەوە کە مەبەست لێیان پشتگوێ خستنی جەستەو لاشەی مرۆڤە، نە.. بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە دەروون و ناخ گرنگترە و ئەسڵ ئەوەو لاشەش شایانی خزمەت و پاراستنە لەبەرئەوەی هەڵگری ئەو رووحەیەو بێ لاشە رووحیش لەم دنیادا مانای نابێ، لاشەش هەر خەڵاتی خولقێنەری کاربەجێیە.

ئەوانەی بە رووکەش چێژ لە ژیان ئەبینن و خۆشی دەگوزەرێنن، هەم دەروونیان ماندوو دەکەن و هەم لەشیان شەکەت، هەمیش دڵیان تەنگ ئەکەن.. ئەوانەی خەریکی سەماو خۆسوڕاندن و ئارەزووبازین هەردەم لە خۆیان ئەترسن و لە دەستی خۆیان هەڵدێن! بەر لە هەموو کەس خۆیان رقیان لە خۆیانە! ئەی نابینی یەك سات بە تەنیا ناسرەوون و چرکەیەك لەگەڵ خۆیانا هەڵناکەن؟!

چێژی راستەقینە و ئاسودەیی تەواو ئەوەیە کە مرۆڤ لە تەنیاییدا، کاتێك بەس خۆی و خۆیەتی، هەستی پێئەکا.. نازانی کە پێغەمبەرەکان و شوێنپێهەلگرەکانیان هەموو ئاواتیان ئەوە بووە و ئەوەیە کە ساتێك دەرفەتی خەلّوەت و بەتەنیامانەوەیان هەبێ و بۆیان برەخسێ کە دوور لە قەرەبالّغی تاوێك دانیشن؟ سەماکاران تا تەنیاتربن خەمۆکترو دلّتەنگترن، بەلاّم ئەمان (پێغەمبەران و شوێنکەوتەکانیان) تا تەنیاتر بوونایە ئاسودەترو دلّنیاتر دەبوون! ئاخر پێغەمبەران هەست بە مەعییەتی خوا ئەکەن، هەمیشە وا هەست ئەکەن و دلّنیان کە خاوەنی بوونیان لەگەلّە، ئەو کەسەی کە دەچێتە ناو مولّکێکەوە هیچ شتێك وەك ئەوە ئارامیی بۆ ناهێنێ، کە خاوەنی مولّکەکەی لەگەلّ بێ.. لەگەلّبوونی هەموو دنیا ناگاتە لەگەلّبوونی ئەو و قەرەبووی نەبوونی ئەو ناکاتەوە...

تەنیایی، نامۆیی.. زۆر ترسناکە، تۆقێنەرە، خنکێنەرە، دەردی تەنیایی و غەریبی، یا جودایی و دابڕان زۆر گران و کوشندەیە، مرۆڤ قەت لەناو مادەدا ئارام ناگرێ چونکە تەنیایە، نامۆو غەریبە، ئەلکسیس کاریل و جان پۆلّ سارتر دوو شایەتی باش بوون کە لە سەرەتاوە باسی قسەو راکانیانمان کرد لە نامۆبوونی مرۆڤ لەم شارستانییەتە ماددییەدا، ئەگەر گوزەرێك بکەین بە نێو چەند چوارینەیەکی باباتاهیری عوریاندا و لەگەلّێدا دەردی تەنیایی و جودایی بچەژین و بە دوای دەرماندا بگەڕێین و شوێنی فیترەت و مرۆڤەکەی ناخمان کەوین، راستییەکی زۆر بەلەزەتمان بۆ دەرئەکەوێ: باباتاهیری هەمەدانی هەست بە ئازارێکی زۆر ئەکاو پەی بە بەدبەختی خۆی ئەبات و ئەگاتە ئەو ئەنجامەی کە گەردوون ئازاری ئەداو هەر ئەمەشی ئەوێ!

فــلك کی بشنوه آه و فغونم؟
بــه هر گردش زنه آتش به جونم
یك عمری بگـذرونم باغم ودرد
بــکـام دل نــگـردد آســـــونم

واتە: "گەردوون کەی ئەبیسێ ئاه و فوغانم؟ بە هەر سووڕێکی ئاگرێك بەرئەدا لە گیانم.. تەمەنێکم تێپەڕاند بە غەم و دەردەوە، جارێکیش بە دلّی من نەسوڕا ئاسمانم"!

دوایی بۆی دەرئەکەوێ کە دەردی ئەم غەریبی و تەنیایی و دابڕانە، چارەو بەخت نییە:

دلا! أز دست تنهایی بجونم
ز آه و نالهء خود در فغونم
**شبانِ** تار أز درد جدائی
کـره فریـاد مغز أستخونم

"ئەی دلّ! لە دەستی تەنیایی گەشتووتە گیانم.. لە ئاه و نالّەی خۆمدا لە فوغانم.. شەوانی تار لە دەردو ئێشی جووداییدا.. ئەکاتە هاوار مەغزو کرۆکی ئێسقانم"!

پاش ئەمە روونی ئەکاتەوە کە ئەو تەنیاییەی ئەم باسی ئەکا بە زۆربوونی هاوڕێ و برادەری زەمینی ناڕەوێتەوە، ئەو ناسیارو هاودەردێکی ئەوێ کە لە جیهانی بالاّدا هاودەمی ئەم بێ:

أزیزان أز غم و درد جدائی
به چشمونم نمونده روشنائی

گرفتارم بـدام غربت و درد

نه يارو همدمى، نه آشنايى

(ئەزيزان! لە غـەم و دەردى جودايى، لە چاوانما نەمـاوە رۆشنايى.. گرفتارم بە دامى غـوربەت و دەرد، نەيارو هاودەمـێ، نە ئاشنايێ). لەم چوارینەدا رووی دەم ئەكا لە ئازیزانی، كەوابوو هاوڕێ و ئازیزی هەیە، بەڵام تینوێتی بە كەسیان ناشكێ!

ئەگەر لەگەڵ ئەم عاریفە خواناسەدا بڕۆین و لە گەشتەكەیدا هاوڕێیەتی بكەین، ئەزانین و لە نیوەی ڕێدا تووشی نائومێدی ئەبێ و ئەگا بەو قەناعەتەی كە دەردی تەنهایی ئەم، ئەوەندە كارییە كە هیچ دەواو چارەیەكی نییە:

سرى ديرم كه سامانش نميبود

غمى ديرم كه پايانش نميبود

أگر باور ندارى، سوى من أى

ببين دردى كه درمانش نميبود

"سەرێكم هەیە كە بێ سامانە، غـەمێكم هەیە كە بێ پایانە.. گەر باوەڕ ناكەی وەرە بۆ لای من، ببینە دەردێ كە بێ دەرمانە"!

دوای ماوەیەك لە گەڕان و رامان، باباتاهیر گوڵستانێك بەدی ئەكات و وا هەست ئەكات كە هاودەمی ئەو لەو گوڵستانەدایە، بەڵام لەو باوەڕەدا نییە بیگاتێ، بۆیە دەناڵێنێ و پاساویش بۆ ناڵەكەی دێنێتەوە كە دوورییە لەو گوڵانەی كە لەو گوڵستانەدان:

مـن كه أز سوته دلانم چون ننالم؟

من كه أز بى حاصلانم چون ننالم؟

نشستـه بلبـلان بـــا گل بنالند

مـــن كه دور أز گلانم چون ننالم؟

"من كە لە دڵ سوتاوانم چۆن نەناڵم؟ من كە لە بێ حاسڵانم چۆن نەناڵم؟ لەگەڵ گوڵدا دانیشتوون بولبولان و ئەناڵن، من كە دوور لە گوڵانم چۆن نەناڵم"؟!

لە هەنگاوێكی تردا واهەست ئەكا، دڵی، بە بێ پرسی ئەو شوێنی دڵدارو هاودەمەكەی ئەكەوێ، بۆیە باباتاهیر سەروشوێنی دڵە شێتۆكەكەی نازانێ:

نـميدونم دلم ديونهاى كيست؟

أسير نرگس مستونهاى كيست؟

نـميـدونم دل ســرگشتهء مـــا

كجا ميگرددو در خونهاى كيست؟

"نازانم دڵم دێوانەی كێیە، دیلی نەرگسی مەستانەی كێیە؟ نازانم دڵەی سەرگەردانی من، لە كوێ ئەگەڕێ و لە خانەی كێیە"؟

لەپڕ ئەبینین باباتاهیر هاودەمێكی هەمیشە ئامادەو دۆستێكی بە ئاگاو نەمر ئەدۆزێتەوە و لە هەموو خەڵك بێ منەت ئەبێ:

خـــــداونـدا بـــه فــريــاد دلم رس

كس بى كس تواى، من مانده بى كس

همــه گوینـد کــه **طاهــر** کس نداره
خــــدا یــارِ منــــه، چ حـاجــت کس؟
"خودایه! بگه به فریای دڵم، کەسی بێ کەس تۆی، من ماوم بێ کەس.. هەمووان ئەڵێن کە تاهیر کەسی نییە، خودا یارو دۆستی منه، چ حاجەتی کەس"؟
دوایی خەمی ئەوە ئەخوات کە ئەم دۆستە شیرینەی لە دەست دەرچێ و بەردەوام خەمی رەزامەندیی ئەو ئەخوات و ئەم خەمە هەموو خەفەتەکانی تری لەبیر ئەباتەوە:
سه غم آمد به جانم هر سه یکبار
غـــریبی و أسـیری و غم یـار
غـریبی و أسیری چاره دیـــرن
غم یــار و غم یــار و غم یـار
(سێ خەم بەربوونە گیانم بە یەکجار، غەریبی و ئەسیری و غەمی یار، غەریبی و ئەسیری چارە دەکرێن، خەمی یارو خەمی یارو خەمی یار)!
ئەم خەمی رەزامەندیی دۆستە، ئەو خەمە گەورەیەیە کە بە هیچ شادییەکی رووکەش ناگۆڕدرێتەوە، ئەم خەمە خولقێنەری ئارامیی دەروونی و بەرزی هیممەت و دڵنیاییە. هەر کەس رووگەیەکی نەگۆڕی دۆزییەوەو زانی هەموو ژیان و رووداوەکانی بە دەستی یەك کەسە و ئەو کەسەش دۆست و یارە، ئیتر بە هیچ نرخێ دەسبەرداری نابێ:
**بُوَد** دردم و درمـونم أز دوست
**بُوَد** وصلم و هجرونم أز دوسـت
أگر قصاب هم زِتن واکره پوست
جدا هرگز نگرده جونم أز دوست
(دەردو دەرمانم بە دەستی دۆستە، وەسڵ و هیجرانم بە دەستی دۆستە.. قەسابیش پێستم لە لەش کاتەوە، هەرگیز گیان لە یار جیا نابێتەوە)!
پاش هەموو ئەمانە ئەم پیاوە عەودالەی کە چەندین ساڵە بە دوای حەقیقەتدا وێڵ بووە، ئەوەندە چێژ لەم کەشفە دەبا، ئەوەندە تامی خۆشی ئەم لیقاو لەگەڵدابوونەی لە لا شیرینە، کە خۆزگە بەو کەسانە ئەخوازێ کە یەك ساتیش لە زاتی حەق جیا نابنەوەو هەمیشە خەریکی راز و نیازن لەگەڵ ئەودا:
خوشا آنان که (**اللّه**) یارشان بی
که (**حمد**) و (**قل هواللّه**) کارشان بی
خوشـــا آنان کـه دایم در نمازند
بهشت جــاودان بـــازارشان بی
(خۆشی بۆ ئەوانەی کە (**اللّه**) یاریانە، کە (**حمد**) و (**قل هو اللّه**) کاریانە... خۆشی بۆ ئەوانەی کە بەردەوام لە نوێژدان، بەهەشتی نەبڕاوە بازاڕیانە).
هەرکەس ئەم لەگەڵدابوونە هەست پێنەکاو مەعیەتی ئیلاهی نەچەژێ، بە هیچ شتێك دڵشاد نابێ، هەمیشە بێزارە و بۆنی شادمانیش ناچێ بە لوتیا، با جێگە بگۆڕێ، خانوو، خواردن، جل و بەرگ، ... هیچ لەمانە دەردی تەنیایی چارە ناکەن، (هەردی) شاعیر لە شیعرێکیدا بە ناوی (بێ ئارامی) باس لەم دەردە ئەکاو ئەڵێ:
ئاخ وداخ و دەرد، لە دەست تەنیایی،

پەشێوی بێ حەد، دەردی بێ دوایی،
ئەم سەرسامییە،
بێ ئـــارامـــییە،
دڵ نـــاكـــامییە،
كەی دێ كۆتایی؟
* * *
بۆ هەر كوێ ئەچم پێی خراپترم...
ناسرەوێ دڵەی پڕ لە ئاگرم......!
نە لە نـاو گوڵزار،
نە لای خزم و یار،
نە لە دەشت و شار،
ئۆقرە نـــاگرم...!
* * *
لە دەست شار هەڵدێم، ئەچمە ناو گوڵزار،
لەوێش هەڵناكەم، دێمـەوە نــاو شار!
وەك ئارام نەماو،
دڵ و پێ ســوتاو،
خانەی خەو رووخاو،
لە دنیا بێزار......!
* * *
كە بە تێكەڵبوون، وەها بێزارم،
بۆچ بە تـەنیایی: پەشێوە كارم،
بۆ وەك رەنجـــەڕۆم؟
وەڕس بووم لە خۆم؟
بۆ هەر كوێ ئەڕۆم،
دڵ بێ قـــەرارم؟!
هەروەك ئەحمەد مەتەری شاعیر ئەڵێ:
**كل مساءٍ ألتقي**
**أخلَصَ أصحابي**
**أفتَحُ بابي صائِحاً:**
**أهلاً بأحبابي.**
**و قَبلَ أن أغلقهُ..**
**أحضنُ صوتي**

**والصَّدی**

**وفتحةَ البابِ!**

واتە: "هەموو ئێوارانێك لەگەڵ دڵسۆزترین هاوڕێکانمدا بەیەك دەگەین، دەرگای ژوورەکەم دەکەمەوەو هاوار دەکەم: سڵاو لە خۆشەویستانم، پێش ئەوەش کە دەرگاکە دابخەمەوە، دەنگی خۆم و دەنگدانەوەکەی و جێ کلیلی دەرگاکە لە باوەش دەگرم".

(محەمەد عومەر عوسمان)یش ئەڵێ:

سەدەها سەگ پێم وەڕیوە..

کەڵبەی تیژیان لەو دەستانەما نوقم کرد

کە نانی تیا بوو نەوەك بەرد

درەختە پاییزییەکانیش منیان جێهێشت

کە دڵی سەوزم دیاریی بوو نەك گەڵای زەرد

فەرامۆشم..

فەرامۆشم وەك تارژەنێکی مەزنی..

نیشتەجێ بووی شارێکی کەڕ

فەرامۆشم..

فەرامۆشم وەك زەنگی ئەو کەنیسەیەی..

بووبێتە بنکەی سەربازیی و زەخیرەی شەڕ

(لە غوربەتا، ل117)

پەروەردگار روونی کردووەتەوە کە ئەو لەگەڵ ئێمەیە، نایەوێ سەرسام و بێ ئارام و دڵ ناکام و دڵ و پێ سوتاو و رەنجەڕۆ و بێزارو بێقەرار بین، ئەم لەگەڵدابوونەی خوا بۆ ئێمەی مرۆڤ هەمیشەییەو نەبڕاوەیەو لە هەموو شوێنێکدایە... دوای ئەم کورتە باسە لەسەر دەردی تەنیایی، چەند شیرینە کە گوێت لە ﴿**هُوَ مَعَكُم أَينَما كُنْتُم**﴾ الحدید:4، بێت ئەو لەگەڵتانە لە هەرکوێ بن.

**﴿ما يَكونُ مِن نَجوى ثَلاثَةٍ إلّا هو رابِعُهُم ولاخَمسَةٍ إلّا هوَ سادِسُهُم، وَلاأدنى مِن ذلكَ ولا أكثرَ إلّا هُوَ مَعَهُم أينَما كانوا ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بما عَمِلوا يَومَ القيامَةِ إنَّ اللهَ بِكُلِّ شيءٍ عَليمٌ﴾ المجادلة:7.**

"سێ کەس نییە چپە بکەن بەیەکەوە خوا چوارەمیان نەبێت، پێنج کەس نییە ئەو زاتە شەشەمیان نەبێت، لەو ژمارانە کەمتر یا زیاتریش نییە، کە ئەو لایان نەبێت و ئاگادار نەبێت بە سرتە و چرپەیان، لە هەر شوێنێك بن و لەهەر کوێدا بن ئەو هەر لەگەڵیانە، پاشان لە رۆژی قیامەتدا ئاگاداریان دەکاتەوە بە هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامیان داوە، چونکە بە راستی خوا بە هەموو شتێك زانایە"، ئەم ئایەتانە چەند ئادەمیزادە تاوانبارەکان ئەتۆقێنێ و ئاگاداریان ئەکاتەوە، کە کاری خراپە مەکەن، چونکە لەگەڵتانین و پێی ئەزانین، هەر ئەوەندە و زیاتر دڵنەواییەکە بۆ باوەڕداران و ئەو مرۆڤانەی کە هەست بە نامۆبوون ئەکەن و لە دنیادا بە دەستی تەنیاییەوە دەناڵێنن، کە خەفەت مەخۆن، ئێمە لەگەڵتانین، هەرکەسیش خوای لەگەڵ بێ (کە خاوەنی گەردوون و بوونە) ناکرێ خەفەت بخوا.. (محمد) کە لە دەستی بێباوەڕان و دوژمنانی پەیامەکەی لە مەککە هەڵهاتبوو، تەنیا ئەبوبەکری هاوڕێی لەگەڵ بوو، کە دوژمنان لێیان نزیك بوونەوەو گەیشتنە بەردەمی ئەو ئەشکەوتەی کە خۆیان تێدا حەشار دابوو، ئەبوبەکر (کە لە چاو (محمد)دا) هێشتا پلەیەکی نەبڕیبوو لە جیهانی عیرفاندا،

کەمێك ترسا و خەفەتی خوارد کە کارمان لەنگ بوو، (محمد ﷺ) کە تەواو مەعییەتی خوای لەمس دەکردو لەگەڵبوونی ئەوی هەست پێئەکرد، بە ئارامیی دڵنەوایی کردو پێی وت: ﴿...**لا تَحزنْ إنَّ اللَّهَ مَعَنا**﴾ **التوبة**:40، خەفەت مەخۆ، دڵنیابە خوامان لەگەڵە.

هەر لە ئەنجامی ئەمەدا بوو:﴿**فأَنزَلَ اللَّهُ سكينَتَهُ عَلَيهِ وأَيَّده**...﴾ (ئەوسا ئیتر خوا ئاسودەیی و ئارامی دابەزاندە سەری و پشتگیری و بەهێزی کرد..)

هەرکەس باوەڕی بەم لەگەڵدابوونەی خوا هەبێ، هەمیشە هەست بە بەرزو بڵندی خۆی ئەکاو رەواش نییە بۆی، لە کاتێکدا ئاوا بەرزە، کە خەفەت بخواو ورەی بڕوخێ و نائومێد بێ ﴿**ولا تَهِنوا وَلا تَحزَنوا و أَنتُمُ الأَعلَوْنَ إن كُنتُم مؤمِنين**﴾ **آل عمران**:139، کۆڵ مەدەن و خەفەت مەخۆن، لە کاتێکا ئێوە بەرزو باڵاترن، ئەگەر باوەڕداری تەواون.

**کێیە کە لەم ئایەتانە(وەك خۆی) حاڵی ئەبێ؟!!**

شادی و ئاسودەیی ئەوەیە کە لە تەنیاییدا هەستی پێئەکەی، نەك لەناو قاڵەو هەراو زەنای خەڵکیدا... کاك ئەحمەدی موفتی زادە ئەڵێ:

لە جەرگەی جەمی یارانی گیانی
تۆم نەبێ هێشتا خۆم پێ تەنیایە
تۆم هەبێ تەنیا لە ئینفرادی
لێم جەمە هەرچی خۆشی دونیایە

فەیلەسوفەکان لە فکری ئاسودەکردنی کەسدا نەبوون، ئەوان بە دەستی خەفەت و ئازاری ناخی خۆیانەوە دامابوون، فەیلەسوفی داماو بە شوێن وەڵامی پرسیارە کەڵەکەبووەکانی ناومێشکیدا ئەگەڕێ، کەچی هەر هەڵپە ئەکا و هیچی دەست ناکەوێ، مەگەر بگەڕێتەوە سەر ڕێگەی پێغەمبەران... ئەوان نەگەشتوونەتە ئاسوودەیی تەواو، مەگەر ئەوانەیان کە عارفیشن، لەگەڵ فەلسەفەکەیاندا تێکەڵ بە عیرفانیش بوون... فەلسەفە ئەوەڵ و ئاخیر بۆ خوا ئەگەڕێ، گەڕانە بە شوێن ئەودا و هیچی تر... کەڵەکەکردنی دەیان پرسیارە، کە عەقڵی رووت، عەقڵی دونیەوی، کە خۆی بە هەموو شت ئەزانێ وەڵامی تاقە پرسیارێك لەو پرسیارانەی لا دەست ناکەوێ... وتمان: عەقڵ هەر بۆ ئەوە باشە و تا ئەوێ بە کەڵك دێ کە بتگەیەنێ بە ئەو، پێت بڵێ ئاسوودەیی لە گوێڕایەڵی و خۆشەویستی ئەودایە، پەیامی پێغەمبەران وەڵامی هەموو ئەو پرسە فەلسەفیانەی تێدایە، وەڵامی هەرچی پرسیاری چارەنووسسازی تریش کە پێ ئەچێ بە مێشکی هیچ فەیلەسوفێکدا نەهاتبێ... ئەرکی هەموو مرۆڤێکە کە شوێنی قسەی کەسێك بکەوێ (بۆ گەیشتن بە ئارامی) کە خۆی ئارام و ئاسوودە بێت و بە شادی گەشتبێ، نەك گوێ بۆ قسەی کەسێك شل کات کە خۆی سەرگەردان و شێت و حەیران بێ و لە دواییشدا یان دڵی بتەقێ یان خۆی بکوژێ یان بەشێتی بمرێ!!

بڕۆ کتێبێك بخوێنەوە، کە لێی بوویتەوە، تەژی بی لە چالاکیی، پڕپڕ بی لە ئارامی... نەك کتێبێك، کە تەواوت کرد سەری دونیات لێ بێنێتە یەك، تروسکاییەك لە ژیانتدا نەهێڵێ، مادام تۆ مەحکومی بە ژیان لەم گەردوونەدا، ئەی بۆ ئەم چەند رۆژەی تەمەنت بە دڵنیایی و خۆشی بەسەر نەبەی؟! فەیلەسوفەکان لە هەموو چاخ و زەمانێکدا جەخت لەسەر ئەوە ئەکەنەوە کە خەڵکیی خێریان تێدا نەماوە و فەوتاون و مرۆڤێکیان تێدا نەماوە... (محمد)ی خاوەن پەیامیش جەخت لەسەر ئەوە ئەکاتەوە کە هەرکەس وابڵێ، ئەوە خۆی فەوتاوە و بێ خێرە زیاتر لەوانەی کە باسیان ئەکا..یان بەم قسەیەی بووەتە هۆی فەوتانن و لەناوبردنیان: **"مَنْ قال هَلَكَ الناسُ فهو أهلكُهُم"** (**أهلَكُهُم**) بۆرە (ضمة) لەسەر کافەکەیە، (**اسم التفضيل**)ە. واتە: هەرکەس بڵێ خەڵکیی فەوتان، ئەوە خۆی لە هەموویان فەوتاوترە! لە ریوایەتێکی تردا هاتووە، کە ئەو پێغەمبەرە گەشبینە فەرموویەتی: **"مَنْ قال هَلَكَ الناسُ فهو أهلَكَهُم"** (**أهلكَ**) کرداری رابردووە بە واتای: ئەو لەناوی بردوون و بووەتە هۆی فەوتانیان! بەم پێیە ئەو فەیلەسوفانەی خەریکی گەڕەلاوژەن و هەموو خەڵکیی بە ئاژەڵ و بێ عەقڵ و بێ هەست ئەزانن" لە هەموو خەڵکە گێلەکان گێلتر و لە هەموو فەوتاوەکان فەوتاوترن... خەڵکیی، زۆر کەسیان تێدایە، بە فیترەتی پاکی خۆیان دەرکی ئەوە ئەکەن کە ئیرادەیەکی داناو بە توانا هەیە کە بوون و ژیان بەڕێوە ئەبات و ئەشزانن کە ئەو زاتە لەوە مەزنترو گەورەترە کە عەقڵی ئەمانە لە خۆی بگرێ... کەچی زۆرێك لەوانەی کە پێیان ئەوترێت فەیلەسوف ئەم راستییەیان لێ شاراوەیە و شەو و رۆژ لە هەوڵی ئەوەدان بە عەقڵ لە خوا حاڵی بن و دەرکی کونە و زاتی ئەو بکەن، کاك ئەحمەدی موفتی زادە لە (مەولونامە)کەیدا لە زمانی منداڵیی پێغەمبەرەوە ئاوا ئەگێڕێتەوە:

خوایــە ناشکوری نــاکەم، بم بەخشە　　ئەزانم کارت بێ عەیبە و لەخشە

من چــەم لــە مولکی پــەڕنادیـارت　　کــە سەر دەربێرم لە راز کارت؟!

دایکم راسی ئەوت، بەڕەحمەت خوابێ　　حەتمەن کاری تۆ، بێ حیکمەت نابێ

هەر بۆیە خۆیشی (موفتی زادە) کە دەرکی ئەم راستییە ئەکا، شانازی بەوەوە ئەکا کە خوایەکی هەیە ئەوەندە مەزنە کە ئەم ناتوانێ سەر لە کاری دەربکا:

بنازم ـ خوایە لـ بە رازی کارت　　بە نەزمی سەیری پڕ لە ئەسرارت

نووسەری پەرتووکی (زنجیرەی ناودارانی ئیسلامدا)، لە کتێبی یەکەمدا کە لەسەر مەولانای رۆمی نوسیویەتی، ئاوا چەند قسەیەکی مەولانامان بۆ دەگوازێتەوە: "بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ئەم عەقڵە کورتبڕەم تاقیی کردەوە، کە جگە لە

هەستپێکراو هیچی تر نابینێت و عەقڵیشی بە رووکەش نەبێت بە هیچی تر ناشکێت، کەچی خەڵکیی بەم عەقڵە دەڵێن (عەقڵێکی حەکیمانەی دووربین)!

هەرکەسێك وەك من عەقڵی تاقیکردبێتەوە، هەر وەکو منیش شۆڕش بەرپا ئەکا دژی ئەم عەقڵە، لەبەرئەوە زۆر بە گرنگی دەزانێت: خۆبەرەڵاکردن لە کۆت و زنجیرو دەرچوون لە سنوری ئەم عەقڵە کورتبڕە"

"قاچی پیاوی خاوەن مەنتق لە دار تاشراوە و قاچی لەدارتاشراویش پارچە تەختەیەکە کە نە نەرمی تێدایەو نە توانایشی هەیە"!

دووبارە ئەڵێ: "ئەوانەی خەریکی لاسایی کردنەوەن، وەکو توتی بەڵگەی فەیلەسوف و ژیربێژان دووبارە ئەکەنەوە و ئەیلێنەوە، بە بەڵگەی ئەوان بەڵگە ئەهێننەوە، وتەیەکی وشکی مردووی بێ گیانە و ژیانی تێدا نییە، چونکە لە دڵێکی مردووەوە دەردەچێت، چۆن وتەی مردوو کارتێکردن و بەروبوومی دەبێت کە لە مردوویەکەوە دەرچووبێت"؟

مەولانا (وەك ئەو نووسەرە ئەڵێ) باوەڕی بە بوونی عەقڵی ئیمانی هەیە، کە دەکرێ ناو بنرێ (عەقڵی عەقل)، ئەم عەقڵە بۆی هەیە کە ببێتە مەشخەڵی مرۆڤ و ڕێی پیشان بدا، بەڵام عەقڵی جەستە مرۆڤ گومڕا ئەکا... دەربارەی فەیلەسوفان ئەڵێ: "فەیلەسوف شارەزاییەکی زۆری هەیە دەربارەی زانستی بونەوەر و لە مەعلومات سامانێکی زۆری کۆکردۆتەوە، بەڵام تا ئێستا نەزانە بە نەفسی خۆی، خاسیەتی هەریەکە لە (جوهر) و (**عرض**) زۆرباش دەزانێت، بەڵام لە ناسینی نەفس و نرخی خۆی نەزانتر و گومڕاترە لە گوێدرێژەکەیماڵی خۆی. ئەو نرخ و بایەخی هەموو شتێك دەزانێت، بەڵام نرخی نەفسی خۆی نازانێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕۆحی زانست و جەوهەری زانین و ناوەڕۆکی حیکمەت ئەوەیە کە پیاو نرخ و بەهای خۆی بزانێت، ئامانجی دروست بوونی چییە بیزانێ، هەڵوێستی لەگەڵ بەدیهێنەری ئەم جیهانە و داهاتووی پاش مردنی دەبێ چۆن بێت؟"

هەربۆیە زۆرێك لە فەیلەسوفان دوای گەڕانێکی بێ سەمەرو ماندووبونێکی لەخۆڕا، گەشتوون بە ئامانجی ئەوەی کە: "خۆزگەم بە پیرەژنێکی نەخوێندەوار"!!

کەسێك لافی ئەوە لێنەدا کە فەیلەسوفەکانی بوونگەرا هەوڵی گەڕانەوەی هەموو بەهایەکیان داوە بۆ مرۆڤ... گەورەترین ئیهانەو گاڵتە کە بە مرۆڤ کرابێ ئەوە بوو کە ئەو فەیلەسوفانە کردیان، بە مرۆڤ بڵێی: "ئاژەڵ، سەگ، کەر..." هێشتا لەوە باشترە پێی بڵێی "خوا"! ئادەمیزاد (ئاژەڵێتی) پێ ئەکرێ (ئەگەرچی زۆر خۆشیشی لێ نەبینێ)، بەڵام یەك چرکە و یەك سات (خوایەتی) پێ ناکرێ! بە مرۆڤ بڵێی: "گامێش.. تیمساح" زۆر کەمتر ریسواو بێ نرخت کردووە لەوەی پێی بڵێی: (خوا).

مرۆڤ کە خۆی لێ بووە ئاژەڵ یا خوا، ئیتر خولیایەکی بۆ ژیان نامێنێ، پەیامێکی بۆ مان بەدەستەوە نامێنێ... بەڵام کە خۆی ناسی، نە کەمتر لە خۆی و نە زیاتریش ئەو کاتە بە کاری خۆی هەڵئەسێ: پەرستش و گوێڕایەڵی گردگاری گەردوون. بەم شێوەیش ئەبێتە کەسێکی گەشبین، خاوەن پەیام، تۆخمێکی کارا لە ئاوەدانکردنەوەی سروشتدا.. ئیتر یەك لەحزە بێ یادی ئەو و بێ کارکردن بۆ رەزای ئەو ناسرەوێ، توانای یادنەکردن و نەبینینی نامێنێ... ئەمەش ئەبێ بیچەشی، ئەگەرنا کەس توانای وەسفکردنی ئەوی نییە:

دل کە خوکرد بە کسی، دل بریدن أزاو مشکل است

مــدتی بـا أو سربــردن و ناگە ندیدن مشکل است

مــن چــە گویم أز کمـالش تــا بدانی کیست أو؟

دلـــبر نـادیــدە را توصـــیف نمـودن مشکل است!

(دڵ کە بە کەسێکەوە هۆگر بوو، دابڕان لێی گران و سەختە، ماوەیەك لەگەڵبوونی و دوایی نەبینینی سەخت و کێشەیە...من چی بڵێم دەربارەی کەماڵی تا بزانی کێیە ئەو؟! وەسفکردنی دولبەرێکی نەبینراو کارێکی قورس و ئاڵۆزە).

لێرەوە ژیانی خۆشئەوێ، چونکە خەڵاتی ئەوە، رەواش نییە بۆی کە دوعای مەرگ و کۆتاییهاتنی ئەم قۆناغەی ژیان بکا لای ئەو.."**لا يَتَمَنَّيَنَّ أحدُكم الموتَ**" -حديث- کەستان ئاواتی مردن مەخوازن. کە مەرگیش بە ویستی خوا هات، ئەوە دیسان خۆشەویستە وەك موژدەیە بۆ باوەڕدار: ﴿**مَنْ كانَ يَرجو لقآءَ اللهِ فَإنَّ أجَلَ اللهِ لآتٍ**﴾ العنکبوت:5، "ئەوەی کە ئاواتەخوازە بە دیداری خوا شاد بێت، با دڵنیا بێت کە کاتی دیاریکراوی خوا و ساتی سەرەمەرگ هەردێت"!

لەم ژیانەشدا هەرچی تووش بێ لە ناڕەحەتی و سەختی وای لێناکەن لەکار بکەوێ، بەڵکو بەو زانستەی دەربارەی سیفاتی خوا هەیەتی کە زاناو داناو بەسۆزو رەحمە، ئیتر ئارامگر و ملکەچە لەبەردەم قەدەری ئەودا، ئەمەش نەك لە دەست و پێ کەوتبێ، بەڵکو بەرامبەر ئەو رووداوانە ملکەچە کە بە هیچ شێوەیەك توانای گۆڕینیانی نییە، بۆیە لە خەمۆکی رزگاری ئەبێ و لە نائومێدی قوتاری ئەبێ... (**ابن الجوزي**) لە (**صيد الخاطر**)دا ئەڵێ: "بیرم لە حاڵێکی سەیر کردەوە، ئەویش ئەوەیە کە خوای گەورە ئەم لەش و لارەی بە تۆکمەیی و لەسەر یاسای حیکمەت و کاربەجێیی دروست کردووە.. ئەم دروستکراوەش بووەتە بەڵگە لەسەر تەواوی هێزو توانای ئەو و ناسکی دانایی، دوایی ئەگەڕێتەوە و هەمووی هەڵئەوەشێنێتەوە، ئەمەش وائەکا کە عەقڵ سەرگەردان و مەدهۆش بێ، پاش ئەوەی ملی دا بۆ داناییەکەی و لە نهێنی ئەم کارەی دوایی دائەمێنێ، ئەنجا تێگەیەنرا کە دووبارە بۆ رۆژی دوایی دروست ئەکرێتەوە، ئەم پێکهاتەش تەنیا بۆ ئەوە دروستکراوە کە بە رێڕەوی زانیاریدا بڕوا، لە وەرزی سەوداشدا ئاڵوگۆڕ بکرێ.. بەمەش عەقڵەکان کەمێك هێور بوونەوە، پاشان هەندێ شتی تری لەم جۆرەیان بینی کە وردترو سەیرترن، وەك داڕوخانی لاو دوای ئەوەی جەستەی بەرەو پتەوی و کەشخەیی دەڕۆشت (هێدی هێدی لێی خورا!) لەوەش سەیرتر: منداڵێك لە باوەشی دایك و باوکیدا خەریکی گڕوگاڵە، لە پڕ خوا لێیان دەسێنێتەوە، کەسیش نهێنی ئەم بردنەوەیە نازانێ، لە کاتێکا خوا پێویستی بە بردنەوەی نییە، کەچی دایك و باوکی زۆریان پێویست بە مانیەتی. لەمەش وردترو زەریفتر: نە بردنەوەی پیرێکی پەککەوتە، کە کەس خێر لە مانی نابینێ و مانای نە مردنیشی نازانێ، مانەکەیشی بۆ خودی خۆی تەنیا ئازارو زەحمەتە.. هەر لەمجۆرە: نانبڕانی باوەڕداری عاقڵ و ژیر و دەوڵەمەندیی بێ باوەڕێکی

گەمژە و.. چەندین شتی تری لەم جۆرە، کە عەقڵ توانای هەڵهێنان و هۆبۆدۆزینەوەیانی نییە، بە واقوڕماوی ئەمێنێتەوە.. بەردەوام ئەڕوانمە کۆمەڵە ئەرکێکی ئاینی، هەرکات هێزەکانی عەقڵ دەسەوسان بوون لە دۆزینەوەی حیکمەتەکەیان، پێشتر لام جێگیر بووە کە خاوەنەکەیان حەکیم و کاربەجێیە، بۆم دەرئەکەوێ کە عەقڵ لاوازو بێ دەسەڵاتە لە دەرککردنی هەموو خوازراوێك، ئەوکات دان ئەنێم بە دەسەوسانی خۆمدا، بەمەش ئەوەی فەرزە لەسەر عەقڵ بەرامبەر ئەو ئەرکە، بەجێ دێ. خۆ ئەگەر بە عەقڵ وترا: تۆ لات چەسپا کە دروستکارو کردگاری بوونەوەر دانایە و کاربەجێیی دیارە لەوەی کە دروستی کردووە، ئایا رەواو دروستە کە دروستکراوەکەی تێکبدات، ئایا ئەمە خەوشێك نییە کە ئەکەوێتە حیکمەتەکەیەوە؟ عەقڵ بێ گومان ئەڵێ: لەبەر ئەوەی من بە بەڵگە گەیشتمە ئەوەی کە بە دڵنیاییەوە ئەو کاربەجێ و حەکیمە، دوایی سەرم لە زۆر شتی دەرنەکردو هۆی کارەکانیم نەزانی.. دان بەوەدا ئەنێم کە من لاوازو ناحاڵیم..." هەر کەسیش وابوو، هەموو ژیانی ئەگۆڕێت و ئەبێتە پارچەیەك لە چاکە و رەزامەندی و گەشبینی و مردنیش هیچ لە چالاکی و زیندووبوونی ناگۆڕێت...

مەحفوظی تۆ، کە روو لەخودا بی، لە دێوو دەد
بۆ حیرزی تۆ دەبێتە زرێ نەسجی عەنکەبوت
دڵ زیندووە بەعیشق و بژی تۆ لە مەرگ ئەمین
بەم دەردە بمرە، تا ببیە (**حَـيٌّ لا يَمُوت**)
گەر سەنگی کۆهسارە، بووە لەعلی تابدار
هەرکەس بە جەبری صەبر و حەیا خوێنی بوو بە قوت

(مەحوی)

مرۆڤ که خۆی ملکەچی خوا کردو زانی ئەرکی لەم ژیانەدا پەرستشە، ئیتر ئەبێتە توخمێکی ئیجابی و چاکەخواز و رەفتارجوان.. پەرستش واتە دڵنیایی و شادی رۆح و جیهانبینییەکی گەشبینانە.. پەرستش یانی: ئاوەدانکردنەوەی زەوی و راگرتنی بارودۆخ بە ئارامی و ئاشتی، عبودییەت بە مانای بێ کینەیی، خۆشەویستی، پەیوەندیی پتەو لەگەڵ هاورەگەزەکانت: مرۆڤ، ئادەمیزاد.. یانی تەبایی.. بە پوختی واتە: خۆ رازاندنەوە بە هەموو بەهابالاکان و خۆداماڵین لە هەموو ئاکارە دزێوو ناپەسەندەکان.. دیارترین رەنگدانەوەی پەرستشی مرۆڤ بۆ خوا (کە پەیامی بونییەتی) ئاسوودەیی دەروون و خزمەتکردنی خەڵکی دەوروبەرە...

بە چیرۆکێکی تۆلستۆی کۆتایی بەم پەرتوکە ئەهێنم، هەرچەند چیرۆکەکە کەمێك درێژە، بەلام پڕماناو چێژە:

لە شارێك لە شارەکاندا کابرایەکی پینەچی (ئیسکافی) ئەژیا، ناوی (مارتن ئەڤدیچ) بوو، ئەم کابرایە لە ژورێکی بچووکدا جێگیر بووبوو، لە ژێرزەمینی باڵەخانەیەکدا.. تەنیا پەنجەرەی ژوورەکە رووی کردبووە شەقامی گەورەی ناوبازاڕ، کە (مارتن) نەیئەتوانی لە پێ و پێلاوی رێبواران زیاتر هیچی تری لێوە ببینێ، ئەمەش بۆ مارتن بەس بوو، چونکە ئەو وای لێهاتبوو کە خەڵکی بە پێلاوەکانیاندا ئەناسیەوە! ئەو ماوەیەکی زۆر بوو کە لەو جێگەدا ئەژیاو ناسیارێکی زۆریشی پەیدا کردبوو.. بە دەگمەن جووتە پێلاوێك هەبوو لەو گەڕەکەدا کە جارێك یا دووجار نەهاتبێتە بەردەستی بۆ ئەوەی چاکی کات، هەر بۆیە زۆربەی کاتەکان بەرهەمی کاری خۆی و جێدەستی خۆی لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە ئەبینی. هەندێکی نەعلی بۆیان ئاڵوگۆڕ کردبوو، هەندێ پێلاوی پینە کردبوو، هەندێکی تری دووریبوویەوەو هەندێکیش ژێرەکانی گۆڕیبوو و روویەکی تازە یان ژێرێکی تازەی لێدابوو.. زۆر سەرقاڵ بوو و کاری باش دەڕۆیشت، چونکە ئیشی جوان بوو و غەرازی باشیشی بەکار ئەهێناو کەمتەرخەمیش نەبوو، ئەکرا پشتی پێ ببەستی، هەرکارێك بیتوانیبا بە رۆژێ تەواوی کات، تەواوی ئەکرد، بیشیزانیبا ناتوانێ راستی ئەوت بە خاوەنەکەی. هەر لەبەر ئەمانە ناوبانگی باشی دەرکردبوو، قەتیش بێکار نەئەبوو.

(مارتن) پیاوێکی چاك بوو، کاتێك پێی نایە ناو ساڵەوە و پیر بوو، بە زۆری بیری دایە رووح و دەروونی و هەوڵی ئەدا لە خوا نزیك بێتەوە. ئەو کاتێك کە لای وەستایەك کاری ئەکرد (پێش ئەوەی خۆی ببێتە وەستاو کاری تایبەت بە خۆی بکا) ژنەکەی مردو پاش خۆی کوڕە سێ ساڵییەکەی بۆ بەجێهێشت، ئەو لە هەموو منداڵەکانی تەنیا ئەم کوڕەی بۆ جێمابوو، ئەو دوای منالەکانی هەموو بە شیرەخۆری مردبوون. (مارتن) لە سەرەتادا بیری لەوە کردەوە کە کوڕەکەی بنێرێتە لای خوشکەکەی لە گوند، بەلام هەرزوو هەستی بە خەفەت کرد بۆ دابڕانی لە رۆڵەکەی، لەدڵی خۆیدا وتی: گرانە بۆ (کابیتۆن)ی کوڕم کە لە خێزانێکی نەناسدا گەورە بێت، کەوایە ئەیهێڵمەوە، با لای خۆم بێ.

مارتن وەستاکەی بەجێهێشت و ژورێکی بەکرێ گرت لەگەڵ منداڵە بچوکەکەیدا، بەلام زۆر بەختی نەبوو لەگەڵ منداڵەکانیدا، خەریك بوو کوڕەکەی بگاتە تەمەنێك کە بە کەڵکی یارمەتیدانی باوکی بێت و ببێتە پشتیوانی و رەونەق بە ژیانی ببەخشێ، نەخۆش کەوت و یەك حەفتەی تەواو لەسەر جێگا راکشاو بە دەستی (تا)وە دەینالاند، پاشان مرد.. مارتن کوڕەکەی بە خاك سپاردو چۆکی دا بۆ نائومێدییەکی گەورەو خنکێنەر، ئەوەندەی نەمابوو لە بێزاریدا کافرو بێ بڕوا بێ، بەلام هەرچۆنێك بوو، لە گەرمەی خەفەتخواردنیدا نوێژەکانی ئەکردو لە خوا ئەپاڕایەوە کە دوای کوڕە تاقانەکەی ئەمیش بمرێنێ و بیباتەوە، کەچی ئەم پیرەمێردە پەککەوتە بە زیندوویی مایەوە.

رۆژێك لە رۆژان یەکێك لە حاجیان هاتە سەردانی مارتن، مارتنیش گرێی دڵی خۆی لاکردەوە و باسی پەژارەکانی خۆی بۆ کردو وتی: وام لێهاتووە هیچ حەزم بە مان و ژیان نییە، تەنیا داوام لە خوا ئەوەیە زووتر بمرێنێ.. ئێستا من بە بێ هیچ هیوایەك لەم دونیایەدا دەژیم.

پیاوچاکەکە وەڵامی دایەوە: مارتن! بۆت ڕەوا نییە ئەم شتانە بڵێی، ئێمە بۆمان نییە نارەزایی بەرامبەر کاری خوا دەرببڕین، مادام خوا ویستی وابووە کوڕەکەت بمرێ و تۆ بمێنی، کەواتە بێ گومان ئەمە باشە، نائومێدییەکەی تۆ بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە تۆ ئەتەوێ لە پێناو خۆشبەختیی خۆتدا بژیت.

مارتن لێی پرسی: ئەی مرۆڤ بۆ چیتر ئەژی جگە لە بەختەوەریی خۆی؟!

پیاوچاکەکە وتی: لە پێناو خوادا، مارتن!... ئەو ژیانی پێبەخشیوی و ئەبێ لە پێناوی ئەویشدا بژیت. ئەگەر فێربووی بۆ ئەو بژیت ئیتر هەرگیز خەفەت ناخۆی و هەموو شت ئاسان ئەبێ لات.

مارتن ماوەیەك مات و بێدەنگ بوو، پاشان پرسی: ئاخر مرۆڤ چۆن لە پێناوی خوادا ئەژێت؟ پیاوچاکەکە وەڵامی دایەوە: ئەمەیان خوا خۆی بۆی ڕوونکردوینەتەوە، خوێندەواریت هەیە؟ کەواتە کتێبی خوا بگرە دەستەوەو بیخوێنەوە، ئەوکات ئەزانی خوا ویستوویەتی چۆن بژیت.

ئەم وشانە لە قوڵایی دڵی مارتن دا جێگیر بوون و ناخیان ئەجوڵاند.. زوو ڕۆشت و کتێبێکی پەیدا کرد، کە پیتەکانی گەورە بوون و دەستی کرد بە خوێندنەوە.. سەرەتا وا بڕیاری دابوو کە تەنیا لە ڕۆژەکانی پشوودا بیخوێنێتەوە، بەڵام هەر کە دەستی کرد بە خوێندنەوەی بینی باری دڵی زۆر سووك بوو، ئیتر هەموو ڕۆژ لێی ئەخوێندەوە. جاری وابوو بە شێوەیەك ئەچووە ناو خوێندنەوەیەوە کە نەوتی چراکەی تەواو ئەبوو و هێشتا دەروونی تێر نەبووبوو لێی، بەردەوام هەموو شەو ئەیخوێندەوە، هەتا زیاتری ئەیخوێندەوە بیری ڕوونتر ئەبووەوە کەخوا ئەیەوێ چۆن لە پێناویدا بژیت، هێدی هێدی دڵی سوکتر ئەبوو، جاران کە ئەخەوت دڵی پڕ لە خەم بوو، نرکەو ناڵەی ئەهات و بیری لە کوڕە بچوکەکەی ئەکردەوە (کابیتۆن) بەڵام ئێستا لەبەرخۆیەوە هەر "سوپاس بۆ خوا، سوپاس بۆ تۆ ئەی پەروەردگار!"دووبارە ئەکاتەوە.

لەو کاتەوە سەرتاپای ژیانی مارتن گۆڕا. ئەو جاران عادەتی وابوو لە ڕۆژانی پشوودا ئەچووە چایخانە و پێکێ دوو پێکیشی دەخواردەوە! هەندێ جاریش کە باڕی بەجێ ئەهێشت، کەمێ شەرابی نۆشیبوو لەگەڵ یەکێك لە هاوڕێکانیدا، کە زۆر سەرخۆش نەدەبوو، بەڵکو بڕێك دەبەنگ دەبوو، قسەگەلێکی پووچ و پێکەنیناوی لەدەم دەرئەچوو، ئەیخوڕی بە سەر پیاوێکدا یا جنێوی پێئەدا، بەڵام ئێستا پشتی کردووەتە هەموو شتێکی لەم شێوە و ژیانی زۆر ئارام و ڕازاوە بووە.

سبەینان دەستی بە کارەکەی دەکردو هەر کە لە کارەکەی دەبووەوە چرا هەڵواسراوەکەی قەد دیواری ژوورەکەی دائەگرت و لەسەر مێزەکەی دائەنا، لە ڕەفەکەش کتێبی خوای ئەهێناو ئەیکردەوەو دەستی ئەکرد بە خوێندنەوە، هەرکات لێی ئەخوێندەوە تێگەیشتن و بەختەوەریی زیادی ئەکردو فکری ساف ئەبوو.

جارێکیان شتێك ڕووی دا.. مارتن لە شەونخونیدا بوو، ڕۆچوو بوو لە خوێندنەوەدا، ئەو شتانەی ئەخوێندەوە کە هانیان ئەدا بۆ لێبوردەیی و هاوکاری و کاری چاکەو سوودبەخش بۆ خەڵکی.

(مارتن) ئەو چەند وشەیەی خوێندەوەو هەستی کرد خۆشبەختیی دەروونی پڕ کردووە، بۆیە چاویلکەکەی لەسەر چاوی لابردو خستییە سەر کتێبەکە، بە ئانیشکەکانی خۆی دا بە سەر مێزەکەدا، چووە ناو بیرکردنەوە لەو شتانەی خوێندنییەوە، هەوڵی دا ژیانی خۆی بەراورد بکا لەگەڵ ئەو وشانەدا و پرسیاری لە خۆی ئەکرد:

ئایا کارەکانی من لەو کارانەیە کە سوود بە خەڵك ئەگەیەنێ، کەسێك واگومان ئەکا کە بەو کارە هەستاوە کە خوا فەرمانی پێداوە، لە کاتێکدا لە ماڵی خۆیدا دانیشتووە، هەر کە بێئاگابوو جارێکی تر تووشی تاوان و گوناه دێ، بەڵام من بەردەوام ئەبم لەسەر کاری خێر، چونکە کاری چاکە خۆشبەختی ئەهێنێ.. دەسا خوایە! یارمەتیم بدە.

بیری لەو هەموو شتانە کردەوە، خەریك بوو بڕواتە سەر جێگا بۆ ئەوەی بخەوێ، کەچی دڵی نەهات کتێبەکە جێبێڵێ، بۆیە درێژەی بە خوێندنەوەکەی دا لە بارەی چاکەخوازی و سەردان کردنی چاکان و ئەولیاو فریشتەکان بۆ لای ئەوانەی چاکەکارن.

مارتن سەری خستە سەرقۆڵی و بێ ئەوەی ئاگای بێ خەو بردیەوە، لە ناکاو گوێی لە دەنگێك بوو کە ئەیچپاندە گوێیەوە: مارتن!

لە خەو راپەڕی و بانگی کرد: کێیە ئەوە؟

لای کردە لای قاپی ژوورەکەدا کەسی نەبینی، جارێکی تر بانگی کرد.. ئەمجار بە روونی گوێی لێبوو: مارتن، مارتن! بەیانی بڕوانە شەقامەکە.. چونکە دێم.

(مارتن) هەستایە سەر پێ لەسەر کورسیەکەی و دەستی هێنا بە چاوەکانیدا، نەیزانی ئەوەی گوێی لێبوو خەون بوو یا لە بێداریدا بوو، پاشان چراکەی کوژاندەوە و لەسەر پشت راکشا بۆ ئەوەی بخەوێ. لە بەیانی رۆژی داهاتوودا، بەر لە گزنگی خۆر هەستاو نوێژەکەی خوێندو ئاگری کردەوە، شۆربای لەهانەو هەندێ نانە ساجی (ئەستورك)ی ئامادە کردو سەماوەری پێکرد، شەرواڵەکەی لە پێ کردو بەرامبەری پەنجەرەکە دانیشت بۆ دەستپێکردنی کارەکانی، چووە خەیاڵی ئەوەی کە دوێنێ شەو روویدا، کە لە پێشدا بە خەونێك لێی حاڵی بوو، هەندێ جاریش وەك دەنگێکی حەقیقی دەهاتە بەرگوێی، پاشان لە دڵی خۆیدا وتی: پێشتریش شتی وام بەسەردا هاتووە.

سەرەڕای ئەمە، بەرامبەر پەنجەرەکە دانیشت و زیاد لەوەی خەریکی کارەکەی خۆی بێ، دیقەتی سەر شەقامەکەی ئەدا، هەرکات پێڵاوێکی ئەبینی کە زۆر ناسیاو نەبوو لای، زوو دەچووە لای پەنجەرەکە و سەیری سەرەوەی ئەکرد، نەك تەنیا بۆ بینینی پێڵاوەکە و بەس، بەڵکو بۆ بینینی رێبوارەکەش. دەرگەوانی ماڵێك بەوێدا تێپەڕی کە پێڵاوێکی تازەی لە پێ کردبوو و جەوەنەیەکیشی بە دەستەوە بوو.. سەربازێکی پیری کاتی نیقۆلا، کە خاکەناسێکی بە دەستەوە بوو، لە پەنجەرەکە نزیك بوویەوە، (مارتن) بە پێڵاوە شڕە کۆنەکەیەوە ناسییەوە. ئەم پیرەمێردە ناوی (ستیڤان) بوو، یەکێك لە بازرگانەکان بەزەیی پێدا هاتبووەوە و کردبوویە خزمەتکار لە ماڵی خۆیدا، ئیشی تەنیا هاوکاریکردنی دەرگەوانەکە بوو. (ستیڤان) دەستی کردە راماڵینی بەفر لە راست پەنجەرەی ژوورەکەی مارتن. (مارتن) سەیرێکی کردو دووبارە دەستی کردەوە بە کارەکەی. لەبەرخۆیەوە وتی:

"بێ گومان من شێت بووم لەم ئاخیری پیرییەدا". دوایی دایە پێکەنین بە بیرو خەیاڵەکانی خۆی. ستیڤان دێ بۆ بەفرڕاماڵین و منیش بە فریشتەیەك دێتە پێش چاوم، کە هاتووە بۆ سەردانم! ئای لەم خرفتی پیرییە!

بەڵام دوای ئەوەی دوازدە تەقەڵی لە پێڵاوێك دا، هەستی کرد کە شتێ رایئەکێشێ بۆ سەیرکردنی پەنجەرەکە، کە سەیرێکی تری کرد، بینی (ستیڤان) خاکەناسەکەی لەپاڵ دیوارەکەدا داناوە، یان بۆ ئەوەی پشوویەك بدا، یا خۆی گەرم کاتەوە. ئەو پیاوێکی پیر و لاواز بوو، توانای راماڵینی بەفری نەمابوو.

مارتن بیری کردەوە: چی ئەبێ ئەگەر بانگی بکەم و چاییەکی بدەمێ؟ سەماوەرەکەش ئەوەندەی نەماوە بکوڵێ.

درەوشەکەی لە جێی خۆیدا چەقاندو هەستا، سەماوەرەکەی خستە سەرمێزەکە و چای لێنا. پاشان بە پەنجەی لە پەنجەرەکەی دا، ستیڤان لای کردەوە و هاتە لای پەنجەرەکە، مارتن ئیشارەی پێدا کە بێتە ژوورەوە و خۆیشی هەستا قاپییەکەی بۆ بکاتەوە.

پێی وت: فەرموو.. وەرە ژوورەوە کەمێك خۆت گەرم بکەرەوە، دڵنیام کە هەستبە سەرما ئەکەی. ستیڤان وتی: خوا لێت بەزیاد کا، وەڵڵا دڵنیابە کە ئێسقانەکانم ئازارم ئەدەن.

هاتە ژوورەوە و لە پێشدا بەفرەکانی لە خۆی کردەوەو دەستی کرد بە پاککردنەوەی پێکانی، تاکو شوێن پێی لەسەر زەوییەکە نەکەوێ، بەڵام خەریك بوو بکەوێ.

مارتن پێی وت: خۆت ئەزیەت مەدە بە سڕینی پێکانت، دوایی خۆم زەوییەکە ئەسڕم، ئەوە کاری رۆژانەمە، فەرموو هاوڕێم! دانیشەو چاییەك دوان بخۆرەوە.

ستیڤان چایەکەی خواردەوە و پەرداخەکەی لار کردەوە، نیشانەیە بۆ ئەوەی کە بەسە، ئەو قەندانەش کە مابوونەوە دایناو، دەستی کردە سوپاسکردن و دەستخۆشی کردن لە مارتن، بەڵام ئاشکرا بوو کە حەزی لێ بوو چاییەکی تر بخواتەوە.

مارتن وتی: ها..پەرداخێکی تر بگرە، یەك پیاڵەی تر چای بۆ تێکرد و دایە لاویەوە. مارتن هەر چاوی لای پەنجەرەکە بوو و سەیری شەقامەکەی دەکرد بە دەم چایی خواردنەوەوە.

میوانەکەی لێی پرسی: چاوەڕوانی کەسێکی؟ وتی ئایا چاوەڕوانی کەسێکم؟ باشە، راستی شەرم ئەکەم پێت بڵێم، چاوەڕوانی کەس نیم، بەڵام شەوی رابردوو دەنگێکم بیست ناتوانم لە خەیاڵی خۆم دوری بخەمەوە. ناشزانم راست بوو یان خەیاڵ! لە کتێبی خوام دەخوێندەوە، کە چۆن خۆشەویستانی خۆی دەنێرێتە لای خەڵکی.. وابزانم تۆش شتی لەم جۆرەت گوێ لێبووە؟

ستیڤان وتی: بەڵێ، شتێکی وام بیستووە، بەس من کابرایەکی نەزانم، خوێندەواریم نییە.

بەڵێ هاوڕێم، پێم وتی: من لەو بارەوە دەمخوێندەوە، لە خۆم پرسی: ئەگەر یەکێ لەو وەلی و چاکانە هاتە سەردانم، ئەبێ چۆن پێشوازیی لێبکەم.. لەو کاتەی بیرم لەمە ئەکردەوە، هاوڕێم، خەو زاڵ بوو بە سەرمدا، چاوم چووە خەو، هەر کە چاوم چووە خەو، گوێم لە یەکێك بوو بە ناوی خۆمەوە بانگی ئەکردم، لە خەو هەستام و وا گومانم برد کە کەسێك بە چپە پێم ئەڵێ: "چاوەڕێم بە سبەی دێمە لات"، دوو جار ئەمە روویدا، حەقیقەتت بۆ باس ئەکەم، ئیتر ئەوە تێکەڵ بە قوڵاییەکانی دڵم بوو، لەو کاتەوە چاوەڕوانیم، چاوەڕوانی ئەو میوانە ئازیزەم!

ستیڤان بە بێدەنگی سەری لەقاندەوە، ئەوەی لە پیاڵەکەدا مابوویەوە هەڵیقوڕاندو پیاڵەکەی لار کردەوە. کەچی مارتن بۆی راستکردەوە و جارێکی تر بۆی پڕکردەوە، وتی: ها چایەکی تر بخۆرەوە رەحمەتی خوات لێبێ! بیرم لەوە ئەکردەوە، کە ئەو وەلی خوایە چۆن بە ناو خەڵکیدا ئەگەڕێ و کەس ناشکێنێتەوە.. بە زۆری بە ناو خەڵکە سادەکاندا دێت و ئەچێت، هاوڕێتی مرۆڤە سادەکان ئەکاو بە زۆری خۆشەویستانی خۆی لەو کرێکارانە هەڵئەبژێرێ کە وەکو خۆمانن، ئەو مرۆڤە خاکییەکانی خۆش ئەوێ و حەزی لە مرۆڤە خۆبەزلزانەکان نییە، دەستخۆشی لە هەژارو چەوساوە و خاوەن بەزەییەکان ئەکا.

ستیڤان چایەکەی لەبیر کرد. ئەو پیرەمێردێکی بە سۆزی دلناسك بوو، بە ئاسانی فرمێسکی دەهات، بۆیە فرمێسکەکانی بەسەر گۆنایدا هاتنە خوارەوە، لە کاتێکدا کە دانیشتبوو گوێی دەگرت.

مارتن وتی: زووبە چایی تر بخۆرەوە.

بەڵام ستیڤان: ستایشی خوای کردو سوپاسی (مارتن)یشی کردو پەرداخەکەی دا بەلاوەو هەستا، وتی: زۆر سوپاس (مارتن)، بە راستی هەم خواردن و هەم ئارامیت دا بە گیان و لاشەم.

مارتن وتی: تۆ لەسەر سەرو سەر چاوی، جاری تریش وەرەوە، بە راستی من بە میوان دڵشاد ئەبم.

ستیڤان رۆشت، مارتنیش هەرچی مابووەوە لە چایەکە کردیە ناو پەرداخەکەو خواردیەوە، پاش کەمێك تفاقی چایەکەی لە کەنارێکەوە داناو دانیشتەوە سەر کارەکەی، خەریکی دوورینەوەی پشتی پاژنەی پێڵاوێك بوو، بەردەوامیش لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی ئەکرد، چاوەڕوانی پیاوچاکەکە بوو، بیری لە خۆی و کارەکانی ئەکردەوە.

دوای ماوەیەك دوو سەرباز تێپەڕین، یەکێکیان پێڵاوێکی حکومی و ئەوی تریان پێڵاویماڵەوەی لەپێدا بوو، ئینجا خاوەن ماڵ بە پێڵاوێکی بریقەدارەوە شوێنیان کەوت، بە دوای ئەمانیشدا نانەوایەك کە سەبەتەیەکی هەڵگرتبوو، هەموو ئەوانە بە لای پەنجەرەکەدا رەت بوون. پاش ئەمان ئافرەتێك بە گۆرەوییەکی سووفی و پێڵاوێکی جوتیارییەوە هات، دای بە لای پەنجەرەکەدا، بەڵام لای دیواری پەنجەرەکەدا راوەستا. مارتن لە پەنجەرەکەوە دیقەتی دا، بینی ئافرەتێکی غەریبە، لە جل و بەرگێکی کۆنەداو منداڵێکی بە باوەشەوەیە، لای دیوارەکە وەستا، پشتی کردبوو لە (با)کەو هەوڵی داپۆشینی منداڵە جگەرگۆشەکەی ئەدا، لە کاتێکدا هیچێکی وای پێنەبوو، کە لێی بئاڵێنێ و پێیەوە بپێچێ! ژنەکە خۆی جلێکی هاوینەی

شرەی کۆنی لەبەردا بوو. مارتن لە پەنجەرەکەوە گوێی لێبوو، کە منداڵەکە دەگریاو ژنەکەش هەوڵی ئەدا هێوری بکاتەوە، بەڵام هیچ سوودی نەبوو، مارتن هەستاو لە قاپییەکەوە چووە دەرێ و بە پلیکانەکەدا سەرکەوت، بانگی لێکرد:

- کچم ئازیزم.. ئازیزەکەم!

- ئافرەتەکە گوێی لێبوو، لای کردەوە.

- بۆ لەوێدا راوەستاوی و ئەو منداڵەت لەو سەرمایەدا راگرتووە؟ زووبە وەرە ژوورەوە. ئەتوانی منداڵەکەت باشتر بپێچیتەوە لە شوێنێکی گەرمدا. یاڵلا لێرەوە وەرە!

ئافرەتەکە سەری سوڕما پیاوێکی پیر بە شەرواڵێك و دوو چاویلکەوە بانگی ئەکا، بەڵام شوێنی کەوت. لە قادرمەکانەوە چووە خوارەوە و چوونە ناو ژوورە بچوکەکەوە، پیرەمێرد فەرمووی لێکرد بۆ سەر جێگاکە و پێی وت:

- ئازیزەکەم لێرە دانیشە، لە نزیکی ئاگردانەکەوە، خۆت گەرم بکەرەوە و شیری منداڵەکەشت بدە.

- شیرم نییە! لە دوێنێ بەیانییەوە هیچم نەخواردووە.

سەرەڕای بێ شیرییەکەیشی، ژنەکە منداڵەکەی نا بە سینگییەوە و مەمکی خستە دەمی. مارتن سەرێکی لەقاندەوە، چوو قاپێك و کەمێك نانی هێنا، پاشان دەمی فرنەکەی کردەوە و بڕێك شۆربای لەهانەی کردە ناو قاپەکەوە، پارچە پەڕۆیەکی لە سەر مێزەکە راخست و قاپە شۆرباکە و هەندێ نانی بۆ دانا.

- فەرموو کچە عەزیزەکەم، بخۆ، منیش خەریکی منداڵەکە ئەبم، خوا منداڵی پێ بەخشیوم، ئەزانم چاودێریی لێبکەم و رێکی بخەم.

ئافرەتەکە ناوی خوای هێناو دانیشت بۆ نانخواردن، مارتنیش منداڵەکەی لەسەر جێگاکە داناو خۆیشی لە تەنیشتیەوە دانیشت، بە زمانی تەقە تەقی بۆ ئەکرد، بەڵام باش نەیئەتوانی، چونکە دەمی ددانی تێدا نەمابوو، بۆیە منداڵەکە هەر ئەگریا.

مارتن هەوڵی دا بە پەنجەی گەمەی لەگەڵ بکا، پەنجەی ئەبردە لای دەمی منداڵەکە و بە پەلە ئەیگەڕاندەوەو چەند جارێ ئەم کارەی دووبارە کردەوە، نەشی ئەهێلا منداڵەکە پەنجەی بباتە دەمدا، چونکە پەنجەی رەش بووبوو ئەوەندە پێڵاوی پینە کردبوو..

ئیتر منداڵەکە هێورب وویەوەو چاوی هەر لای پەنجەی مارتن بوو، تا کەوتە پێکەنین، ئەمەش وایکرد کە مارتن دڵشادو خۆشحاڵ بێ.

ئافرەتەکەش دانیشتبوو، خەریکی نانخواردن بوو.. کەوتە باسی خۆی کە کێیەو لە کوێوە هاتووە؟

وتی: من خێزانی سەربازێکم، مێردەکەمیان رەوانەی شوێنێکی دوور کردووە، بەر لە هەشت مانگ، لەوکاتەوە تا ئێستا هیچم دەربارەی نەبیستووە و هەواڵی نازانم، ماوەیەك چێشتلێنەر بووم تا منداڵەکەم بوو، پاشان (لەبەر منداڵەکەم) منیان نەویست، لەوە بەدوا ئەوە سێ مانگە بە دوای ئیشدا ئەگەڕێم و هیچ کارێکم دەست ناکەوێ، ناچار بووم هەرچیم هەیە بیفرۆشم و بیدەمە خواردن، زۆریان پێوتووم کە سیس و لاواز بووم لە برسان، ئێستاش بەتەما بووم بچمە لای ژنی یەکێك لە بازرگانەکان، کە لە رێی ژنێکی خزمانەوە ناسیومە کە لەماڵیان کار ئەکا، وەعدی داوە کە لای خۆی قبوڵم کا، دڵم خۆش بوو کە باشە نارەحەتیم کۆتایی هات، بەڵام پێی وتم: تا حەفتەی داهاتوو مەیە! ماڵیان دوورە. من تەواو ماندووم و منداڵەکەشم لە برسان فەوتاوە. سوپاسی خوا ئەکەم کە ئافرەتە خاوەن ماڵەکە بەزەیی پێدا هاتووینەتەوە و بێ پارە لە خانووەکەیدا جێی کردوینەتەوە، نازانم ئەگەر ئەو نەبوایە چیمان ئەکرد؟

مارتن هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: تۆ جل و بەرگی گەرمترت نییە لەبەری بکەی؟

وتی: جل و بەرگی گەرمم لە کویێ بوو، لە کاتێکا من شاڵەکەیشم دوێنێ خستە گرەوی درهەمێکەوە!
پاشان ئافرەتەکە هەستاو منداڵەکەی گرتە باوەشەوە، مارتنیش هەستاو چوو لەناو شتە هەڵواسراوەکانی ژوورەکەیدا گەڕاو عەبایەکی کۆنی دۆزییەوە.

وتی هەرچەند کۆن و شڕە، بەس ئەم عەبایە بگرە، بە کەڵك دێ لە خۆتی بپێچی. ئافرەتەکە سەیرێکی عەباکەی کردو سەیرێکی مارتنی پیری کردو عەباکەی لێوەرگرت و.. دایە پڕمەی گریان.

مارتن لێی دوورکەوتەوە و چوو لەژێر جێگەکەدا (قەرەوێڵەکە) دەستی بردو سندوقێکی دەرهێناو دەستی خستە ناوی، دوایی گەڕایەوە بەرامبەر ئافرەتەکە دانیشت. ئافرەتەکە وتی:

ـ خوا لێت بەزیاد کات برا. گومانم نییە خوا منی ناردە بەرامبەر پەنجەرەی ژورەکەت، ئەگەرنا منداڵەکەم لەسەرمادا رەقی ئەبردەوە، کاتێك دەرچووم لەماڵ کەش و هەوا یەکجار وانەبوو، بەس ئێستا ئەبینی چەند ساردە! بێگومان خوا وای کرد تۆ سەیری پەنجەرەکە بکەی و بەزەییت بە مندا بێتەوە، منی ئافرەتی بەدبەخت!

مارتن بزەیەکی کردو وتی: راست ئەکەی، ئەو منی والێکرد ئەم کارە بکەم. تەنیا رێکەوت نەبوو وای لێکردم بڕوانمە پەنجەرەکە.

ئیتر چیرۆکی خەونەکەی بۆ ئافرەتەکە گێڕایەوە، کە چۆن گوێی لە دەنگێکی خوایی بوو، کە وەعدی پێدا بەیانی بێتە سەردانی.

ئافرەتەکە وتی:"کێ ئەزانێ. هەموو شتێ ئەشێ"! هەستاو عەباکەی دا بەسەرشانیداو منداڵەکەشی لێ ئاڵاند، سەری دانەواندو سوپاسی مارتنی کرد. مارتن پێی وت: "ئەمەش لەبەر خاتری خوا بگرە"، چەند درهەمێکی پێدا کە شاڵەکەی پێ وەرگرێتەوە، ئافرەتەکەو مارتن هەر دوو سوپاسی خوایان کرد، خواحافیزییان لەیەك کرد. دوای ئەوەی ئافرەتەکە رۆیشت، مارتن کەمێك شۆربای لەهانەی خواردو پاشان شتەکانی لەسەر سفرەکە هەڵگرت و پاکی کردەوە. دوایی گەڕایەوە سەر ئیشەکەی و دانیشت.

دانیشت بۆ کار، بەڵام پەنجەرەکەی لەبیر نەچووبوو، هەرکات سێبەرێکی هەست پێ کردبا، سەری بەرز ئەکردەوە تاوەکو رێبوارەکە ببینێ. بڕێك خەڵکی ناسیارو هەندێك کەسی نەناسراو و غەریبیش بەوێدا تێپەڕی، بەڵام کەسیان سەرنج راکێش نەبوون.

دوای ماوەیەك مارتن ژنێکی سێوفرۆشی بینی، کە لە نزیك پەنجەرەکە راوەستا، سەبەتەیەکی گەورەی پێبوو، بەڵام ژمارەیەکی زۆر سێوی تێدا دیار نەبوو، ئاشکرابوو زۆربەی سێوەکانی فرۆشتبوو. کیسەیەکی پڕ لەپارچەتەختەشی دابوو بەسەر شانیدا، کە بۆ ماڵی دەبردەوە، گومانی تێدا نییە کە ئەو پارچە تەختانەی لە شوێنێك کۆکردبووەوە کە باڵەخانەیەکی لەوێ دروست ئەکرا، دیاریش بوو کە کیسەکە ئازاری ئەدا، بۆیە ویستی لە شانێکیەوە بیگوازێتەوە بۆ شانەکەی تری، کیسەکەی لەسەر شۆستەکە داناو سەبەتەکەشی لەلایەکەوە دانا، دەستی کردە لەقاندنی کیسەکە بۆ ئەوەی تەختەدارەکان بتەپسکێنێ و لە بنی کیسەکەدا خڕ ببنەوە، لە کاتێکدا ئەو سەرقاڵی ئەو کارە بوو، منداڵێك، کە کڵاوێکی شڕەی لەسەر نابوو، بە راکردن هات و پڕی دایە سەبەتەکە و سێوێکی رفاندو ویستی هەڵبێ و بۆی دەرچێ، بەڵام پیرەژنەکە چاوی لێبوو، هەر زوو لای کردەوە بە لایداو توند مەچەکی گرت، هەوڵیدا خۆی قوتار بکا، بەڵام ژنەپیرەکە بە هەردوو دەستی قایم گرتی و دای بە تەپڵی سەریدا کە کڵاوەکەی لەسەر پەڕی، ئینجا قژەکەی گرت و رایکێشا، منداڵەکە قیژاندی و پیرەژنەکە جنێوبارانی کرد. مارتن درەوشەکەی فڕێداو چاوەڕێی ئەوەی نەکرد کە لە جێیەکەدا بیچەقێنێ، بە پەلە و راکردن رۆیشتە دەرەوە، لەسەر پلیکانەکە پێی خلیسکاو چاویلکەکەی کەوت، لەبەر پەلەکردنی. دەرچووە سەرشەقامەکە، ژنەکە هەر پرچی

منداڵەکەی توند گرتبوو رایئەکێشا، هەڕەشەی ئەوەی لێئەکرد، کە ئەیبات بۆ لای پۆلیس، منداڵەکەش هەر ئەکۆشا بۆ خۆڕزگارکردن و گلەیی ئەکردو ئەیوت: خۆ سێوەکەم نەبرد؟ بۆ لێم ئەدەی؟ بەرمدە!

مارتن جیای کردنەوە، دەستی منداڵەکەی گرت و وتی: نەنە گیان بەری بدە و وازی لێبێنە بڕوات، جارێکی تر ئەو کارە ناکات، لێی گەڕێ لەبەر خوا!

پیرەژنەکە دەستی بەردا تا بڕوات و منداڵەکەش ویستی هەڵبێت، بەڵام مارتن لێی نەگەڕاو وەستاندی، پێی وت: داوای لێبوردن لە نەنە بکە! جارێکی تریش کاری وا مەکە، من بینیمیت خەریك بوو سێوێك بدزی.

منداڵەکە دەستی بە گریان کردو داوای لێبووردنی کرد.

مارتن وتی: ئافەرین! ئەمە دروستە، ئێستا ئەم سێوە بگرە. مارتن سێوێکی لە سەبەتەکە دەرکردو پێشکەشی منداڵەکەی کردو بەپ یرەژنەکەی وت: پارەکەیت ئەدەمێ دوایی.. پیرەژنەکە وتی: بەم کارە گەندەڵتریان ئەکەی، تۆ سەر لەم منداڵە بەرەڵایانە ئەشێوێنی، پێویستە بە دار لێیان بدرێ تاوەکو بە درێژایی هەفتەکە لە بیری نەچێتەوە.

مارتن وتی: لێدان ڕێگەچارەی ئێمەیە، بەڵام ڕێگەچارەی خوا وانییە، ئەگەر ئەو منداڵە لەسەر دزینی سێوێك بەر دار بدرێ ئەبێ ئێمە لەسەر تاوانەکانمان چیمان پێ بکرێ؟

پیرەژنەکە بێدەنگ بوو. مارتنیش دەستی کردە گێڕاندنەوەی چیرۆکی ئەو گەورە پیاوەی کە لە خزمەتکارەکەی بورابوو لەو قەرزە زۆرەی لایەوە بوو، چۆن خزمەتکارەکەش دەستی نابووە بیناقاقای گەورەکەی. ئافرەتەکە گوێی بۆ هەمووی گرت و منداڵەکەش وەستابوو گوێی ئەگرت.

مارتن وتی: خوا فەرمانی پێکردووین کە لە خەڵکیی خۆش بین، ئەگەرنا ئەویش لە ئێمە خۆش نابێ، ئەبێ لە هەمووان خۆش بین، بە تایبەت ئەم منداڵە نەفامە. ژنەکە سەرێکی لەقاندو هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی:ئەمە راستە، بەڵام ئەوە زۆر رەفتاریان تێك ئەداو عەمەلیان شەڕ ئەکا.

مارتن وتی: کەواتە ئێمەی گەورەکان ئەبێ هۆکاری باشتریان بۆ بڕەخسێنین.

پیرەژنەکە وتی: ئەمە ڕێك ئەو شتەیە کە من ئەمەوێ بیڵێم، من حەوت منداڵم هەبوو، کەچی تەنیا کیژۆڵەیەکی منداڵیان لێماوە.

ئیتر پیرەژنەکە دەستی کرد بە قسەکردنی ئەوەی کە چۆن و لە کوێ لەگەڵ کچەکەیدا ئەژیان، چەند نەوەی هەیە کە ئێستا لایین، وتی: هێزێکی کەم نەبێ، توانایەکم نەماوە، لەگەڵ ئەمەشدا هەر کارەکەم لە پێناو نەوەکانمدا، ئەوان چەند منداڵێکی زۆر جوانن، کەسیش نایەتە سەردانی من مەگەر ئەو منداڵانە، کچە بچکۆلەکەیان هەر لێم نابێتەوە، دایم ئەڵێت: "ئەمە داپیرەمە، نەنێی خۆشەویستم، داپیرەی ئازیزم". لە کاتی وتنی ئەم قسەدا پیرەژنەکە تەواو دڵی نەرم بوو، دەستی درێژ کرد بۆ منداڵەکە و وتی: بێگومان کاری ئەم منداڵە ئەگەڕێتەوە بۆ کەمفامی و منداڵێتییەکەی. خوا چاوی پێوەبێ.

خەریك بوو ژنەکە کیسەکە بخاتە سەرشانی، گورج منداڵەکە داچەمی بۆی و وتی: لێی گەڕێ، من بۆتی هەڵئەگرم داپیرە گیان، منیش هەر بەم ڕێگەدا ئەڕۆم.

ژنەکە سەری جوڵاندەوەو کیسەکەی خستە سەرشانی منداڵەکەو هەردووکیان بەسەر شەقامەکەدا کەوتنە ڕێ پیرەژنەکە هەر لە بیری چوو داوای پارەی سێوەکە لە مارتن بکا! مارتن راوەستاو سەیریانی ئەکرد کە پێکەوە ئەڕۆیشتن و دەمەتەقێیان ئەکرد.

کاتێك کە لە چاو ونبوون مارتن گەڕایەوە ماڵەوەو چاوێلکەکەی لەسەر پلیکانەکە دۆزیەوە، کە نەشکابوو. درەوشەکەی هەڵگرت و دانیشتە سەر کارەکەی، بەڵام نەیتوانی دەزووەکە بە نێو کونی پێستەکەدا ببات. لەپڕ چاوی لێبوو کە

چراپێکەرەکە هات و بەسەر شەقامەکەدا ڕێی ئەکرد بۆ داگیرساندنی چراو مەشخەڵەکانی سەرجادەکە، مارتن لەبەر خۆیەوە وتی: وا دیارە کاتی داگیرساندنی چراکان هاتووە. هەستا و چراکەی خۆی پاك کردەوە و پلێتەکەی سڕی و دایگیرساندو کردی بە دارا، گەڕایەوە سەر کارەکەی. پێڵاوێکی لەبەردەستدا بوو تەواوی کردو ئەم دیوو ئەو دیوێکی کرد، بزان بە شێوەی خوازراوی لێهاتووە، پاشان هەموو غەرازەکانی کۆکردەوە و پارچە بڕاوو هەڵقاچراوەکانی گسك دا، دەزوو و درەوشەو سنارەکانی لە جێگەی خۆیان دانا، چراکەی هێنایە خوارەوە و لەسەر مێزەکەی دانا، دوایی کتێبەکەی گرتە دەستەوە و لە ڕەفەکە دایگرت. ویستی لەو شوێنەوە بیکاتەوە کە دوێنێ دیاریی کردبوو و پارچە چەرمێکی بڕاوی خستبووە توێ کاغەزەکانەوە، بەڵام کە هەڵی دایەوە چووە شوێنێکی تر و سەر لاپەڕەیەکی تر، ڕاست خەونەکەی دوێنێی بیرهاتەوە، هێشتا لە بیرکردنەوەدا بوو لەو خەونە، تا گوێی لە تەقەیەك بوو کە بە دەنگی پێ و هەنگاوهەڵگرتن دەچوو، مارتن لای کردەوە، کۆمەڵە مرۆڤێکی هاتەپێش چاو کە لە سوچە تاریکەکەی ژوورەکەیەوە وەستاون، بەڵام نەیانی ناسییەوە و لێکی جیا نەکردنەوە. یەکێکیان چپاندییە گوێیەوە:

مارتن، ئەی مارتن! نامناسیتەوە؟

مارتن لەپێش خۆیەوە وتی: تۆ کێی؟

دەنگەکە وتی: "من ئەمەتام". دوایی (ستیڤان) لە سووچە تاریکەکەوە هاتە پێشەوە، کە بزەیەکی لەسەر لێو بوو، پاشان وەکو تەمێك پەرت و بڵاو بوو و نەماو لەبەرچاو ون بوو.

جارێکی تر دەنگەکە وتی: "من ئەمەتام". ئافرەتەکە لە تاریکییەکەوە دەرچوو و منداڵەکەی دابوو بەسەر باڵیداو بزەیەکی کردو منداڵەکەش پێکەنی و دوایی دیار نەمان.

بۆ جاری سێیەم: "ئەوە منم". پیرەژنەکەو منداڵە سێوبەدەستەکە لە تاریکییەکەوە دەرچوون و هەردووکیان زەردەخەنەیان دەکرد و پاشان لەبەر چاو بزر بوون.

مارتن بەو پەڕی شادومانی و بەختیارییەوە هەناسەیەکی هەڵمژی و سوپاسی خوای کردو لەو شوێنەی کە کتێبەکە کرایەوە دەستی کردە خوێندنەوە، لە سەرەوەی لاپەڕەکە خوێندیەوە: ﴿**وَلَسوفَ يُعطيكَ ربُّكَ فتَرضى*ألَم يَجِدكَ يَتيماً فآوى*وَوَجَدكَ ضالّاً فَهدى*وَوَجَدَكَ عائلاً فأغنى*فأمّا اليَتيمَ فلاتَقهَرْ*وأمّا السّائِلَ فلاتَنهرْ*وأمّا بِنِعمةِ ربِّكَ فَحدِّث**﴾.

لە داهاتوودا پەروەردگارت ئەوەندەت پێ دەبەخشێ کە ڕازیی بی. ئایا پەروەردگارت بە یەتیمی و بێ باوکی نەیبینیت، کە گورج پەنای دایت و حەواندتیەوە؟ ئەی سەرگەردان نەبووی، ڕێنوێنی کردی و ڕێی پیشان دای؟ ئەی بە هەژاری و دەست نەڕۆشتوویی نەیبینیت، کە دەوڵەمەندو دڵتێری کردیت؟ دەی وابێ، تۆش دڵی یەتیم و بێ باوکان مەشکێنە و زیزیان مەکە، هەڵمەشاخێ بە ڕووی نەدارو سواڵکەراندا، باسی فەزڵ و نیعمەتی خوا بکە بە سەرتەوە و بەکاریان بێنە.

مارتن ئەو کات تێگەیشت کە خەونەکەی هاتووەتە دی و ئەو کاری بەوە کردووە کە پەروەردگاری فەرمانی پێداوە"[1].

---

[1] ئەم چیرۆکە لەبەشی دووەمی (حكايات تولستوی)دا هاتووە، کە (كاظم سعد الدين) کردوویەتی بە عەرەبی، وەرگێڕ لە جیاتی دەقی کتێبی پیرۆز، کە لە چیرۆکەکەدا هاتووە، ئەو ئایەتانەی قورئانی پیرۆزی نوسیوە.

# سەرچاوەکان

* بۆ ئەم نووسینە، پاش قورئانی پیرۆز، سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:


**ـ أفراح الرووح، سيد قطب.**

دار المنتقى للطباعة والنشر، سنة الطبع مجهولة.

**ـ أفكار في القمّة، خالد محمد خالد.**

الطبعة الثالثة، 1966، الناشر: مكتبة وهبة.

**ـ الإسلام ومشكلات الحضارة، سيد قطب.**

دار الشروق، سنة الطبع مجهولة.

**ـ الإنسان ذلك المجهول، ألكسيس كاريل، تعريب: شفيق أسعد فريد.**

الطبعة الثالثة، 1980، مؤسسة المعارف، بيروت.

**ـ الإنسان والإيمان، ايةالله مرتضى مطهري، ترجمة: عبدالمنعم الخاقاني.**

الطبعة الثانية، 1988/1409م، العلاقات الدولية في منظمة الإعلام الاسلامي.

**ـ إنَّــه الإنسان، خالد محمد خالد.**

فبراير 1962، الناشر: مكتبة وهبة.

**ـ الإيمان والحياة، د. يوسف القرضاوي.**

چاپ اول، چاپخانه: چاپ نهضت، 1370هـ. ش (1991م).

**ـ جهد القريحة في تجريد النصيحة، تأليف الإمام جلال الدين السيوطي.**

الطبعة الأولى، 2007م/1427هـ، دار الكتب العلمية/ بيروت.

**ـ حكايات تولستوي، الجزء الثاني. ترجمة: كاظم سعدالدين.**

الطبعة الأُولى 1992، وزارة الثقافة والإعلام، العراق ـ بغداد.

**ـ شرح العقيدة الطحاوية، تأليف الإمام القاضي إبن أبي العِزِّ الدمشقي.**

**تحقيق: د.عبدالله بن عبدالمحسن التركي و شعيب الأرنؤوط.**الجزء الأول.

الطبعة الثانية 2005/1424، مؤسسة الرسالة ـ بيروت.

**ـ صيد الخاطر، الإمام أبوالفرج إبن الجوزي.**

الطبعة الرابعة، دارالقلم العربي، سورية.

ـ عرائس المروج، جبران خليل جبران.

الطبعة الأولى، 2002، مؤسسة علاء الدين.

**ـ لافتات (شعر) ، الجزء السادس، أحمد مطر.**

الطبعة الأولى، اغسطس 1996، لندن.

**ـ المسلمون قادمون ـ ديوان شعر، د. يوسف القرضاوي.**

الطبعة الثانية، 1415هـ/1994م، دار الوفاء.

- **مفردات ألفاظ القرآن، العلامة الراغب الأصفهاني.**
الطبعة الثالثة، 1423هـ/2002م، دارالقلم، دمشق.
- **المعجم الوسيط، مجمع اللغة العربية.**
دار الدعوة، استانبول.
- **من كليات رسائل النور، رسالة أنا، سعيد النورسي، ت: احسان قاسم الصالحي.**
الطبعة الأولى 1410هـ /1990م، اوفسيت مطبعة حسام، بغداد.
- **گفتگوهای تنهایی، بخش دوم، د. عەلی شەریعەتی.**
چاپ هشتم، تابستان 1380هـ.ش، مؤسسه إنتشارات اگاه.
- **تەفسیری ئاسان، برهان محمد أمین.**
نوبت چاپ: سوم، 1380هـ.ش، إنتشارات إحسان.
- **داغستانی من، کتێبی یەکەم، رەسووڵ حەمزەتۆڤ، و. عەزیز گەردی**
چاپخانەی علاء، 1979.
- **دیوانی شووشە، هێمن خورشید.**
چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، 2007.
- **دیوانی لە غوربەتا، محمد عمر عثمان.**
چاپی دووەم، چاپخانەی رەنج، 2002.
- **دیوانی مەحوی. لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلا کریم.**
چاپی سێیەم، 2003، انتشارات کردستان بە هاوبەشی کتێبخانەی رێنما.
- **رازی تەنیایی، ئەحمەد هەردی.**
چاپی دووەم، 1984، بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.
- **زنجیرەی ناودارانی ئیسلام، کتێبی یەکەم: مەولانای رۆمی، ئازاد رەئوف.**
چاپی یەکەم، 1405هـ/1985م، چاپخانەی الحوادث، بەغدا.
- **ژیان و جیهانبینی، مسعود محمد، ئامادەکردنی: هەڵۆ بەرزنجەیی.**
چاپی یەکەم، بەرلین 1999.
- **عیرفان، برامبەری، ئازادی. د. عەلی شەریعەتی، و: هەژار.**
چاپ اول، مؤسسه سروش، ابان 1359هـ.ش.
- **فیه مافیه، مەولانا جەلالەددین محەممەدی رۆمی بەلْخی، و.عەلی نانەوازادە.**
چاپی یەکەم، 2006، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریان، هەولێر.
- **ڤستیڤاڵی هەژاری موکریانی، ئامادەکردنی: شەماڵ حەوێزی و کەریم سۆفی.**
چاپی یەکەم، 2005، بەرێوەبەرایەتی گشتیی رۆشنبیری و هونەر.
- **مرۆڤ و دەوروبەر، بەرگی دووەم، مسعود محمد**
چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1404ك، 1989ز.
- **مەولوونامە، نوسینی: کاك ئەحمەدی موفتی زادە. ئامادەکردنی: عوسمان سەنگاوی.**

چاپی یەکەم، 2005، پرۆژەی بەرنامەی گوڵستان.

*زۆر سوپاسی ئەم برادەرە ئازیزانە ئەکەم کە یارمەتییان دام:

ـ زیاد فایەق نارێنی کە لە نووسینەوەی دەقی کۆڕەکەدا ماندوو بووە. چونکە ئەم نووسینە دەقی کۆڕێك بوو، کە دوایی هەندێ شتم خستە سەر.

ـ ئەرکان محەمەد رەشید، کە هەڵسا بە تایپکردنی.

ـ برام د. هێمن خورشید، کە زۆر ماندوو بوو لەگەڵ هەڵەچنکردنی ئەم نووسینەدا، تێبینی جوان و گرنگیشی هەبوو بۆم.

ـ سوپاسی هەرکەسێکیش ئەکەم کە (ئەگەر بەدەسخۆشییەکیش بێت) هاوکاریی کردووم.

## بڵاوكراوەكانی پرۆژەی (تیشك)

| زنجیرە | ناوی كتێب | نووسەر |
|---|---|---|
| 1 | بەئیسلامكردنی كورد، ماستەرنامە یان هەڵەنامە؟ | ن: فازل قەرەداغی |
| 2 | نەزانیی و بێشەرمیی، بەشێك لە چەواشەكارییەكانی مەریوان هەڵەبجەیی لە كتێبی (سێكس و شەرع و ژن)دا | ن: عومەر كەمال دەروێش |
| 3 | ئاشتینامە، وەڵامێك بۆ (خوێننامە)ی زەردەشتی | ن: ئامینە صدیق |
| 4 | فەتواكەی مەلای خەتێ، ئەفسانەی مێژوونووسێك | ن: حەسەن مەحمود حەمەكەریم |
| 5 | صەلاحەددینی ئەییوبی، گەورەتر لە رەخنەگرانی، گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆر دكتۆر موحسین موحەممەد حسێن | ئا: ئارام عەلی سەعید |
| 6 | بەرەو بەختیاری ئافرەت "بەرگی یەكەم" | جەمال حەبیبوڵڵا "بێدار" |
| 7 | ئازادیی رادەربڕین لە رۆژئاوا، لە سەلمان روشدییەوە بۆ رۆجیە گارودی | ن: د. شەریف عەبدولعەزیم<br>و: وەرزێر حەمەسەلیم |
| 8 | بەجیهانیكردن، دیدێكی ئیسلامیی | ن: د. موحسین عەبدولحەمید<br>و: حەمەكەریم عەبدوڵلا |
| 9 | كوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا | ن: حەسەن مەحمود حەمەكەریم |
| 10 | بەرەو بەختیاریی ئافرەت "بەرگی دووەم" | ن: جەمال حەبیبوڵلا "بێدار" |
| 11 | مێژووی دێرینی كوردستان "بەرگی دووەم" | ن: فازل قەرەداغی |
| 12 | سەدەیەك تەمەنی نوورین، مامۆستا عەبدولكەریمی مودەڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە | ئا: عەبدولدائیم مەعروف هەورامانی |
| 13 | دەوڵەتی خیلافەت، بوژاندنەوەی كۆمەڵگەو گەشەسەندنی شارستانییەت | ن: ئیكرام كەریم |
| 14 | لە سەرگوزشتەكانی ژیان، ئەدەبی گاڵتەوگەپ، رووداوی مێژوویی، بیرەوەریی | ن: شێخ موحەممەد خاڵ |
| 15 | پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان رامان و سەرنجو پێشنیار | ئا: پرۆژەی تیشك |

| | | |
|---|---|---|
| 16 | بیست و سێ ساڵ سەروەریی | ن: ئەحمەد حاجی ڕەشید<br>دکتۆر صەباح بەرزنجی پێشەکی بۆ نووسیوە |
| 17 | قورئان وەحی ئاسمانە، نەك ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆی | ن: بەکر حەمەصدیق |
| 18 | ئیسلام و سیاسەت، لێکۆڵینەوەیەك لەمەڕ پەیوەندی نێوان ئیسلام و سیاسەت | ن: ئارام قادر |
| 19 | سوپای ئەییوبیان لە سەرودەمی سەلاحەددیندا<br>پێکهاتنی، ڕێکخستنی، چەکەکانی، هێزی دەریایی و شەڕو جەنگە گرنگەکانی | ن: پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین موحەممەد حسێن<br>و: عوسمان عەلی قادر |
| 20 | پوختەیەك دەربارەی ڕۆژوو | ن: عەبـــــــدوڕڕەحمان نەجمەدین |
| 21 | ڕۆڵی پرشنگداری زانا موسوڵمانەکان لە پێشکەوتنە زانستییەکاندا | ن: د. کاوە فەرەج سەعدون |
| 22 | یەکەمین دەستووری نووسراو لە جیهاندا، بەڵگەنامەیەکی گرنگی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ | ن: موحەممەد حەمیدوڵڵا<br>و: شوان هەورامی |
| 23 | ئیسلامناسیی یان ئیسلامنەناسیی، وەلامێك بۆ کتێبی (ئیسلامناسی) عەلی میرفطروس | ن: ئیکرام کەریم |
| 24 | بەرەو بەختیاریی ئافرەت<br>"بەرگی سێیەم" | ن: جەمال حەبیبوڵڵا<br>"بێدار" |
| 25 | ئیشکردن نەك تەمەڵی | عەبدولعەزیز پارەزانی |
| 26 | دوورگەی بیناسازان، چیرۆکێکی پەروەردەییە بۆ گەورەو بچووکی ئەم نەوە نوێیە | نووسینی: د. عەبدولحەمید ئەحمەد ئەبو سلێمان<br>وەرگێڕانی: ئامینە صدیق عەبدولعەزیز |
| 27 | زمانی گەردەلوول، خەونی شنە با<br>کۆمەڵە دیدارێکە لەسەر شیعر، فەرهەنگ، زمان، تەسەووف، ڕۆژهەڵاتناسی، ژن، ڕەخنەی ئەدەبی، ڕووناکبیر و دەسەڵات | فەرهاد شاکەلی |
| 28 | هەڵەبجە 1889 ـ 1930، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە | ن: عادل صدیق |

| | | |
|---|---|---|
| 29 | بەرگری لە قورئان دژی ڕەخنەگرانی | ن: عەبدوڕڕەحمان بەدەوی<br>و: وەرزێر حەمەسەلیم |
| 30 | فەرموودە هاوبەشەکانی بوخاری و موسلیم | ئامادەکردن و وەرگێڕانی: حەمەکەریم عەبدوڵلا |
| 31 | مەلا ئیدریسی بەدلیسی، ڕۆڵی لە یەکخستنی میرنشینە کوردییەکاندا | ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم |
| 32 | شێخ مەحمودی حەفید (1922 – 1925) | ن: ئومێد حەمەئەمین |
| 33 | ئیسلام لەبەردەم دوڕپیاندا | ن: لیوبو لدڤایس<br>و: عەبدول حسێن |
| 34 | ڕامیاری لە ئیسلامدا | ن: ئەحمەد کاکە مەحمود |
| 35 | وەڵامی پرسیارەکان، ڕەواندنەوەی کۆمەڵێك گومان سەبارەت بە ڕاستییەکانی ئیسلام | ن: دکتۆر کەریم ئەحمەد |